

# پشکم لە کوردایەتیدا

محەممەدی حاجی وەلی

- ناوی کتێب: پشکم لە کوردایەتیدا
- نووسـینی: محەممەدی حاجی وەلی
- بـابــەت: بیرەوەری
- دیزایینی ناوە و بەرگ: ئەحمەدی خۆشنووس
- چاپخــانە:
- تیــــراژ: (٥٠٠)دانە
- ژمارەی سپاردن:

# بەناوی خواد و کوردستان

من پیاوێکی نەخوێنەوارم، بۆم نەکرا بخوێنم، بەڵام زەینم رۆشنە، بەشداریم لە رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە و بەپێی توانای خۆم رۆڵمبینیوە و هەرگیز لە رێڕەوی کوردایەتی نەترازاوم و خراپەم دەرهەقی نەکردووە و بگرە قوربانیشمداوە بە رەنج و ماندبوونەکانم.

بەپێویستمزانی ئەو حیکایەتانەی خۆم بگێڕمەوە و دۆستەکانم بیخەنەسەر کاغەز تا چاپیبکەم و نەوەکانی میللەتەکەم ئاگایان لە رووداوەکان و خەباتی ئێمەمانان بێت.

ئومێددەکەم سوودێکم بە مێژووی کوردایەتی و شۆڕشکردن گەیاندبێ و لە هەڵە و کەموکوڕی بمانبوورن.

پێمخۆشە لێرەدا سوپاسی کاک فوئاد چاڵەڕەشیی بکەم کە قسەکانمی دەنووسییەوە و دەیخستەسەر کاغەز، هەروەها مامۆستا عەبدوڵڵا رەباتی کە خوێندییەوە و داینابوو پیابچێتەوە بۆ لەچاپدان.. ئەوان ماندووبوون، دەستیانخۆش.

من

ناوم محەممەدی وەلی حەمە عەلی کەرەمی میروەیسی محەمەد کە بە حەمەی وەلی ناوبانگم دەرکردووە، ئێمە لە تیرەی هارونی ئێلی جافین لە بنەماڵەی عەلی حەمەئەمین کە سەرۆکی تیرەی هارونی بوو.

لە ساڵی ١٩٣٢ لە جلەوگیرەی ناوچەی عەلایی خانی کرماشانی کوردستانی ئێران لەدایکبووم.. باوکم چوار ژنی هێناوە، شەش کوڕ: من و ئەحمەد و حەسەن و حسێن و لوقمان و سەرتیپ، شەشی کچیش: خاوەر و ئایشە و فاتمە و خەجێ و مەحبوبە و ئامینەی بووە.

لەبەرئەوەی دایکی باوکم ئێرانییە، کە باپیرەم کۆچیدواییکردووە باوکم لای خاڵوانی دەمێنێتەوە و بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریکدەبێ و هەر لەوێش یەکەم ژنی: رەعنا عەزیم کە جوانڕۆییە دەهێنێ کە دایکی منە.. شایانی وتنە باوکم لەدایکبووی ساڵی ١٩١٢یە.

کاتێ ئینگلیز هاتە ئێران لە ساڵی ١٩٤٧ بەیەکجاریی ئێران بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ ناو خزمانی خۆمان و لە دێی حەوشکوڕووی ناحیەی قۆرەتوو نیشتەجێدەبین و بە کاری جووتیاری و کشتوکاڵییەوە خەریکدەبین.

حەوشکوڕوو دێیەکە دوو تیرەی جافی تێدایە، هارونی و کۆیك، شوێنەواری کۆنی تێدایە.. ساڵی ١٩٨٤ نووسراوێکم پێگەیشت کە کەریم تەقی نووسیویەتی خاوەنی رۆژنامەی ئەلعەرەب لە لەندەن، ناوی پێغەمبەرەکانی هێناوە لە نوح، ئیبراهیم، مەسیح، لەمەشدا باسی حەوشکوڕوو دەکات، دەڵێ کوشتنەکەی مەسیح وابوو بە بزمار بیکوتن بەدیواردا، جوولەکەکان حوکمیاندا، کە یەکەم بزماریان لێداوە هاواردەکات: ئای باوکەڕۆ.. وشەی باوکەڕۆ لەکوردیدا نەبێ لەهیچ زمانێکیتردا نییە، بەگوێرەی ئەمە مەسیح

کورد بووە! لە بزماری دووەمدا دەڵێ: ئیلاهی بزانە چیملێدەکەن، ئیتر ڕۆحی بەرەو ئاسمان هەڵدەکێشن و تەرمەکەی لەژێر بزمارەکەدا دەمێنێتەوە و وتوویانە لە حەوشکوڕوو بینێژن بەو حیسابەی مەسیح کوڕی خوایە.

وەکو دەگێڕنەوە مریەمی دایکی مەسیح لە دوو تیرەی قادرمیرووەیسی و تایشەییە، بۆ سەلماندنی ئەمە گومەزییەك لەحەوشکوڕوودا هەبوو، وەکو هێلکە دروستکرابوو، قاپییەکی تێدابوو، لە باوکمم پرسی: ئەم گومەزییە هی کێیە؟ وتی: ئەمە هی سەرۆك تیرەی تایشەییە!

ئەو حەوشە جێگەی پەنجا وەزنە گەنم دەبێ و دوو مەتر بەرز و یەك مەتر پانبوو، بەعس هەر هەمووی تێکدا و بەردەکەشی برد، چونکە دەیزانی ئەمە مێژوویەکی دێرینی کورد دەگێڕێتەوە.

کاتی خۆی سەرەوەی مابوو، دوو ژوور بوو، مرۆڤ دەیتوانی تیابژی، لەخوارەوە قەیسەری تیابوو.. لەوەدەچێ شتی زۆریشی لەسەر نووسرابێ و شارەزاکان زانیاری باشیان لا هەبێ لەبارەیەوە.

ساڵی ١٩٥٥ دەگوێزینەوە بۆ کەلاری کۆن و من بوومە سەرکاری مستەفا بەگی کەریم بەگ، ساڵی یەکەم لە بنەباخی زەنگابات و دواتر لە سێ دێی وردەشاتری: کیژۆك، گەرمك، تووەقوت و بەردەوامبووم تا ساڵی ١٩٥٨.

من لە سەرەتای تەمەنمدا نەمتوانی بخوێنم، لە ئێران لەو شوێنەی تێیدابووین مەکتەب نەبوو، کەسیش نەیدەتوانی منداڵ بنێرێ بۆ شار مەگەر خواپێداوەکان، کە هاتینەوە بۆ کوردستان و ناوچەکەی خۆمان دیسانەوە مەکتەب نەبوو، ئەو زەمانە نە حکومەت بایەخی بە دێهات دەدا مەکتەب بکاتەوە و مامۆستای بۆ بنێرێ نە خەڵکیش ئەوەندە بە تەنگ خوێندنی

مەکتەبەوە بوو، چەنکە دەیانوت خوێندنی شەیتانییە.. لە کەلاری کۆن ئەوکاتە بەهۆی بەگزادەکانی جافەوە مەکتەب کرابووەوە و تەنانەت دەرزی نەهێشتنی نەخوێنەواریش هەبوو، من خۆم قەیدکرد، بەلاّم تەنیا سێ شەو خوێندم ئیتر دەرچووم بۆ پێشمەرگایەتی.

دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری مهاباد، چوار ئەفسەرە بەشداربووەکەی ئەو کۆمارە ساوایە خێر لەخۆنەدیوە گەڕانەوە عێراق و لەلایەن رژێمی پاشایەتی ئەوکاتی عێراقەوە دەستگیرکران و بڕیاری لەسێدارەدانیان درا.. داود بەگی جاف کە ئەوکاتە لە بەغداد نائیب بوو هەوڵێکی زۆری دا تا ئەوانە لەسێدارەنەدرێن، شەوی پێش لەسێدارەدانیان چەند جارێك دەچێتە لای نوری سەعید و عەبدولئیلاھ بۆ رێگریکردن لە لەسێدارەدانیان، بەلاّم حکومەت بڕیارەکەی خۆی جێبەجێکرد..

دوای لەسێدارەدانیان داود بەگ تەرمەکانیانی وەرگرتەوە و برانەوە شارەکانی خۆیان، دایکی شەهید محەمەد قودسی وتبووی: بەڵێنبێت تاکو سنووری کوردستان نەگریم، کە گەیشتبوونە سنووری حەمرین بەسۆزەوە هەر چوار شەهیدەکەی لاواندبووەوە.

لە ساڵی ١٩٥٨ سێ رۆژ بەر لە چواردەی تەمموز مامۆستا برایم ئەحمەد نامەیەکی نارد بۆ خوالێخۆشبوو داود بەگی جاف کە ئەندامی مەجلیسی نەوابی عێراق بوو کە لە کەرکوك بۆ کۆبوونەوە ئامادەبێت، بەلاّم نیازی نەبوو بۆ کۆبوونەوەکە بڕوات.. سەرداری کوڕی لێپرسیبوو: بابە تۆ نامەی مامۆستا برایم ئەحمەدت بۆ هاتووە بچی بۆ کەرکوك؟ داود بەگ دەڵێ: بەڵێ نامەم بۆ هاتووە، مامۆستا برایم چەندین کۆبوونەوەی پێکردووین، بەلاّم

هەواڵنامەی کتێب

هیچ ناکات، بۆیە منیش ناچم. سەردار بەگ دەڵێ: بەڵێ ئەگەر بۆ ئیتیحادی عێراق و ئوردن بێ چاك عاباکەت دەکردە سەرشان و دەڕۆیشتی.
داود بەگ سەردار بەگی کوڕی هێمندەکاتەوە و دەڵێ: باشە سبەینێ بۆ کەرکوك دەچم.
داود بەگ منی بانگکرد وتی: حەمەی وەلی سبەینێ ئامادەبە بۆ کەرکوك دەچین.
بۆ بەیانی کەوتینەڕێ بەرەو کەرکوك، کە گەیشتین چووینە بەردەمی ماڵیان دامان لە دەرگا گەلاوێژ خان دەرگای لێکردینەوە و فەرموویکرد، داود بەگ هەواڵی مامۆستا برایمی پرسی، گەلاوێژ خان وتی: چووەتەدەرەوە و عەسر دێتەوە. داود بەگ پێیوت: ئەگەر هاتەوە پێیبڵێ بێتە ئوتێل شەهرەزاد ئێمە لەوێین.. بۆ دوای عەسر بۆ ئوتێلەکە هاتەلامان.
مامۆستا برایم ئەحمەد و داود بەگ هەردووکیان پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوەیان کرد، دوای کۆبوونەوەکە بانگی شۆفێرەکەی کرد بچین بۆ کۆمپانیای نەوت، لەوێ پۆلیسەکە دەرگای نەدەکردەوە تا من دابەزیم و پێموت ئەوە داود بەگ ئەندامی مەجلیسی نەوابی عێراقە ئیتر پۆلیسەکە سلاوێکی بۆ وەرگرت و دەرگاکەی کردەوە چووینە ژوورەوە، کاتێ ئەو هەموو عەمارانەی بینی دەستیکردە گریان.. منیش وتم: میرم ئەوە بۆ دەگری؟ وتی: بۆچی نەگریم! ئەوروپا لەسەر ئەم نەوتەی ئێمە دەژی و منالی کوردیش لە سەر شاخانە بە پێی پەتی دەگەڕێ.
بەیانی کە گەڕاینەوە داود بەگ وتی: حەمەی وەلی بێگارێکم بۆ تۆ سازاندووە، منیش وتم: میرم ئیشی تۆ بێگار نییە. وتی: دەزانی مامۆستا

برایم ئەحمەد بۆچی ناردبووی بەشوێنمدا؟ وتم: نەوەڵڵا. وتی: مامۆستا برایم ئەحمەد چوار عەشیرەتی بانگکردووە: داودە، زەنگنە، کاکەیی، جاف، کە یەکی دە تفەنگ ئامادەبکەین و شۆڕش لە ناوچەی کەرکوك دەستپێبکەین، منیش تۆم بۆ سەرپەرشتی ئەو هێزە دە کەسییە داناوە. منیش لەناخەوە ئەمەم زۆر پێخۆشبوو وتم: بۆ کەی خۆمان ئامادەبکەین؟ وتی: ماوەی چل رۆژمان دانراوە، چونکە عەشیرەتەکانی داودە و زەنگنە و کاکەیی داوای مۆڵەتی چل رۆژیان کردووە، منیش ئێستا حەوت تفەنگم ئامادەیە و سێ تفەنگیتریش دەسێنم و ئیتر حەمەی وەلیش بەرپرسی دەستەکەیە.

دوای سێ رۆژ لەم کەینوبەینە، رۆژی چواردەی تەمموز عەبدولکەریم قاسم کودەتاکەی کرد و ماوەی چل رۆژەکە تەواونەبوو، بارودۆخەکە گۆڕا و ئەو بەرنامەی بۆ دەستپێکردنی شۆڕش دانرابوو تێکچوو.

عەبدولکەریم پاشایەتی لەناوبرد و کۆماریی هێنا، یاسای چارەسەری کشتوکاڵی و زەویوزاری دەرکرد، بەمەش دەگەی لە دەسەڵاتی دەرەبەگ و زەویدارەکان دا و جووتیارەکان ئەوانەی لەژێر کاریگەری حیزبی شیوعیدا بوون کەوتنە چەپڵەلێدان و ئاغا و دەرەبەگ وەدەرنان، یەك ئاغا و بەگ نەیاندەوێرا سەردەربێنن، هەرئەمەش وایکرد کە داود بەگی جاف ئەم بێڕێزییە قبوڵنەکات و بە خاوخێزانەوە عێراق بەجێبهێڵێت و بۆ ئێران بڕوات و سەرەتا لە کرماشان و دواتر لە تاران دانیشێ کە پێش رووخانی شای ئێران کۆچیدواییکرد و تەرمەکەی بۆ نیشتمان هێنرایەوە و لە دێی سەیید خەلیل نێژرا.

هەواڵنامەی کتێب

لەدوای کودەتای چواردەی تەمموز ئێمە نەماندەزانی رووبکەینە کوێ، ئەوکاتە لە کەلار شیوعییەکان بۆ خۆیان تەشکیلاتی ئیدارییان کردبوو: ئەحمەد فەتاح رۆستەم بەرپرسی یەکەمیان بوو، لە دیعایەکردندا دەورێکی چالاکیان هەبوو، ئەوان بەناوی ئومەمییەتەوە بانگەشەیاندەکرد و ئێمەش بەناوی نەتەوایەتییەوە، ئەمە خاڵی سەرەکی ململانێکانمان بوو.

ئێمەش لەکەلاردا کۆمەڵێك بووین دژی بەرنامەی شیوعییەکان بووین و لەهیچ روویەکەوە لەگەڵ ئەواندا رێکنەدەهاتین.

رۆژێکیان شێخ محەممەدی هەرسین و حاجی عەبدولکەریمی مارف کە لە کۆمپانیای دەربەندیخان کاریاندەکرد، لە کەلاری کۆن هاتنە ماڵی حەمە ساڵحی عەزیزی سەیید مراد کە خەزووری حاجی عەبدولکەریم بوو. لەوێ ئەوانم بینی و منیش میوانیمکردن و هاتنەماڵمان.

کەوتینە باسی کوردایەتی و سیاسەت.. لەناو قسە و دەمەتەقێکاندا من باسی هەڵوێستی شیوعییەکانم کرد کە ئەوان تەعەدادەکەن و قسەی خراپ بلاۆدەکەنەوە، شێخ محەممەدی هەرسینی وتی: کاکە ئێمەش حیزبمان هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، لێپرسراوەکەمان لە کفری عەلی حەمدییە، ئێوەش دەتوانن پەیوەندی لەگەڵا بگرن و کاربکەن و قسەی خۆتان بکەن و بێدەنگنەبن.

ئەمە منی خستەسەر کەڵکەڵەی بەزمی کوردایەتی و بووە مایەی پێوەندیکردنم بە حیزبەوە، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ من پەیوەندییانکرد بەپارتییەوە عەلی سەلیم بەگ، حەمە ساڵحی عەزیزی سەیید مراد، فەتاحی عەزیزی سەیید مراد، ساڵح ئەحمەد شوان، حەمەی رۆستەم، عەلی

هەوالنامەی کتێب

تۆفیق، عومەری حەمەی قادر، عەبدوڵڵای حەمەی قادر، تاهیر عەزیز، سابیر عەزیز، ڕەشید حەمە عەزیز.

دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن منیش چووم بۆ کفری بۆ لای مامۆستا عەلی حەمدی کە مەئموری تاپۆی کفری و ئەندامی لیژنەی ناوەندیی پارتیش بوو.

لەوێ مەلا سابیری سەڵتەزەرد و عەزیزی کاکە حەمەم بینی، بارودۆخەکەم بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش منیان بردە لای مامۆستا عەلی حەمدی، دوای قسەوباس ڕێککەوتین بارەگایەکی لاوان لە کەلار بکرێتەوە.

کە گەڕامەوە کەلار لەگەڵ عەلی سەلیم بەگ و حەمە سالح عەزیز سەیید مراد و حەمەی ڕۆستەم و عومەری حەمەی قادر گوڵکوت و حاجی عەبدوڵڵای برای و حەمەی مینا و سابیری عەزیزی فارس و تاهیری برای و حسێن سورکە کۆبووینەوە و لەبارەی کردنەوەی بارەگای لاوانەوە قسەمانکرد و بڕیارماندا بۆ ئەو مەبەستە خانوویەك بەکرێبگرین.

هەموو ڕۆژێکی پێنجشەممە مامۆستا عەلی حەمدی دەهاتە ماڵی ئێمە لە کەلاری کۆن، بۆ ڕۆژی هەینیش بەناو خەڵکدا دەگەڕاین و سەردانی کەسایەتییەکانمان لە سنووری کەلار و خانەقین تا مەحمود قەجەر دەکرد، بانگەشەمان بۆ ڕێکخستن دەکرد.

بەردەوامبووین تا کۆنگرەی ١٩٥٩ عەلی سەلیم بەگ بە لێپرسراوی لاوان لە کەلار هەڵبژێرا و منیش بە جێگیر و هەردووکمان هەڵبژێریاین بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کفری کە ئەوکات کەلار سەر بە کفری بوو. من خوێنەواریم نەبوو، مۆریان بۆ هەڵکەندم، بۆ ڕاییکردنی کارەکانم

هەواڵنامەی کتێب

دووخوێنەواریان بۆ دانام یەکێکیان فەتاحی عەزیزی سەییدمراد و ئەویتریان ساڵح شوان بوو..

کاك عەلی سەلیم بەگ پیاوێکی تێکۆشەر و لێهاتووبوو، بەداخەوە لە تاوانی بەدەستەوەدانی شەهید سەیید محەممەددا خۆفرۆشانی نیشتمان مینێکیان لەبەردەمی ماڵەکەیدا چاندبوو بووە هۆی شەهیدکردنی.

ئێمە کەوتینە جموجووڵ و نەیارەکانی پارتی راپۆرتیان لەسەر دەدانە دوژمن گوایە ئێمە ئاژاوەگێڕین، تۆمەتیان بۆ دەکردین گوایە ئێمە پیاوی داود بەگین و لەئێرانەوە چەك دێنین بۆئەوەی شۆڕشبکەین، ئیتر حکومەت من و عەلی سەلیم بەگ و حەمە ساڵح عەزیز سەیید مراد و حسێن سوورکەی بۆ ماوەی بیست رۆژ دەستگیرکرد لەسەر ئەوەی لە رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووین، چەندکەسێك لە کەلار هاتن سوێندیان لەسەر خواردین کە ئێمە لە بزووتنەوەی دژی حکومەتداین، مامەڵەی حکومەت لەگەڵماندا بەوجۆرە نەبوو، چونکە دادوەر و زۆربەی دامودەزگاکان کوردبوون، ئەوەندە توندوتیژیی نەبوو، زۆربەی کات گرتنەکان بۆ ئەوەبوو کە کاری سیاسی و کوردایەتی نەکەین.. جارێکیتریش بۆ ماوەی پانزە رۆژ بەتەنیا گیرامەوە لە زیندانی کفری بووم، شەش کەس هاتن شایەتییان لەسەردام گوایە دژی حکومەت و پشتیوانی پارتی دەکەم.

مامۆستا عەلی حەمدی هەوڵی زۆری بۆ دابووین و مشوریخواردبووین تا بە کەفالەت بەریاندابن.. بۆ مێژوو باسیدەکەم لەو گرتنانەماندا حاجی فەقێ محەممەدی سەعاتچی سێ ژەمە خواردنی بۆ زیندان بۆ هێناوین و بەدوامانەوە بووە.

هەولێرنامەی کتێب

ئەمە پێوەندی و دۆستایەتی من بوو بە مامۆستا عەلی حەمدییەوە، لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٦١ بەیەکەوە لە کاری حیزبایەتیدا بووین کە هەموو پێنجشەممە و هەینییەکان یەکتریمان دەدی و بەناوچەکەدا دەگەڕاین.

دوو مانگ پێش دەستپێکردنی شۆڕش، مامۆستا عەلی حەمدی لە کفری گیرا، شەو لە بانی مەرکەزەکەوە خۆی فڕێدابووە خوارەوە و گەیشتبووە دێی هۆمەربل.. مەکتەبی سیاسی بە عەزیزی کاکە حەمەدا نامەیەکیان بۆ من نارد کە مامۆستا عەلی حەمدی ببەمە شوێنێك دەستی میری پێنەگات، منیش بردەمە ئاوایی حەوشکوڕوو لە ماڵی عەزیزی مراد ناوخاسی ئامۆزای باوکم دامنا، ماوەی پازدە ڕۆژ لەوێ مایەوە، ئینجا بردمە ماڵی مەحمودی ئالیخان و لەوێش پازدە ڕۆژ مایەوە، دوای ئەوە عەزیزی کاکە حەمە نامەیەکیتری مەکتەبی سیاسی هێنا کە مامۆستا عەلی حەمدی ڕەوانەبکەم.. ئەو ڕۆیشت و ئیتر من ئەو پیاوە گەورەیەم نەبینییەوە.

ئەوەی لە ڕەوشتی کورد و کوردایەتیدا هەبێ لە ڕۆشنبیری، پیاوەتی، بێفیزیی، لە کەسێتی مامۆستا عەلی حەمدیدا ڕەنگیدەدایەوە، خۆی بە بچووکی خەڵکیی دەزانی، بەڕاستی مرۆڤێکی مەزن و بەکەسێتیبوو، بەداخەوە لە ناکۆکی نێوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسیدا مامۆستا عەلی حەمدی دەستگیردەکرێ و بێسەروشوێندەکرێ.

ئێمە تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوامبووین لە چالاکی و تەنزیمات لە ساڵی ١٩٦١ شیوعییەکانی کەلار شەوێك هاتنەسەرم، لەو شەوەدا دوو خەنجەریان لەپشتەوە لێدام و دەستڕێژی کلاشینکۆفیان لێکردم، بەلام گوللەم بەرنەکەوت، بەڵکو گوللە بەر باڵی جەیرانی پوورزام کەوت، بەو شەوە منیان

گەیاندە نەخۆشخانەی کەرکوك لە نەخۆشخانەکەش پێیانزانیم کە من سەر بە پارتیم و پۆلیسی نەخۆشخانە منیان بە قەرەوێڵەکەوە کەلەپچە کرد ئەم کارە فیتی حیزبی شیوعی بوو.

دواتر عەلی سەلیم بەگ و حەمەی مینا خەبەریاندایە پارتی دیموکراتی کوردستان کە من ئەو کارەم بەسەرهاتووە.. دوایی ئەوەی تەداویکرام خەوم لێکەوتبوو کاتێك بەخەبەرهاتمەوە کەسێك دەستی گوشاردم بینیم کە دوو ئەفسەری عەسکەری بە پلەی لیوا لەگەڵ حاکمێکی مەدەنیدا وتیان ئێمە بە ئەمری مەلا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم هاتووین بۆلای تۆ، ئیفادەت چییە لەبارەی ئەوانەی کە ئازاریانداوی، منیش هەموو ئەو زانیارییانەی کە لامبوو لەسەر شیوعییەکان پێموتن و ئەوانیش خستیانەسەر کاغەز.

مامۆستا حیلمی لەلایەن حکومەتەوە بریاری گرتنی بۆ دەرچووبوو، مەکتەبی سیاسی بە کاك عەزیزی کاکە حەمەدا نامەیەکیان نووسیبوو بۆ من کە مامۆستا حیلمی لەشوێنێکدا دابنێین حکومەت پێینەزانێ و حەفتەی جارێکیش کۆبوونەوەی لەگەڵدا بکەین.. ئەو خۆی گەیشتبووە خانەقین و منیش چووم لە گەڕەکی مەزرەعە خانوویەکم بۆ گرت کە دوو کلیلی هەبوو تەنها لای هەردوکمان بوو.

کە نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەت تێکچوو شەو مامۆستا برایم ئەحمەد هات بۆ کەمپەکەی سەرچڵ قەزاز لە پێباز، ناردی بەدوای من و رەزای قالە جافدا.. لەوکاتودا کاك عەبدولڕەحمان زەلکەیی و سمایلی رەشید بەگ لە لیژنەی ناوچەی خانەقین بوون هاتبوون بۆ لای مامۆستا برایم.. بەرلەوە من لە شەریکەی دەربەندیخان کارمەدەکرد بەرپرسی

کرێکارەکان بووم. مامۆستا پێیوتم: ئیشت لە شەریکە تەواوبووە و دەبێت بێیتەدەرەوە.

پێش ئەوە مام جەلال جەولەیەکی کردبوو لە ناوچەی شارەزووردا قوێخا جافەکانی هاندابوو بۆئەوەی راپەڕن لە دژی حکومەت و قوێخای جاف بە سەرپەرشتی حاجی مەحمودی هارونی و شێخ ئەحمەدی شێخ رەزا توونێلەکەی دەربەندیخانیان گرت، شەو مامۆستا برایم ئەحمەد ئێمەی نارد بۆلایان کە ئێمە بڕیاری شەڕمان نەداوە بکشێنەوە لە تونێلەکە و چۆڵیبکەن.

من و رەزا گەیشتینە سەر پردی دێوانە کە خەبەریان بدەینێ، بەڵام رەزا وتی: با پێیاننەڵێین و شەڕ دروستبێت باشترە بۆ کورد، دواتر ئەم هەموو چەکدارە بۆ ئێمە کۆناکرێتەوە، منیش وتم چۆن؟ دواتر چی بە مامۆستا برایم ئەحمەد بڵێین؟ رەزا: وتی من خۆم وەڵامی ئەو دەدەمەوە.. دواتر کە گەڕاینەوە چووین بۆ لای مامۆستا برایم و من لە دەرەوە خۆم خەریککرد و رەزاش چووە ژوورەوە، مامۆستا وتی: چیتانکرد؟ رەزا وتی: مامۆستا قوێخای جاف خەریکبوو بمانکوژن و وتیان ئێمە هەر شەڕی خۆمان دەکەین.. کەچی لەڕاستیدا ئێمە نەگەیشتبووینە ئەوان و لەسەر پردەکەی دێوانە گەڕاینەوە.

هەر لەوێدا مامۆستا برایم ئەحمەد من و عەبدولرەحمان زەلکەیی و ئیسماعیلی رەشید بەگی بانگکرد و وتی: ئێوە وەسمان بەگ دەناسن؟ وتمان: بەڵێ و کاغەزێکی بەئێمەدا بۆنارد کە تیایدا نووسرابوو گەر ئێمە بێینە بەری بەمۆ یارمەتیمان دەدات؟ کە بردمان وەسمان بەگ رەزامەندیی خۆی

دەرخست و وتی: من لەهەموو واجبێکی کوردایەتی دوانەکەوتووم لەمەش دواناکەوم لەگەڵ خۆم و چوار کوڕەکەم هەتا نانێکمان هەبێت لەگەڵتان دەیخۆین و یارمەتیتاندەدەین.

دواتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای مامۆستا برایم ئەحمەد و وەڵامەکەی وەسمان بەگمان پێدا کە ڕەزامەندی بۆ هاوکاریکردن دەربڕیوە و زۆری پێخۆشبوو.

دوای ئەوە مامۆستا برایم ئەحمەد بە منی وت : بڕۆ سبەی حیلمی لە خانەقینەوە بهێنە بۆ ماڵی خۆتان و تەکبیری خۆتان بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە تەنزیمن لای تۆ بۆئەوەی بڕۆنە دەرەوە.

بەپێی بەرنامە چووم بۆ خانەقین و کاك حیلمیم هێنایە ماڵی خۆمان لە کەلاری کۆن.. لە ماڵ دانیشتبوون خەریکی تەکبیرکردنی دەرچوونەکەمان بووین، لەناکاو حەبە خانی کەریم بەگ خێزانی مەحمود بەگ هاوسێی ماڵی ئێمە بوو هاواریکرد و وتی: کورە وریابن وا دەبابە دەوروبەری کەلاری گرتووە، ئێمەش ئاخر ماڵ بوین لە ژووری کەلارەوە، هەڵساین و تەماشامانکرد دوو دەبابە لە پشتی ماڵەوە وەستاوە.. باوکم پێیوتم: تۆ تفەنگەکەت دانێ، تفەنگەکەم دایە و خستیەناو هۆڕێکەوە، هۆڕەکەشی خستەسەر پشتی گوێدرێژێك و جلوبەرگێکی وەرزیری کردەبەر کاك حیلمی و داسێك و شەنێکی دایەدەستیەوە، پێیوتم: من کاك حیلمی دەربازدەکەم تۆش کارێك بۆ خۆت بکە.

ئیتر باوکم کاك حیلمی لەبەینی دەبابەکانەوە دەرکرد و منیش خۆمم دەرکرد.. باوکم و کاك حیلمی گەیشتنە سەیخەلیل و منیش گەشتمە ئەوێ، لەوێ تەکبیرمانکرد ئەوانەی تەنزیمن کۆیانبکەینەوە، من ماوەی

شەووڕۆژێك حەفتا و پێنج كەسم كۆكردەوە، ئەو شەوەی كە جەیش هێرشیكرد بۆ دەربەندیخان ئێمەیش كەوتینەڕێ بۆ بەمۆ.. لە سیروان كردمانە ئەوبەرەوە و ڕەزا بەگی دەلۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی مەیدان بوو و تەنزیم بوو لای خۆم، هەر ئەو شەوە ناردمان بەدوایدا وتی: من ئامادەم لەگەڵتانبم، بەڵام كاك حیلمی وتی: هەتاوەكو مەكتەبی سیاسی ئاگادارنەكەینەوە ناكرێت.

ئەوشەوە چووین بۆ سەرتەك كە جەیش هێرشیكرد بە شەوی دواتردا خەبەرمان بۆهات كە تەقە دەستیپێكردووە و كوێخانی جاف تونێلەكەیان چۆڵكردووە ئەو حەفتا و پێنج كەسەی كە لەگەڵ ئێمەدا بوون كە بیستیان تونێلەكە گیراوە لەماوەی شەووڕۆژێك تەنها حەوت كەسمان ماینەوە هەموویان چوونەوە بۆ ماڵ.. حەوت كەسەكە ئەمانە بوون: مەحمود بەگی ڕەزا بەگ، مەلا ئەولحامی، ئەحەی حەبە كە مەشهورە بە ئەحمەد هۆرێنی، خۆم.. دواتر ڕەشیدی قالە جاف و ڕەزای قالە جاف و ئەو كەسەیترم لەبیرنەماوە.

كاك حیلمی وتی هەركەسێك ڕەئی خۆی بدات بۆئەوەی بڕۆم بۆ مەكتەبی سیاسی بزانین چ بڕیارێك دەدرێت كە مەكتەبی سیاسی بە موختەفی لە سلێمانی بوو.. هەركەسێك ڕەئی خۆی هەبوو، بە منی وت: تۆ چی دەڵێی؟ وتم: خۆتان دەزانن، دواتر وتی: دەبێت ڕەئی خۆت بدەیت، منیش وتم: با مامۆستا برایم ئەحمەد و مەلا مستەفا بڕۆنە لای ئینگلیز و ئەمریكا بۆئەوەی ئیمزای ئەوەبكەن كە پەنجا ساڵ نەوتی مەندەلی و خانەقین بدەن بەوان و ئەوانیش ئالامان بدەنێ، ئەگەرنا بەم تفەنگە راویەیی مەلا

هەواڵنامەی كتێب

ئەولحامی کورد رزگاربنابێت! مامۆستا حیلمی وتی: ئەگەر من ئەمە بۆ تۆ بنووسم بۆ مەکتەبی سیاسی دەرەتدەکەن، چونکە ئەمە رای کاژیکە..
منیش وتم: دەی هەر لەئێستاوە بۆم بنووسە کە من کاژیکم.
دوای ئەوەی مامۆستا حیلمی چوو بۆ سلێمانی خەبەریان بۆهێنام وتیان سبەی شیوعییەکانی بانیخێلان و کوێرەك و بانیبی لەگەڵ پشتە هێرشتان بۆدەکەن، ئەم حەوت کەسەش هیچمان پێنەدەکرا، بۆیە کاغەزم نووسی بۆ رەزا بەگ بەرێوەبەری شورتەی مەیدان، رەزا بەگ وەلامی کاغەزەکەی دامەوە و وتی: تۆ سەرتەك بەجێبهێلە و برۆ بۆ خوشك من دەوری خۆم دەبینم لەو ناوچەش تەنها یەك دێ سەر بە پارتی بوو ئەویش دێی شمشێرکوڵ بوو، کاغەزم نووسی بۆ مەلا عەلی وتم بەیانی شیوعییەکان دێن بۆمان و ئێمەش حەوت کەسین و یارمەتیماندەن مەلا عەلی بە هەشت چەکدارەوە هات بۆلامان، هەتاوەکو مەلا عەلی هات وەلامی کاغەزەکەی رەزا بەگ هاتەوە، دواتر مەلا عەلی کاغەزەکەی خوێندەوە وتی بابرۆین بۆ خوشك و رەزا بەگ بەیانی زوو هێزی شورتەی خۆی هێنا بۆ سەرتەك چەکداری پشتە کە شیوعی بوو دوو کەس بوون عەبدوڵلا وەیسی و برازاکەی.. رەزا بەگ هەردووکیانی گرت، بەرنەبوون هەتا عەبدولکەریم قاسم کوژرا.
دوای حەوت کەسەکە هاتین بۆ دەربەند بێلوولە کاك حیلمی لە سلێمانی گەڕایەوە، داراییمان زۆر زۆر کزبوو تەنانەت پارەی یەك فەردە ئاردمان نەبوو تا بیکڕین، هەرچۆن نانەکەمان پەیدادەکرد، بەلام پێخۆرمان نەبوو خەڵکی دەربەند بێلوولە رۆژانە ماڵی یەك کوولەکەیان دەنارد بۆمان تەنها ئەوە پێخۆری ئێمە بوو، وتم بە کاك حیلمی کاغەزێك بەناوی مەکتەبی

هەواڵنامەی کتێب

سیاسییەوە بنووسە بۆ دێی مەحمود قەجەر تاکو یارمەتیمان بدەن، ئـەویش نامەکەی نووسی و بۆ شەو چـووینە مـاڵی حـاجی مـەحمودی گوێکـوڕی لـە گوندی مـەحمود قەجـەر ئـەویش نـاردی بـەدوای حـاجی مەجیـد جـوامێر و بەدوای حەمەئەمین عەلی درێژ و لەگەڵ حاجی مەحمود خۆیدا هەریەك پێنج دیناریـان داپـێم کـە کردیـە بیسـت دینـار.. هـەر بـەم پارەیـە هەنـدێك زەخیرەمان سەند.

شەوێکیان حەمەعەلی شەرەف ماڵی لە تەنوورە بـوو هـات بۆلامـان وتـی" کاکە خەبەرێکم بیستووە هاتووم ئاگادارتان بکەمەوە کە سلێمان خانی داود خان مـەئمور بەریـدی قۆرەتـو بـوو گـوێی لێبـووە لەتەلەفۆنـدا بەڕێوەبـەری پۆلیسـی خانـەقین تەلـەفۆنی کـردووە بـۆ مەیـدان دەڵـێ بـەیانی پـارەی مەعاشەکەتان بۆ دەنێرین بە سەیارەی ئەهلیدا، چونکە ناتوانین بە سەیارەی حکومی بینێرین، دەڵێن چەکدار هەیە لەڕێگەدا".

منیش هەمانکات کاك حیلمیم ئاگادارکردەوە کە خەبەرێکی واهەیە، وتـی: ئێمە چەکدارمان کەمە چوار کەسین منـیش وتم: مـن تـەنها بـۆ ئـەوە تـۆم هەڵسان تاوەکو ئاگادارتبکەمەوە کە من دەڕۆم خۆم کارەکـە ئەنجامـدەدەم، دوو تفەنگمان هەبوو هاوردم و دوو کەسـی بێچەکیشـم لەگـەڵ خـۆم هـاورد لەنێوانی هاجیلەر و زەلکـە کـەمینم دانـا وتم بـە تفەنگدارەکان چاڵبکەنن بڕۆنە ناوی بۆئەوەی خـەڵك لـەم ڕێگـەوە هـات نـەمانبینێت.. بێچـەکەکانم یەکێکیان رووەو خانەقین دانا و یەکێکیان روو لە مەیدان، نزیکەی سەعاتی دوانزەی نیوەڕۆ ئەوکاتە رۆژی یـەك جـار سـەیارەیەکی پـاس دەردەچـوو لـە خانەقین بەرەو مەیدان. پاسـەکە هـات وەسـتانمان و گیرمـان دا، چـوار دانـە

هەواڵنامەی کتێب

پۆلیسی بێچەکی تیابوو باقی نەفەرەکانی ناو پاسەکە ئەهلی بوو عەشایەر بوون. پۆلیسەکان منیان ناسی و هاتن بۆلای من وتم کوا چەکەکانتان؟ وتیان بێچەك هاتوین یەکێك لە پۆلیسەکانم بردە ئەولا کە ناسیاوم بوو وتم پارەکەتان لەکوێیە؟ وتی پارەکە بە قەمەرەیەکی سپی دێت حاجی برایم و حاجی نادری تێدایە کە خەڵکی هاجیلەر بوون بەڕێوەبەری شورتە گلیدابوونەوە بۆئەوەی لەگەڵ پارەکەدا بن، پاسەکەم برد لە شێوێك شاردمەوە کە دیارنەبن لەجادەکەوە زۆری پێنەچوو ئەو بێچکەیان رووە و مەیدان دامنابوو ناوی مەلا محەمەد بوو کە خەڵکی گوندی زەلکە بوو هاواریکرد وتی کاکە محەمەد واهات.

من چاوەڕێ بووم لەخانەقینەوە بێت کەچی لەمەیدانەوە هات.. کاتێکم زانی جیبێکی ئەمریکییە سێ دانە پۆلیسی تیایە، تەقەمکرد لە تایەی جیبەکە، ئەوەی لەپێشەوە بوو رەشاشێکی برێنی بەدەستەوەبوو ناوی رەحمان بوو خەڵکە قامیشەلان بوو، جیبەکە تەقلەیکرد و ئەمە کەوت تفەنگەکەشی کەوت، وتی بۆ خاتری خوا نەمکوژی من لە خۆتانم، دوو پۆلیسەکەیتر یەکێکیان سایەق بوو بێچەك بوو پۆلیسەکەیتر تفەنگێکی هۆڵەندی تازەی پێبوو هەردووکیان رایانکرد چی هاوارمکرد نەوەستان تەقەملێکردن هەردووکیانم بە برینداری گرت. ئێمە ئێستا بووینە خاوەنی چوارسەد فیشەك و رەشاشێکی برین و تفەنگێکی هۆڵەندی.

زۆری پێنەچوو قەمەرەکە لەخانەقینەوە هات، دەستمان لێگرت و یەك فیشەکمان تەقان سەیارەکە وەستا.. لێمپرسی وتم: پارەکەت پێیە؟ وتی" بەڵێ"، پارەکەمان لێوەرگرت کە بەجەریدەیەکەوە پێچرابوو بە پەتی

هەولنامەی کتێب

قەند بەسرابوو، هەر لەوکاتە عەبدولڕەحمان زەلکە و ڕەزای قالە جاف بە ئیجازە چووبوون لە زەلکە بوون، گوێیان لە دەنگی تەقەبوو، دوای ئەوەی پارەکەمان گرت هاتن بۆ لامان، پارەکەم دا بە دەستی ڕەزای قالە جاف، بێ ئەوەی گرێکەی بکەینەوە، وتم کاك عەبدولڕەحمان ئاگاداربە گرێکەی نەکرێتەوە، بەڵێ گەڕاینەوە بۆ لای مامۆستا حیلمی بۆ بێلوولە پارەکەمان لەبەردەستیدا دانا ناوی پۆلیسەکانی تیابوو (دوو هەزار و چوار دینار) بوو بەپێی مەعاشی پۆلیسەکان.. ئەم پارەمانە دەستکەوت، زۆر بووژاینەوە، تەنیا بۆ ئەوانەی لەگەڵمان بوون لەم چالاکییەدا یەکی یەك جووت پێڵاوی لاستیکی ئێرانی جووتێ بەنیو دینار بۆمان کڕین.

ئێمە ئەوکاتە لەپێشمەرگایەتیدا سەرەتامان بوو، کەموکوڕی زۆرمان هەبوو بەتایبەتی لە پزیشك و برینپێچ و دەرمان، ئەگەر یەکێمان برینداربوایە نەماندەتوانی چارەسەریبکەین.. ڕۆژێك مامۆستا حیلمی بانگیکردم و وتی" پیاوێك لەبەغدادەوە بۆ لامان دێت ناوی ڕەفیق پشدەرییە، ئەم پیاوە لە یەك ڕۆژدا دەتوانێ پێنج جار عەبدولکەریم قاسم ببینێ، تەنانەت هەر ئەو مەوعیدی دانیشتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم ڕێکدەخات، دەبێت تۆ زۆر ئاگاداربیت نەوەکو نێردراوی میری بێت". ڕەفیق پشدەری پێش ئەوەی بێتەدەرەوە لە بەغداد بۆ ماوەی یەك مانگ لای پزیشکێك لەسەر برینپێچی و دەرزیلێدان خۆی ڕاهێنابوو، ئینجا بڕی پێنجسەد دیناری ئەوکاتە دەرمان و کەرەسەی کڕیبوو لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، کە گەیشتە لامان بە بەردەوامیی لەگەڵ مندا بوو، منیش لە

هەواڵنامەی کتێب

خۆمم دوورنەدەخستەوە، شەووڕۆژ پێکەوەبووین.. لە دێهاتەکانی بێلوولـە و دەربەندبێلوولە و باخەهەنارە بریندا یان نەخۆش هەبوایە تیماریدەکرد.

ئێمە لە سەردەمی لاوازیماندا دووچاری دوو شـەڕ بـووین لەگـەڵ عەشـایەرە شیوعییەکاندا:

یەکەمیان: رۆژێکیان مامۆستا حیلمی لەگەڵ مەلا عەلی شمشێر کوڵ لەگەڵ چەند کەسـێکی تـردا بـەناوی دێـی شـاوازی دا دەڕۆن، جەماعـەتێك لـەناو دێیەکە واتە دێی شاوازی دانیشتبوون مامۆستا حیلمی و برادەران سـلاڵویان لێدەکەن، بەڵام ئەوان جوابی سلاوەکە نادەنەوە کابرایەك لەناو خەڵکەکە کـە جـوابی سـەلامەکە نادەنـەوە بـەناوی عـەزەی ریشسـوور، مـەلا عـەلی بانگیـدەکات دەڵێـت: هـەتیوهـاتووی بـۆ تـەنزیمات ئـەوە بۆچـی جـوابی سەلامەکەمان نادەنەوە؟

عـەزەی ریشسـووریش دەڵـێ" داکیشـە بـڕۆ"، کـاتێ دەبێتـە دەمەقاڵـەیان تەقەدەکەن لە مامۆستا حیلمی عەلی شەریف باڵی بریندارەدەکـەن و منـیش تەنها یەك کەسم لابوو لە ئەشکەوتی دەربەند بێلوولە بەناوی حسـێن غـولاڵم وتم کـاك حسـێن دانیشـە بـا مـن فریـای مامۆسـتا حیلمـی بکـەوم ئەمـە خەبەریان پێدام کە شتێکی وابووە لـە دێـی شـاوازی. منـیش زۆر بەپەلـە و تونـدی بەرێکـەوتم ئەوکاتـە هـیچ وەسـائیل و پێویسـتییەکی تـەداوی بـۆ بریندارمان نەبوو، سەلما خانی خێزانـی عـەلی حەسـەن بـەگی وەسمـان بـەگ دەستی دکتۆری هەبوو رایکرد هاتەسەر رێگەکەم وتـی" مامۆسـتا حیلمـی بانگتدەکات".. منیش رۆیشـتمە لای مامۆسـتا حیلمـی لـە مـاڵی عـەلی حەسەن بەگ لە باخە هەنارە، مامۆستا حیلمـی، وتـی: مـن بریندارییەکـەم

هەواڵنامەی کتێب

باشە، بۆ ئەوەش بانگمکردووی کەس نەکوژن، ئەگەر عـەزەی ریشسـوورت دەستکەوت بیگرە.

من چوار تا پێنج کەس لە پیاوەکانی وەسمان بەگ لەگەڵما هاتن، نێوان بـاخ هەنارە و شـاوازی بـە پیـادە نیـو سـەعات رێگـە دەبێـت، گەیشـتینە دێـی شاوازی عەزەی ریشسوورمان دەستنەکەوت، بـەڵام بەتەقەکردنـەوە چـووینە ناو دێی شاوازی، هەر عـەزەمان دەسـتنەکەوت، دێیەکـە هـەمووی تـەنزیمی حیزبی شیوعی بوون.

کاتێك عەزەمان دەستنەکەوت ئاژەڵی دێیەکەمان هاورد گاگەل و رانەمـەڕ، بۆئەوەی بزانم ئەم رووداوە چۆن بـووە، بـەیانی ریشسـپی شـاوازی هـاتن بـۆ لامان و وەسمان بەگیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئێمەش بـەتکاکردنی وەسمـان بـەگ ئاژەڵـەکانمان دایـەوە پێیـان، دوای ئـەوە جەماعـەتی شـیوعی هـاتن رێگاکـەیان لێبەسـتین و خەبـەریان پێـداین وتیـان رێگـای شمشـێرکوڵتان لێگیراوە، تەنها دێی شمشێرکوڵ پارتی بوون ئێمەش هەر بەو لاوازییە هـاتین بۆئەوەی سـەنگەرێکیان هـەبوو لـە ژووری شـاوازیدا پێیانـدەوت سـەنگەری رووسـەکە و هەرلەوێـدا بەرەبەیانییـەکی زۆر زووبـوو پێکەوەهەڵپـژاین ئـەو سەنگەرە لەژێر دەستی عەلـە رەشـدا بـوو ناسـراو بـە عـەلی ئـەولقادر کـە شیوعی بوو ئەوکاتە. کەوتمە لای سەروویان، چـونکە لـە بنـاری شـاخەکەدا سـەنگەریان هـەبوو شـاخی بـەهارەکانییان پێدەوت.. ئـەم سـەنگەرەی کـە پیاهەڵپژاین بە قیادەی حەمەسالح دوڕی لـە عەشـیرەتی دەلـۆ کـە خـەڵکی شاری خانەقین بوو پیاوێکی زۆر ئازابوو، وتـی کاکـە حەمـە ئەگـەر تـۆ لای ژوور نەگری بۆ ئێمە زۆر خراپـدەبێت، چونکە ئـەوان زۆرن و ئێمـەش کـەم،

منیش حەمە رەشید بەگی وەسمان بەگم لەگەڵ خۆم برد بـۆ بنـاری شـاخەکە بـەرەو بـەهارەکانی، کابرایــەك لەپێشــمانەوە هــەڵهات بــەرەو شــاخەکە تاریکەولێڵی بەیانی بوو منیش وتم حەمە رەشـید بـەگ تـۆ وریابـە بـا مـن دوای ئەم کابرا بکەوم دیارە سەنگەریتریان هەیە، کە دوای کابرا کەوتم پێشم بــوو بــە ئەشــکەوتێك، کــاتێکمزانی چــوار دانــە تفەنگبەدەســت لــەناو ئەشـکەوتەکەوە روویـانتێکردم هاواریـانکرد وتیـان زەلام کێـی؟ منـیش وتم خەڵکی شاوازیم و چوار فیشەکم کـردە نـاو ئەشـکەوتەکەوە، ئـەو شـوێنەی منی تیابووم رووتبـوو، بـەڵام ئـەوان لـەناو ئەشـکەوتەکەدا بـوون، بـەردێك نزیکەی سەد مەتر لەئەشکەوتەکەوە دووربوو، گەڕامـەوە بـۆ ئـەوەی بچـمە پشتی بەردەکەوە لەگەڕانەوەمدا یەك گوللـە بـەر ڕانم کـەوت، خۆشـبەختانە ئێسکی نەگرتبوو. لەمکاتەدا لەخوارەوە لـەناو دێیەکـە و پشـتی شـاوازیدا شەڕ دەستیپێکرد بینیم لاشەیەکیان بـرد بـەرەو باخەهـەنارە، کـە جـەنازەی کاکە حەمەساڵح دوڕی بوو کە پیاوێکی قارەمان و جوامێربوو.. من بەتەنیا لـەپاڵ بەردەکـەدا هـەتا سـەعات دوانـزەی نیـوەڕۆ لەگـەڵ جەماعـەتی نـاو ئەشکەوتەکە بەرگریمکرد، لەسەعاتی دوانزە وامنیشـاندا کـە مـن لەپشـتی بەردەکــەوە نــەماوم چــەندیان تەقــەکرد وەلاّمنەدانــەوە، لەئەشــکەوتەکەوە دەرچوون کەوتنە بەرامبەرم لە بناری شاخەکەوە، تەقەم لێکـردن هـەر چـوار کەسەکەیان برینداربوون، لای من شەڕ هـەرماوە وا نزیکـەی دوای عەسـرە، چونکە ڕێگەی هەڵسانم نییە، وەك وتم شـوێنەکەم زۆر رووتـە، وەسمان بـەگ وتبووی ئەو تەقە کێیە، وتیان ئەوە حەمەی حاجی وەلییە بەیانی رۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە، وەسمان بەگ دوو پیاوی هەبوو یەکێکیان ناوی ئەحمەد سوور

هەواڵنامەی کتێب

بوو لەڕووی سەرەوە بانگیان لە من کرد، ئەوانەی بەرامبەرم بوون رایانکرد و لەو شوێنە نەمابوون چەکێکی جانداریان لە شوێن جێمابوو، منیش هاتمە خوارەوە بۆ بەیانی تەرمی کاك حەمە سالْحمان بۆ خانەقین روانەکرجەوە، ئیتر شەڕەکەش کۆتاییهات.

شەڕی دووەم: پیاوێك هاتبوو بۆ لامان کە خەلْکی گوندی شمشێرکولْ بوو ناوی حەمە سالْح ناسراوبوو بە پالْەوان، لەگەلْ شیوعییەکاندا ناکۆکی هەبوو، مامۆستا حیلمی قەناعەت پێکردبوو وتبووی ئەمانە خەلْکی هۆرێنن هەشت تفەنگیان هەیە با تفەنگەکانیان لێبسێنین، مامۆستا حیلمی پیاوەکان بانگدەکات مەسئولەکەیان بە عەبەی شەریف ناسراوبوو بە مامۆستا حیلمی وتبوو هەشت تفەنگیان هەیە بماندەنێ یان دەبێت ببنە پێشمەرگە، ئەوانیش قەبولْیاننەکردبوو، چونکە تەنزیمی حیزبی شیوعی بوون. گەڕانەوە کۆبونەوەیەکمان لەئەشکەوتەکەدا کرد وتیان با بەیانی ئابلْوقەی هۆرێن بدەین و بچینەسەریان، منیش رازینەبووم وتم ئەمە شەڕی عەشایەرییە دەبێت هەتا بتوانین خۆمان تووشی شەڕی خەلْك نەکەین، سالْح پالْەوان وتی" کاکە حەمە تۆ دەترسی لەگەلْمان مەیە"، منیش وتم: ناترسم هەر شوێنێك زۆر زۆر ترسناك و خەتەرە دایبنێن بۆ من، بەلاْم من بەهیچ جۆرێك بەم شەڕە رازینیم.. بۆ بەیانی زوو کەوتینەڕێ بەرەو گوندی هۆرێن لەوکاتەدا دووربینێکی ئەلْمانیم هەبوو، ئێمە بووین بە سێ دەستەوە هەر دەستەیەك سێ کەس، دوو کەسمان چەکی هەیە و یەك کەسمان بێچەکە، دەستەی حەمە رەشید بەگ لەگەلْ حسێنی حاجی محێدین، دەستەی مەحمود خان و سالْح پالْەوان و دەستەیەکیش من و شامە قەلْخانی.. من بە

هەوالنامەی کتێب

دووربینەکەم سەیرمکرد لە دووری دێی هۆرێن نزیك کەمتاران بینیم سەنگەربەندیکراوە، وتم: کاکە بلاّوەبکەن سەنگەرمان لێگیراوە، بۆ من دانرا کە بڕۆمە داری سەیید محەممەد لە پشتی هۆرێن و دەبێت لە هۆرێن ڕەتببم، زۆری نەخایاند تەقە دەستییپێکرد، ئەم کاتە بەیانییەکی زۆر زووە و کاتی تاریکەولێڵە، من هەوڵمدا بڕۆم بۆ ئەو شوێنەی بۆم دیاریکراوە گەیشتمەسەر ڕێگەی مەیدان - هۆرێن، چوار تفەنگدار ڕانەمەڕێکیان دابووەبەرخۆیان، بەشەڕکردن ڕانە مەڕەکەم لێوەرگرتن، هاوارم لێکردن: ئەگەر نەگەڕێنەوە دەکوژرێن، بەرگریی زۆریان کرد، ڕانە مەڕەکەم دایە بێچەکەکەمان کە ناوی سۆفی ئەحمەد بوو.. لەمکاتەدا سەیرمکرد حسێنی حاجی محێدین هات وتی" کاکە بریندارم"، وتم: کێ لێیداوی و لەکوێت دراوە؟ وتی" دووکەس لەدوامەوەن و قاچم بریندارە"، وتم: دانیشە.. ئەوم دانا لای خۆمان و چەکدارەکە بەدواوەی بوو عەلی شەریف بوو برای عەبەی شەریف بوو فیشەکێکم تێتەقاند یەکسەر بریندارمکرد، تفەنگێك لەملیدا بوو یەکێکیتریش بەدەستیەوەبوو، زەلامەکە حاجی شەریف باوکی بوو، تێمخوڕی وتی: نەکەی کوڕەکەمت کوشت خۆم مەکوژە، باشبوو گوللەکەی شەریف جێگەی ترسناکی نەگرتبوو، وتم: بڕۆن تا نەکوژراون و تفەنگەکانیشتان ببەن هەردووکیانم ئازادکرد.

لەوکاتەدا کاك ڕەفیق پشدەری بە کۆڵە دەرمانەکەیەوە گەیشتەلامان، منیش پێموت: ئەوە بۆ هاتی، ئەویش وتی: تۆ بکوژرێی من نەیەم بۆ لات.. ئیتر هەر لەوێدا تیماری کاك حسێنی حاجی محێدینی کرد و لەگەڵ خۆشیدا بردیەوە بۆ ئەشکەوتەکەی دەربەند بێلوولە.

منیش لەگەڵ شامە قەڵخانیدا ڕۆیشتین بۆ عەسر گەیشتینە ئەو شوێنەی بۆمان دیاریکرابوو کە داری سەیید محەممەد بوو.. شامە پیاوێکی زۆر ترسنۆکبوو، بە دایەخی هیچ نەدەهات تەنیا وەکو زەلامێك هەبوو.

ئەو داری سەیید محەممەدە زاڵە بەسەر گوندی هۆرێندا، شەڕ و تەقە بەردەوامبوو، بینیم هۆرێنییەکان خەریکە بەرەو مەیدان بۆ لای میری باردەکەن.. بانگمکردن وتم: کاکە بارمەکەن چەند کەسێکتان وەرنەسەرەوە بۆ لامان با قسەبکەین..

چەند کەسێکیان هاتن و کەوتینە دەمەتەقێ و پێموتن: کەس بارنەکات، ئەوەی یەك ئازارتان بدات بەهیچ شێوەیەك لێیقەبوڵناکەین، مەترسن و دانیشن، ئەوەشی دەیەوێت هەر بچێت بۆ مەیدان ئەوە خۆم یارمەتیدەدەم.

بۆ بەیانی مامۆستا ئەنوەر مائی کە نوێنەری بەڕێز مستەفا بارزانی بوو و ڕابەر سیاسی ئێمە بوو، پیاوێکی هەتا بڵێیت سیاسی و جوامێر و قارەمان بوو، دادگای بۆ دانان وتی ئەوەی حیزبی شیوعییە دەبێت ئیستیقالە بدات، منیش وتم مامۆستا ئەنوەر من وەعدمپێداون محاسبەی کەس مەکە و ئیستیقالەیان لێوەرمەگرە، خەڵکەکە زۆریان پێخۆشبوو، چەکدارەکانیان هەڵهاتن چوون بۆ سەرتەك و من پێموتن هەرکەسێك کەسوکاری چووە نان و خواردنی بۆ ببات بۆ بەیانی گەڕامەوە بۆ دەربەندی بێلوولە و شەڕەکە کۆتاییهات.

دوای ئەوە بە مامۆستا حیلمیم وت: من دەڕۆم بۆ هاجیلەر بزانم هەندێك چەکدار پەیدادەکەم، چونکە ریشسپی و ئاغاکانیان هەموو ناسراوی خۆم بوون، ڕەشە تایشەیی و ئەولکەریم تایشەییم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ هاجیلەر

هەواڵنامەی کتێب

هەر ئەو شەوە چوومە هاجیلەر و دێسووتك و چیارەزا خاوەنی تفەنگ برنەوەکانم کۆکۆدەوە کە ژمارەیان دە کەس بوون، منیش داواملێکردن بە قسەی خۆش و بەرێزەوە وتم ئێوە کورتان هەیە تفەنگتان هەیە کورتان بێت لامان بۆ ماوەی دە تا دوانزە رۆژ لامانبێت تا ئەوکاتەی هێزێك پێکەوەدەنێین.. هەموویان وتیان تفەنگەکانمان ببەن و کورەکانمان مەبەن، چونکە بۆ بەیانی شێخ نوری شێخ سالح زەلکە تالاّنماندەکات ئێوەش نەیبەن شێخ نوری هەردەیبات، دە تفەنگ برنەویان داپێم بەفیشەکلغەوە، دە تفەنگەکەمان دابەشکرد بەسەر گەنجەکاندا.

لە دێی چیاسوورك مەرکەزێکی پۆلیس هەبوو کە پێکهاتبوو لە یازدە پۆلیس لە حەوشی مالّی میرزا رەحیمدا بوون.. ئەم یانزە پۆلیسە دە کەسیان خەلّکی حەوشکورو بوون کە دێیەکەی خۆمانە و لەویّ دەژیام، فەرماندە مەفرەزەکەیان حاجی سەعید بوو کوری کوێخا رەمەزان بوو خزمی خۆم بوو، مامۆستا حیلمیم تێگەیاند حالّ و مەسەلەیەکی وا هەیە، وتم ئەوانەی گوێیان لە دەنگی من بێت باوەرناکەم تەقەمان لێبکەن، تەقەشبکەن شوێنەکەیان قایم نییە.

چووین و مامۆستا حیلمی خۆیشی لەگەلّماندا هات، ئابلّوقەی حەوشەکەماندا خۆیشم چوومە بەردەرگاکە بەرلەوە دەسرێژیّ گوللەمان کردە سەریاندا، ئیتر بانگمکردە پێشمەرگەکان وتم کەس تەقەنەکات.. بانگی پۆلیسەکانم کرد و دوای وتووێژێکی زۆر بە حاجی سەعیدم وت با خوێن نەرژێت و کەس نەکوژرێت خۆتان تەسلیم بکەن، خۆتان بەکوشتمەدەن.

حاجی سەعید هاواریکرد بەخوا حەمەی حاجی وەلی لەگەلّتان نەبێت

تەسلیمنابین؟ منیش وتم حاجی سەعید ئەوە منم محەممەدی حاجی وەلی دەرگاکە بکەرەوە. بەڵێ حاجی سەعید هات و دەرگاکەی کردەوە، چووینە ژوورەوە یازدە دانە تفەنگی پێنجتیر ئینگلیزی تازەیان پێ بوو لەگەڵ چوار هەزار فیشەکی ئینگلیزی و لەگەڵ چوار دانە ئەسپدا بردمان و عدم تەعەرۆزمان (وەسڵمان) داپێیان ئێمە پێشمەرگەین و ئەم تفەنگانەمان بردووە.. گەڕاینەوە بۆ بارەگا سەر لەنوێ ڕێکمانخستەوە ئامر مەخفەرێك لە چوارکلاۆ بوو بەناوی (محەممەد کەریم بەگ) دائیمە کاغەزی بۆم دەنووسی کاك محەممەد هەرکاتێ ئەمردەکەی خۆم و پۆلیسەکانم ئامادەین دەبینە پێشمەرگە. هەموو کاتی کاغەزەکانم دەدا بە کاك حیلمی دەیخوێندەوە، وتم با بچین ئەو ئامر مەخفەرە دائیمە کاغەز دەنووسێ بزانین راستدەکات دێت لەگەڵمان. کەوتینەڕێ چووینە چوارکلاۆ ژمارەی ئیمە بیست کەس بووین کاغەزێکمان بۆی نووسی دامانە دەستی فەراشەکە وا ئاویان بۆ دەبات نووسیمان بۆی وا لەسەر وەعدی خۆت هاتووین مەخفەرەکە تەسلیمبکە با کوشتاری تیانەبێت، وەڵامی داینەوە کاکە ئێوە سەرقزل و مەحمود قەجەر بگرن من خۆم و پۆلیسەکان دێین دەبینە پێشمەرگە. کاك حیلمی وتی: راستدەکات؟ وتم: نەوەڵا درۆدەکات، بەڵام ئەم مەخفەرە زۆر قایمبوو، چونکە (موسەلەح) بوو ئێمەش برنەو زیاتر هیچمان نەبوو، رۆیشتین ئامر مەخفەری سەرقزڵ زۆر ناسیاوم بوو، ناوی کەریم دێوانە جەیران بوو ناسراوبوو بە کریم کەچەڵ کاغەزێکمان نووسی بەئاوکیشەکەیا ناردمان بۆی، خۆیشم چوومە بەرامبەری قسەم لەگەڵیا کرد وتم: کەریم گیان ئێمە هاتووین با کەس نەکوژێت مەخفەرەکە تەسلیمبکە، وتی" بەخوا بەعقوبەش بگری

تەسلیمیناکەم"، وتم: پێنجسەد دینارت دەدەمێ تفەنگەکەی خۆت و ئەسپەکەشت دەدەمێ، وتی: شتی وا هەرنابێت دڵنیابە.

ئەومان جێهێشت و چووین بۆلای دێی مەحمود قەجەر کە مەخفەری تیابوو، بەلاّم پێش ئەوەی ئێمە بێین بۆ ئەم مەخفەرانە، تووشی تیمێکی دەرمانڕشێن بووین یەکێکیان تیابوو ناوی حەمە کولێرە بوو، برای عەلی قوتانە کە مفەوەزی گومرگ بوو، هاتەلامان و وتی: کاک محەممەد پیاوەتیبکە وەرمبگرن با من نەگەڕێمەوە بۆ خانەقین، وتم: چەکمان نییە بتدەینێ، وتی: ئەم موزەخەم پێیە موزەخەی دەرمانە لە چەك چاکترە! هەموویان گەڕانەوە تەنها ئەم محەممەدە نەگەڕایەوە.

ئێمە لە ئەشکەوتی دەربەند بێلولە بووین کونەکانمان بە پەڕۆ دەگرت لە ترسی دوپشك و مار، حەمە وتی: ئەوە چیدەکەن وتمان: ئێرە مار و دووپشکی هەیە و دەبێ کونەکان بگرین تا پێمانەوە نەدەن.. وتی: بوتڵێك نەوتم بۆ پەیدابکەن. نەوتمان بۆی هاورد، کردیەناو موزەخەی دەرمانەکەوە. پەمپیدا و شقارتەی نا بەنەوتەکەوە، هەرچی دووپشك و مار هەیە هەمووی لەناوبرد. بەیانی ڕۆژبووەوە وتی" کاک محەممەد ئەگەر دەچین بۆ ئەم مەخفەرانە با دوو سێ ڕومانە دروستبکەم" وتم: چۆن دروستیدەکەیت؟ وتی: بە قوتووی ئاوەتەماتە و باروت و پلیتە دروستیدەکەم.. ئەوکاتە عەزیز حەمەی خنان ماڵی لە ژاڵەناو بوو پێموت لە شەریکەی دەربەندیخان بارودی زۆری هێنا بۆمان.. شتەکانمان بۆ حەمە ئامادەکرد و ئەویش چوار ڕومانەی دروستکرد.. پێش ئەوەی بڕۆین بۆ ئەم مەخفەرانە، بەڕێز مام جەلال کە ئەوکاتە لە دۆڵی شلێری ناوچەی پێنجوێن بوو، بەتەتەردا نامەی نووسیبوو

با محەممەد بێت بۆلام تا چەکتان بۆ بنێرم.. من و کاک ڕەفیق پشدەری و کاک شێخ حەمەئەمینی عەبابەیلیێ کەوتینەڕێ بەرەو هەڵەبجە، لەوێ کاک ڕەفیق وتی: من دەچم کاک کانەبی قایمقامی هەڵەبجە ببینم، منیش وتم: مەچۆ؟ وتی: ئەو ئەندامی حیزبە و دەیناسم.. ئیتر ڕۆیشت بۆ لای قایمقام، کەچی لیژنی ناوچەی هەڵەبجە لەسەر ئەو کارە ڕاپۆرتێکیان لەسەر نووسیبوو تومەز دابوویانە دەستی کاک شێخ حەمەئەمین کە گەیشتینە لای بەڕێز مام جەلال کاک شێخ حەمەئەمین ڕاپۆرتەکەی دایە مام جەلال، مام جەلالیش کاک ڕەفیقی گرت و دایە دەستی کاک مەحمود کاوانی و زیندانیکرد، هەرچەندە من زۆر هەوڵمدا کە نەگیرێ، سوودینەبوو، دوای دە ڕۆژ مام جەلال دە تفەنگ و هاوەنێکی عوقدە یەک و سێ گوللە هاوەنی پێدام..

ڕۆژێك کە لەوێبووین مام جەلال وتی: ئەوەی بڕنەوی پێیە با ڕیزببێ، بڕنەوبەدەستەکان ڕیزبووین، ئەویش یەك یەك تەماشایدەکردین، منیش بڕنەوێکی زۆر جوانی دارشووشەم پێبوو، کە گەیشتە لام، تەماشایکردم و بڕنەوەکەی بینی و وتی" ئەم بڕنەوە حەیفە شەڕی پێبکەی، هەقە دابنرێ تا کوردستان ڕزگاریدەبێت لەمەتحەفدا دابنرێ".. منیش لە دڵی خۆمدا واملێکدایەوە کە حەزی لێیەتی وتم: پێشکەشتبێت، وتی" نا.. پێشکەشی خۆتبێ، هەر شایانی خۆتە".

دوای گەڕانەوەمان بۆ خوارەوە داوام لە مامۆستا حیلمی کرد کە داوا لە بەڕێز مام جەلال بکات کاک ڕەفیق پشدەری ئازادبکات، باشبوو ئەو داوایە جێگەی خۆی گرت و ئازادکرا و گەڕایەوە لامان.

ئەوکاتە دەرمانمان نەمابوو، کاك رەفیق وتی" مـن بـۆ بەغـداد دەچـمەوە و برێکیتر دەرمان دێنم و دێمەوە"، لەگەڵ رەزای قالە جاف و رەشیدی برایـدا بەرەو ناوچەی کەلار رۆیشتن و کـاك رەفیـق بـەرەو بەغـداد و ئـەوانیش لـەو ناوچەیەدا بمێننەوە تا ئەو دەگەڕێتەوە.

لـەکاتی گەڕانەوەیـدا لـە دێـی بەردەسـووری نزیکـی کـەلار لەگـەڵ رەزا و رەشـیددا یەکدەگرنـەوە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ بـەمۆ، بـەڵام ئۆتـۆمبیلێکی موسـەلەحەی پۆلیسـی گومرگیـان لێتاییـندەبێت، رەزا و رەشـید خۆیـان دەربازدەکەن و کاك رەفیق دەگیرێـت و دەخرێتـە زیندانـەوە تـا لەناوچـوونی عەبدولکەریم ئازادنەکرا.

کە ئـەو چـەکانەمان لـە سـەرەوە هێنـا بەتایبـەتی هاوەنەکـە کـەس نـەبوو شارەزایی هەبێ بۆ بـەکارهێنانی، بـەڵام دوو سـەرباز رایـانکردبوو بۆلامـان هاتبوون، ئەوان وتیان ئێمە عەدەد هاوەنین.

ئەمە یارمەتیدەربوو کە بچینەسەر مەخفەرەکان، رومانەکان و هاوەنـەکانمان برد و چووین بۆ سەر مەخفـەرەکان بەتایبـەتی مەخفـەری مـەحمود قەجـەر، ئابڵوقەی مەخفەرماندا و دووسێ دەسڕێژی گوللەمان کردەسەریاندا، لەدوای ئەوە وتمە پێشمەرگەکان کەس تەقەنەکات، کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیاندا و وتم: تەسلیمنەبن دەتاندەینەبەر هاوەن، خۆم لەنزیك دیواری مەخفەرەکـەدا بـووم مەئمور مەخفەرەکە عەرەب بوو، پۆلیسەکانی هەموو کـورد بـوون، وتیـان: هاوەن بتەقێنە با ناحیەی قۆرەتوو گوێی لێبێ، دوایی دەڵـێین دراوینەتەبـەر هاوەن و تەسلیمبووین، منیش بـانگمکردە دوو سـەربازەکەی لای خۆمـان و وتم: هاوەنێك بتەقێنـە ئـەو چۆڵاییە.. دنیـا پـاییز بـوو، کاتـژمێر هەشـتی

شەوبوو، کەچی سەربازەکان نەیانزانی گوللەکان بەکاربهێنن و بۆیان نەتەقێنرا، منیش شێوەی قسەکەم گۆڕی و وتم: یا دەیدەم لە دێکە یان مەخفەرەکە، بەلاّم وەعدتان دەدەمی دوای تەسلیمبوونتان دەیدەم لە مەخفەرەکە وتی" دەی ئەگەر هاوەنت هاپێ گوللەیەکم بۆبنێرە".. حاجی رەشید مەشهورە بە رەشید زەریفە رەئیس عورەفای پۆلیس بوو، خزمی خۆم بوو، لەو مەخفەرەدا بوو، بانگمکرد وتم: حاجی رەشید وەرە خوارەوە با گوللەیەکت بدەمێ پیشانی مەئموری مەخفەرەکەی بدە، حاجی وتی"بەخوا محەمەد لەگەلّتا نەبێ نایەمەخوارەوە"، وتم: کورە من محەمەدم قسەت لەگەلّ دەکەم. هات و گوللەکەم دایێ و بردی بۆ مەئمور مەخفەرەکە، عەرەبەکە وتی: ئی وەللاّ هازا عوقدە سەلاسە، کەچی گوللەکە خۆی هی هاوەنی عوقدە یەك بوو.

ئیتر مەخفەریان تەسلیمکرد و چووینە ژوورەوە، لێرەدا ئەم کەلوپەلانەمان دەستکەوت: دوازدە تفەنگ و دوو رەشاش برێن و شەش هەزار فیشەك و دوو جهاری ژمارە دوانزەی عالەمی و دوو مەکینەی چارج بۆ پاتری جیهازەکان و چوار پاتری بۆ هەردوو جهازەکە.

هەر ئەو شەوە پێشمەرگەم نارد بۆ مالّی مەجید قادر ئاغا چوار هێستر و چوار گوریسیان هێنا و هەموو شتەکانمان بارکرد، خەلّکی سەرقزل نانیان بۆ ئامادەکردین چەند حەیوانێکیان کردبووە قاورمە بۆمانیان هاورد. بۆ بەیانی گەڕاینەوە بۆ سەر مەخفەری سەرقزلّ، دووبارە چوومە بۆ لای کریمی دێوانە جەیران ئامری مەخفەری سەرقزلّ دووبارە کەوتمە قسەکردن لەگەلّیدا، دیسانەوە وتی" بەخوا بەعقوبەش بگری تەسلیمنابم"، منیش ترسی ئەوەم

هەبوو هێزی رژێم بێت و دوو پێشمەرگە بەناوی حسێنی حاجی محێدین و حەمەئەمین کەلاری لەگەڵ خۆما برد من لەرێگە کەمین دادەنێم نەوەکو هێزی دوژمن بێت نالەی رۆسەم و محەممەد شەمێرانی تازە هاتبوون لە شەریکەی دەربەندیخان هەردووکیانم لە جێگەی خۆم دانا وتم قسەی لەگەڵ بکەن با قاپییەکە نەکاتەوە ئاویان بۆ برِوات، بانگی کەریم کرد وتم: من لێرە نامێنم دوایی نەیەیتەدەرەوە و خۆت دەرنەخەی دەتکوژن.

بەڵێ من چووم لەرێگەکە زۆر خەوم دەهات بەردێکم خستەژێر سەرم، وتمە حسێن و حەمەئەمین ئالێرە چەند بەردێك بکەنە سەنگەر، بەڵام مەخفەرەکە دیارە زۆر دوورنییە سەرم خستەسەر بەردەکە، بینیم دەرگای مەخفەر کرایەوە، وتم سەنگەر مەچنن مەخفەرەکە گیرا دوای من ئەوان وەکو من قسەی لەگەڵ دەکەن یەك فیشەك دەتەقێنن دەدات لە چیمەنتۆکە و چاوێکی دەپێکێ، بینیم خوێناوی بووە، وتی: بۆ منت کوشت، وتم: پێموتی مەیەرە سەرەوە وتم: من لێرە نیم دەتکوژن، وتی: بمنێرە بۆ ناحیەی قۆرەتوو، منیش لەگەڵ براکەی و ئەسپەکەی خۆیم داپێی، چوو بۆ قۆرە توو.

لێرەش دوانزە دانە تفەنگ و دوو رەشاش برینی تازە و دوو جیهازی ژمارە دوانزەی عالەمی و پێنج هەزار فیشەك و چوار مەکینەی چارچ و چوار پاتری بۆ جهازەکان دەستکەوتبوو.. ئەم چالاکییە لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە دەستمان پێکرد لە هەشتی بەیانی مەخفەرەکەمان گرت.

دوای ئەوەی گەڕاینەوە محەممەدی کەریم بەگ لە چوارکلاو کە وتم کاغەزی دەنووسی خۆی و پۆلیسەکانی هەڵهاتبوون. یەك رەشاش لەگەڵ هەزار فیشەك لە ماڵی حاجی ئەحمەدی برای حاجی رۆستەم شاردبووەوە، ئەویشمان

هاورد.. لەم چالاکییانەدا ئێمە بووینە خاوەنی یازدە هەزار فیشەك و چوار رەشاشی برین و بیست و چوار تفەنگی ئینگلیزی تازە.

پاییزی ساڵی ١٩٦١ بوو، مامۆستا حیلمی بیرۆکەی ئەوەی لا دروستبوو کە لە سکەی قەتاری خورماتوو بدرێ تا خەڵکیی بزانن شۆڕش هەیە، بۆ ئەم مەبەستە من و ئەحمەدی برام و رەزای قالە جاف و رەشیدی برای و مەلا ئەحمەدی مەقەسچی کە خەڵکی خورماتوو بوو و لێپرسراوی کرێکارەکانی سکەی قەتارەکە بوو و رایکردبوو و بووبووە پێشمەرگە، بانگکرد کە بچین ئەو کارە بکەین.

مەلا ئەحمەد بەڵێنیدابوو کە کەرەستەکانی ئەو چالاکییەی سکەکەی پێهەڵدەوەشێنرێتەوە ئامادەبکات، ئێمە سێ شەو لە هەردەکەی پشتی خورماتوودا ماینەوە، کەچی نەتوانرا ئەو کەرەستانە ئامادەبکرێ، بۆیە ئێمە بۆئەوەی بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێینەوە بڕیارماندا بچین تەقە لە قەتارەکە بکەین، چووین و تەقەمان لە فەردگلاسی قەتارەکە کرد کە زۆرتر ئەفسەر و پلە بەرزەکان و سەربازی لەکەرکوکوەوە بۆ بەغداد دەگواستەوە..

دوای هەواڵمان بۆ هات کە چەند ئەفسەرێك لەناو فردگلاس بریندار بوون.

لەدوای گرتنی ئەو مەخفەرانەی چیاسوورك و سەرقزڵ و مەحمود قەجەر چووین بۆ گرتنی بیارە و تەوێڵە کە هێزێك بە سەرپەرشتی شێخ حەمە ئەمین شێخ عەبدوڵڵا عەبابەیلێ کۆکرابووەوە، ئەحمەدی برام لەگەڵمدابوو، دوای گرتنی بیارە و تەوێڵە هەموو هێزەکەمان لە بیارە و تەوێڵە بوو. شێخ نوری شێخ حەمە ساڵح زەلکە بە هەلیزانی هێزی ئێمە لە بەمۆ کەمبوو، عەشایری ناوچەکەی کۆکردەوە بەتایبەتی چەکدارەکانیان بەپشتیوانی

حکومەت هێرشیکرد بۆ بانی بەمۆ و سەرکەوت، مامۆستا ئەنوەر مائی لە دەربەندی بێلوولە بوو جوابینارد بۆمان کە شتێکی وا هەیە هێرشێکی وا کراوە بۆ بانی بەمۆ و گیراوە.

مامۆستا حیلمی عەلی شریف داوای لێکردم کە من بگەڕێمەوە بە شەش کەسەوە کە خۆم و ئەحمەدی برام و عەبدولڕەحمان زەلکە و ئەولکەریم تایشەیی و وەهابی هاجیلەری و ئەنوەر ناوێك خەڵکی خانەقین بوو و ملازم تاریق بەخۆی و یانزە کەسەوە کە ناسراوبوو بە تاریق گلی.

کە من گەڕامەوە لە دەربەند بێلوولە چوومە ناو بارەگاوە خەبەرمزانی وتیان چەند کەسێکمان لە بان بەهارەکانی ماوە، منیش چووم بۆ سەر بەمۆ لە پشتی بەهارەکانی لەگەڵ پێنج کەسەکەیتردا، ئەوانەی لەوێبوون ناردمنە خوارەوە نزیکەی دە کەسێك دەبوون، خۆم و هاوڕێکانم لەجێگایان دانیشتین، بەلاّم پێیاننەوتم کە قوەتی جاشەکانی شێخ نوری نزیکمانە، بۆ سەعاتی دوانزەی نیوەڕۆ لە دوو قۆڵەوە هێرشیان بۆ کردین، من پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکات سەنگەرێکی باشم بە بەرد چنیبوو، کە شەڕ دەستیپێکرد ئێمە بەرگریمانکرد، بەلاّم هێزی ئەوان زیاتر لە دوانزە کەس بوون و ئەو سەنگەرەی تیابوون یەك مەتر و نیو قووڵبوو، ئێمە زۆر بەباشی لێماندەدان بەجۆرێك سەنگەرەکەیان لێبوبوو بە دۆزەخ، بەلاّم لەمبەری ئەو قوتەی بارەگا چاویان لەم شەڕەیە و نزیکەی پەنجا تا شەست کەسێك دەبن، هیچ کەسێك نەهات بەهاواری ئێمەوە، بۆ سەعاتی شەشی ئێوارە جاشەکان رایانکرد، کوژراوێك و چەند بریندارێکیان بەدوای خۆیاندا راکێشا، دوای ئەوە جاشەکان رایانکرد، ملازم تاریق بە یازدە کەسەوە هاتەسەرەوە بۆ لای

ئێمە، پێشمەرگەکان شەکەت و ماندوو، وردەبەرد و پارچەی گوللە خراپی پێکردبووین و بە سووکی برینداربووبووین، گەڕاینەوە بۆ بارەگاکە کەس تەوەقوعی نەدەکرد ئێمە لەو سەنگەرەدا مابین. من خەریکی تەداوی خۆم بووم نزیکەی یەك سەعاتی پێچوو، ملازم تاریق هاتەخوارەوە لەگەڵ یازدە کەسەکە بەبێ شەڕ، من مەوعدم وابوو شەو ملازم تاریق لەوێبێت، بۆ بەیانی من بگەڕێمەوە بۆئەوەی سەنگەرەکە دوژمن نەیگرێت، بینیم ملازم تاریق هاتەخوارەوە بۆ بەیانی زۆر زۆر هەوڵمدا ئەو خەڵکەی چەند کەسێك لەگەڵما بچینەسەرەوە بەڵام کەس نەهات ئالێرەدا بۆئەوەی مرۆڤ بێوەفا نەبێت باسی جوامێری و قارەمانی عوسمان بەگی شەرەف بەیانی بکەم، ئەو پیاوە بەرزە دوای ئەوە حەوت کەسەکە لەسەرتەکەوە هاتینەوە بۆ دەربەندی بێلوولە چونکە نەمانتوانی لە سەرتەك دانیشین، بانگی کردە تاهیر بەگی برای مەحمود خان و حەمە رەشید بەگ و عەلی حەسەن بەگ و حەسەن بەگ کە پێیوتن ئەمانە هەموو رۆژێکی هەینی کاوڕێك سەربڕن دەعوەتیان دەکردین و عوسمان بەگ خۆیشی هەموو رۆژێك بەچەکەوە بە سواری ئەسپەشێکەیەوە دەهاتە بارەگاکەمان و کوڕەکانی و دوو پیاوی چەکداری هەبوو لەگەڵ خۆیدا دەیهاوردن بۆ لامان بۆ بارەگا، هیچ کاتێك کەمتەرخەمنەبوون بە چەك و بە نان.

لەدوای ئەوەی ئێمە کشاینەوە بۆ تەوێڵە و بیارە دوای ئەوەی هیچ هێزی ئێمە لە شاخی بەمۆ نەما و حکومەت وەسمان بەگی دەستگیرکرد و نەفیکرد بۆ شاری فەللوجە و ئیتر لەوێ مایەوە هەتا گفتوگۆی ساڵی ١٩٦٤، بەڕاستی ئەمە زۆر زۆر کارێکی جوامێرانە و خەباتێکی دلێرانەی ئەم پیاوە

بەرزە بوو.. کۆتایی مانگی ١٩٦٣/١١ بوو، هەواڵێکمان بۆ هات کە عەبدولکەریم قاسم دێتە دەربەندیخان بۆ کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان، مەکتەبی سیاسی نووسراوی بۆ ناردین کەوا هەرچۆن دەبێت کەوا ئەو ڕۆژەی کە قاسم دێت دەبێت ئێمە تەقەی لێبکەین، من لەگەڵ ڕەشید قالە جاف لەگەل عەزیز حەمەی خەنان لەژاڵەناوەوە چووینە سەرەوە بۆ زمناکۆ و دوو کەسی بێچەکمان لەگەڵدا بوو تا چووینە سەرەوە یەك مەتارەی ئاومان پێبوو خواردمانەوە، کوڕێکی خزمم لەگەڵ بوو ناوی کەریم بوو ناردم بۆ زمناکۆ بۆ ماڵی حاجی عەبدولڕەحیم بۆ ئاو و نان، ئێمە لەچاوەڕوانیدا بووین بۆئەوەی عەبدولکەریم قاسم بێت و تەقەی لێبکەین، وەختێکمانزانی حاجی عەبدولڕەحیم بەقورئانێکەوە لەگەڵ کەریمدا هات بۆ لامان، وتی: برا بۆ خاتری خوا تەقەمەکەن، سەرباز دەوری ئاواییەکەیان داوین، ئاگاداریانکردووین هەر شتێك ڕووبدات ماڵەکانمان تەختدەکەن.

ئێمەش لەبەر ڕێزی گەورەیی قورئانەکە و ڕێزی کاك عەبدلڕەحیم کە زۆر یارمەتی ئێمەی دەدا، ئەو چالاکییەمان ئەنجامنەدا، ئەگەر ئەوکارەمان بکردایە دەنگیدەدایەوە و ڕەنگە عەبدولکەریم بەجۆرێکیتر بیری بکردایەتەوە.. لەگەڕانەوەدا کە هاتینەخوارەوە هەر لەخۆمانەوە پەلاماری ڕەبایەی بانی پردی دێوانەی لای دەربەندیخانمان دا، بەڵام ئەوکاتە لە گرتنی ڕەبایەدا شارەزانەبووین، دامانەبەر تفەنگ و چەند تەقەیەکمان لێکرد و ئەو ناوەمان شڵەژاند و هیچ دەستکەوتێکمان نەبوو و گەڕاینەوە.

دوای ڕۆیشتنمان بۆ بیارە و تەوێڵە، خەبەرمانزانی کەوا باوکم حاجی وەلی ئەمری گرتنی دەرچووە بەهۆی من و ئەحمەدی برامەوە، بۆیە ئیجازەمان

وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ نزیکی کەلار تاکو هاڵوهەواڵێك بزانین.. دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی ماڵەوە ناچار بڕیارماندا ئەحمەدی برام لە چەکداری وازبهێنیێ و بگەڕێتەوە ماڵەوە تا بتوانی چاودێری خێزانەکەمان بکات.

سێ ڕۆژ پێش ئێمە عەلی بەگی سەلیم بەگ ئیجازەی وەرگرتبوو گەڕابووەوە بۆ دەوروبەری کەلار، یەکمانگرت و بەنهێنی سێ شەو لە کەلار ماینەوە.

ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی دووی ١٩٦٣ بوو، دوای ئەوەی من و عەلی بەگی سەلیم بەگ بە دوو کەسیی ڕوومان کردە ناوچەی جاف بۆئەوەی هەوڵبدەین چەکدار لەو ناوچەیە دروستبکەین، شەوێك لە دێی زەردی حەمە لە ماڵی حەمەی مەحمودی نادر ماینەوە و ئینجا چووینە ملەسوورە و شەوێك لەوێش ماینەوە، بەیانییەکەی بەودیوی ملەسوورەدا ڕۆیشتین بۆ دەوری کوڵەجۆی حاجی حەمەجان، رادیۆیەکم پێبوو، رادیۆم کردەوە، گوێمگرت تەماشادەکەم هەرابوو، باسی کودەتابوو بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا، ئەو ڕۆژە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بوو کە بەعسییەکان و قەومییەکان دایان بەسەر حوکمدا و ڕۆژی دواتر عەبدولکەریم قاسم دەستگیرکرا و گوللەبارانیان کرد.

ئێمە لەوناوەوە ڕوومانکردە دێی هۆمەرمل و لەوێشەوە بۆ دوانزە ئیمام و هەتا ناو کەلار بووینە هەشتا چەکدار.

دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم گفتوگۆ دەستپێکرد لەنێوان شۆڕش و حکومەتی تازەدا، بەڵام لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییانەی حەرەس قەومییەکان بەرامبەر بە شیوعییەکان تەنانەت بەرامبەر بە بەعسییەکانیتر کرابوو کە خەڵکێکی زۆر کوژران و لەناوچوون لەنێوان عەبدولسەلام و

حیزبی شیوعیدا ناکۆکی هەبوو، بۆیە پەلاماری شیوعییەکان درا و هەندێك لــە ســەرکردەکانیان گــیران و لەســێدارەدران، ئەوانیتریشــیان رایــانکردە کوردستان و خۆیان گەیاندە ناوچەی بەمۆ لە دێهاتەکانی کـوێرەك و بـانیبی خۆیان گرتەوە و ئەو دێهاتانەیان داگیرکرد بەبێ ئەوەی پـرس بـە دەسـەڵاتی شۆڕش بکەن، ئەمەش وایکرد هەڵوێستیان لەبەرامبەر وەربگیرێ، بە بڕیاری سەرکردایەتی لەهەڵەبجەوە هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی رەوانشاد کاك عەلی عەسکەری بۆ زمناکۆ نێردرا، ئامر لیوای دەربەندیخان لە زمناکۆ چوو بـۆ لای کـاك عـەلی عەسـکەری بـۆ قسـەکردن لەوبارەیـەوە، کـاك عـەلی عەسـکەری بـە ئـامر لیـوای وتبـوو: بەتەقـدیری تـۆ بەچـەندێك دەتـوانین بەسەریاندا زاڵبین؟ ئامرلیوا وتبووی: ئەگـەر بتـوانن بـەماوەی سـێ مـانگ دەریانبکـەن زۆر باشـە، کـاك عـەلی عەسـکەری لەوەڵامـدا بـە ئـامر لیـوا وتبـووی: تـەنها سـێ سـەعات بەسـە بـۆ دەرکردنیـان.. بـەپێی پلانێـك پەلاماردران ئیتر لەماوەی سێ سەعاتدا ئـەوەی گـیرا گـیرا و ئـەوەی کـوژرا کوژرا و ئەوەی خنکا لە سیروان خنکا، ئەوەی مەلەوانبوو توانی بپەڕێتەوە، شێخ جەعفەری موحافیز کە ئەوسا لەگەڵ شیوعییەکاندا بوو خۆی و دوانـزە کەس لەسیروانەوە پەڕینەوە.

ئەحمـەدی بـرام لەســەر جــادەی دەربەنــدیخان لای گۆڕســتانەکەی پێــواز پێیانگەیشتبوو، لەگەڵ عەلی باوەلێ پیاوێکی هـاروونی بـوو، ئـەم سیانزە کەسەیان دابـوو لەبـەر هاوردیـان بـۆ بارەگـای ئێمـە لـە چـاڵە بنێشـتەکەی داریخلە، شێخ جەعفەر بە پێی پەتی دەرچووبو.. میمکە پانێ یەقەی گرتم و وتی: حەمــە گیــان ئەم پیاوانە بەردە بەیانی نــان و کەرێیەکتان دەدەمێ

منیش وتم: میمکە لەخۆمانەوە ناتوانین بەریانبدەین.
ئەوکاتە عەلی بەگی سەلیم بەگ لێپرسراوی یەکەم بوو منیش جێگری بووم، نامەمان بۆ هێزی قەرەداغ نووسی کە کاك کەمال مفتی فەرماندەی هێز بوو، هێز داوایانکرد بیانێرین بۆ قەرەداغ. من بەزەییم بە شێخ جەعفەردا هاتەوە کە پێیی پەتی بوو، ژێر پێی برینداربووبوو، جووتێ کلاشم بۆ پەیداکرد و کەرێکیشم لە ماڵە باشکییەکان بۆ پەیداکرد کە سواریبوو هەردوو قاچی لە زەوی دەخشا، ناچار ناردم لە ماڵی حاجی حەمە برۆ چەرموو کەێکی بۆ بهێنن.. ئیتر بەرەو قەرەداغ کەوتەڕێ و کەرەکەشی نەناردەوە بۆ خاوەنی، هەرجارەی حاجی محەمەدم دەبینی دەیوت: بەخوا کەرێ قەرزاری.
دوای ئەوەی کە دەستی حکومەتی عێراق دەرکەوت کە درۆدەکات و مافی کورد نادات، سەرکردایەتی شۆڕش خۆی کۆکردەوە بۆ شەڕ و بەرنامەی خۆئامادەکردنی دارشت و بەرەکانی شەڕ و لێپرسراوەکانی دیاریکرد.
بەعس کە هاتەسەر حوکم زۆر خراپەکاربوون و بڕیاریاندابوو شۆڕشی کورد لەناوبەرن و بیتوێننەوە، لە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی **١٩٦٣** بەیانێکی بلاوکردەوە کە لەهەموو قۆڵەکانەوە هێزەکانی دەستیانکردە شەڕ.. لەمەشدا پەلاماری دێهاتەکانیان دا و زۆر شوێنیان سووتاند و هاوولاتییەکی زۆریان شەهیدکرد، یەکێك لەو تاوانانە کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە حامییەکەی سلێمانی لەلایەن زەعیم سدیقی تاوانبارەوە، هەروەها دەرکردنی کرێکارێکی زۆری کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك.
کە گفتوگۆ تێکچوو، منیش ماڵەکەم گواستەوە دێی کیژۆك، چونکە باوکم

ئەمری گرتنی هەبوو، لە دێی کیژۆک گەوڕێکمان پاککردەوە کە ماڵی حەمەی مەحمود بوو لە کیژۆک چووینە ناوی، بارەگاکەشمان بردە چاڵەبنێشتەکە لە داریخلە.

دوای ئەوە شەهید ملازم عەبدوڵڵا هات بۆ بنکەی جاف و تەشکیلاتمان بۆکرا.. ملازم عەبدوڵڵا شێخ بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، کەسێکی لێهاتووبوو، رۆژێکیان پێکەوە دانیشتبووین وتی: کاک محەممەد باسی هەندێ بەرنامەی شەڕ و پەلامار و بەرگریم بۆ بکە، منیش وتم: تۆ ئەفسەری، بە عیلم خویندووتانە، ئێمە چاوەڕێی ئەوەین تۆ فێری شەڕمان بکەیت. وتی: من لەسەر کاغەز فێری شەڕ بووم، ئێوەش بەکردەوە فێری شەڕبوون و تەجروبەتان زۆرتر و دەوڵەمەندترە.. بەداخەوە ملازم عەبدوڵڵا لە شەڕی قاتەکانی کفریدا خۆی بەشەهیکردن دا و کۆمەڵێك پێشمەرگەیتریش شەهیدبوون.

من لەو شەڕەدا نەبووم و لەپێش کردنی ئەو شەڕەدا راوێژیان پێنەکردین، دیارە کەموکوڕی لە بەرنامە و خۆئامادەکردندا هەبوو بەتایبەتی تێکەڵبوونی پێشمەرگە و خەڵکی عەشایەر.

سیامەند بارزانی کە سەرلق بوو لەگەڵ عەزیز قازی کە جێگری سەرلق بوو بە منیان وت ٣٠ کەس هەڵبژێرە بەناوی پەلی جافەوە وەکو هێزێکی ئامادە لە هەرکوێ شەڕبوو بچین بۆئەوێ، منیش لە کوڕە گەنجەکان سی کەسم هەڵبژارد و دوای چەند رۆژێ ناردمانیان بۆ لای بەردی سەنگیارەی دەرەدەۆین و لەوێ بارەگامان دانا، نەمانهێشت حکومەت بانیخێڵان بسووتێنێ، سوپا بەئاسانی نەیدەتوانی جووڵەبکات.

ڕۆژێك کاك عەزیز قازی کە مەجید ئێرانی لەگەڵدا بوو هات بۆ لامان و وتی: سبەینێ کاروانی سەربازی دێت دەبێ لێیبدەین و نەهێڵین بڕوات،کاك حەمەی حاجی مەحمودیش هات و هێزەکەمان بەباشیی دابەشکرد نوقتەیەك لە بەری بانیخێلان حەسەن ڕەشید و ساڵح عەبدوڵڵا و مەلا مەحمودی شێختەویل و برادەرەکانیان بوو، نوقتەیەك کاکە حەمەی حاجی مەحمودی هارونی لەسەر پردەکەی بەرانبەر غەسالەکەی ئێستا، عەزیز قازیش بەرەو قەترە ڕۆیشت لەقولەیەکدا بۆ ئەوێ دانرا، منیش بۆ سەرقەلاَ.. هەموو هێزەکان شوێنی خۆیان گرت.. بۆ بەیانی کاروانی هێزەکەی حکومەت هات کە سێ فەوج بوون، فەوجێك دەیویست بڕوات بۆ جەلەولا، فەوجێك ڕەبیەیان دادەنا، فەوجێکیش پارێزگاری لە کاروانەکە دەکرد، کە گەیشتنە عاستی ئێمە لێیانهاتینەدەست، شپرزەمانکردن، تێکشکان تەنانەت تەرمێکیشمان لێگرتن کە دوای حەفتەیەك کەسوکارەکەی هاتن بردیانەوە، نەمانهێشت جەنازەکانیشیان بڕوا تا قافڵەی دووەم هات.. لەو شەڕەدا ئێمە زیانمان نەبوو، هەموو چەکێکی قورسی ئێمە تەنها برنەو بوو، کاك حەمەی حاجی مەحمود کلاشینکۆفێکی گرت، سێ شەو و سێ ڕۆژ نانمان بۆ نەهاتبوو، کەچی پێشمەرگەکان ورەیان زۆر بەرزبوو.

شەڕی قەترە شەڕێکی گەورەبوو لەبەیانییەوە تاکو ئێوارە شەڕبوو لەئەنجامدا هێزەکەی دوژمن تێکشکا و و رایکرد.

هەر لە مانگی تەموزی ساڵی **١٩٦٣**دا دوژمن لەو جموجوڵەی پێشمەرگە وەڕسبووبوو، بۆیە ویستی دەستێکیان لێبوەشێنێ، بەهێزێکەوە روویکردە دەوروبەری ژاڵەی حاجی قادر دوای ئەوەی هەواڵی بوونی پێشمەرگەی لەو

ناوەدا بیستبوو، شەڕێکی قورس لە کاتژمێری ١١,١٥ تا کاتژمێری ٤,٣٠ بەرپابوو، لەئەنجامدا دوژمن بەرگەینەگرت و تێکشکا، دواتر دوو فڕۆکەی جەنگیی گەیشتە ناوچەی شەڕەکە و بۆردومانی پێشمەرگەکانی کرد، یەحیای حاجی حسێنی حاجی قادر و مەحمود خانەقینی شەهیدبوون و ئەحمەدی براحەمە بە شەستتیری فڕۆکەی جەنگیی مێك زۆر بەسەختی بریندداربوو، هەروەها عەریف محەممەد مۆریاسیش بریندداربوو، دوژمنیش سێ ئەفسەر و کۆمەڵێك سەربازی کوژران و هەندێ چەك دەستکەوتبوو.. ئەم شەڕە بەناوی شەڕی ژاڵە ناوبانگی دەرکرد.. سیامەند و ملکۆ بەرپرسی یەکەمی هێزەکە بوون و هەر ئەوانیش سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد.

شایانی وتنە ئەحمەدی براحەمەی قەرەبلاخی یەکێك لە تێکۆشەرە ناودارەکانی کورد بوو، کە ئەندامێکی هوشیاری حیزبی هیوا و دواتر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگە و فەرماندەی شۆڕشی ئەیلول بوو، لەکاتی لێکترازانەکەدا لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو.. لە شەڕی سەڵواتوودا بۆ هەواڵی محەممەدی کوڕی دەچێ لەوێ لەلایەن هێزەکانی پارتییەوە دەستگیردەکرێ و دەبرێتە زیندانی رایات، دواتر بەناڕەوا شەهیددەکرێ و گۆڕوندەکرێ.

دوای ئەو شەڕە بە حەفتەیەك بە بڕیار گوێزراینەوە بۆ دێی سپیسەری ناو زەنگنە، شێخ باقری قەرەداغی هاتە شوێنەکەی ئێمە، کەمتەرخەمی کردبوو، زۆر گوێی نەدابووە حەرەسیات و واجیب، دوای سێ رۆژ سوپا هاتبوو دێی بانیخێڵانی سووتاندبوو.

ئێمە لـە سپیسـەرەوە چـووینە دێـی بـرایم غـولاّم، چـەند ڕۆژێـك ماینـەوە، لەقەرەداغەوە فەریق نامیق پۆسـتەی هێنـا دەڵـێ کـە عـەریف حەمیـد لـە تەکیەی جەبارییە و لەشەڕدایە و دەبێ فریای بکەوین، ئیتر ئێمـەش بەپەلـە شـارەزایەکمان لـە دێیەکـە پەیـداکرد و گەیشـتینە دێـی گۆلبـاخ، عـەریف حەمیدمان تووشـبوو و هـات بـۆ لامـان و وتـی" ئێمـە ناوچـەی جـەبارمان بەجێهێشت، ئێمە هیلاکین، بەڵکو ئێوە ئەو سـەر یالاّنـە بگـرن".. ئێمـەش بەرزاییەکانمان گرت، تەماشامانکرد دوژمن لە دێیەکی جـەباری دوو مـاڵی سووتاند و گەڕایەوە.. ئیتر دوای ئەوە ئێمەش چـووین بـۆ گونـدی هـەڕاوەی هەمەوەند.

لەوکاتـــەدا هەمەوەنـــدەکان بەبارەگاکەیانـــەوە چـــووبوونەناو حکومـــەت، لەوکاتەدا کاك عـەزیزی حەمـەی خەنان بەپەلێکەوە و حەمـە شـەمێرانی بـە یەك پەلەوە و شێخ سدیق هاتن دووچـاری شـەڕێکبووین لـە گونـدی هـەڕاوە شەوی دواتر ئەو جاشانە هاتبوونەوەناو دێی هەڕاوە، ئێمەش ئابلۆقەماندان، لەدوای شەڕێکی قورس چەند جاشێك کوژران و هەموویان هەڵهاتن، ئێمەش پێشمەرگەیەکمان شەهیدبوو بەناوی ساڵح هاجیلەری کـوڕێکی زۆر قارەمـان و ئازابوو..

لەوێ هەریەکە شوێنی خۆمان گرتبوو، دواتر ئەحمەد چـەقژی ڕێگـەی دابـوو جاشەکان دەربچن، بەلاّم ئەوان ١٣ کەسیان لێکوژرابوو.

دوای چەند ڕۆژێك کاك عەزیز و حەمە شەمێرانی گەڕانەوە بۆ قەرەداغ، من لەوێ مامەوە لەگەڵ لقی شێخ سدیقدا.

سێ مانگ لە شۆراوە ماینەوە کە بارەگامان لەئەشکەوتەکەدا دانابوو، شێخ سدیقی پۆلیس کە خەڵکی سلێمانی بوو، سەرلق بوو لە گەرمك، شەوێك خەبەری نارد کەوا سوپا پەلاماری ناوچەکە دەدات، ئێمەش خۆمان ئامادەکرد، کەچی دوژمن نەهات.. دوای حەفتەیەك شێخ سدیق نەقڵکرا و ئێمە چووینە شوێنەکەی، وەختێکمانزانی دوژمن هێرشێهێنا و ئێمەش لەڕوویدا وەستاین و دەستمان لێکردووە و لووتی شکا و گەڕایەوە.
دوایی کاك رەئیس کەمال مفتی هاتەلامان و وتی" ئێوە زۆر ماندوون، ئیتر بڕۆنەوە بۆ سنووری خۆتان"، کە بارەگا لە کەلی پەیکوڵێ بوو.. ئەو ماوەیە نەمدەهێشت یەك پێشمەرگە بچێتە ماڵان، بنکەی سەرەکی لە دەربەند باسەڕە بوو، دوو سێ رۆژ جارێك پێشمەرگەم بە وڵاخێکەوە دەنارد بۆ ئازووقە و خۆمان شتەکانمان دەکرد.. کاك رەئیس کەمال پرسیاری لەسەر ئێمە کردبوو، خەڵکەکە لە هەڵسوکەوتمان زۆر رازیبوون.
لەگەڕانەوەدا گەیشتینە گۆپتەپەی سەنگاو، بەفر لەزەویدا بوو، مامۆستا عولەما لەوێبوو، وتی" ئەمشەو میوانی منی"، بانگی مەسولی ئاوایی کرد کە دابەشمانبکات.. منیش بە مەسولەکەم وت پێشمەرگەکان لەماڵەکاندا دابەشبکات با لەبەر ئەو بەفرە نەبن.. لەکاتی دابەشکردندا دوو ماڵە دەوڵەمەند جێگەی پێشمەرگەکانیان نەکردەوە، ئێمەش رۆیشتینە مزگەوتەکە، مەسول ئاوایی هەر جوێنی دەدا و خوتەوبۆڵەی بوو، کابرایەك لەوێبوو وتی" ئەوە چییە"؟ ئەویش شتەکانی بۆ باسکرد، کابرا وتی" ئەمانە میوانی منن".

ئینجا بەدەم ڕۆیشتنەوە چووینە بانیمۆرد و لەوێش هەمانشت دوو ماڵ جێیاننەکردینەوە، وردەوردە هاتینەوە سنووری خۆمان کە بارەگامان لە کەلی پەیکوڵی بوو.

عەبدولسەلام بەینی لەگەڵ بەعسییەکاندا باشنەبوو، دیارە بۆ هەلێك دەگەڕا تا لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦٣دا کودەتای بەسەر بەعسییەکاندا کرد و خۆی و تاقمەکەی چوونەسەر حوکم.. ئەمەش وایکرد کە ماوەیەك هودنە لەنێوان حکومەتی عەبدولسەلام و شۆڕشدا بکرێ و شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتدا رابوەستێ کە هەردوو لایەن ئەوەیان پێویستبوو بۆ وچان و پشوودان بە هێزەکانیان.

عەبدولسەلام ئەوەی قۆستەوە کە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بکەوێتە گفتوگۆ، لە رۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش بەیانێکی بۆ راگرتنی شەڕ و پێکادانی سەربازی دەرکرد کە گوایە مافی رۆشنبیری دەدا بە کورد، ئەمە پێیوترا رێکەوتنی شوباتی ١٩٦٤.. هەرچی سەرپەل و سەرلق بوو بانگیانکرد بۆ قەرەداغ، مامۆستا حیلمی عەلی شەریف لە مەکتەبی سیاسییەوە هاتبوو، بۆی روونکردینەوە کەوا مەکتەبی سیاسی لەسەر ئەو گفتوگۆیەی بارزانی یەکلایەنە لەگەڵ عەبدولسەلامدا کردبووی رازینییە، چونکە بێ پرسی مەکتەبی سیاسی حیزب کردوویەتی.

ئەم رازینەبوونە لەسەر گفتوگۆ تادەهات پەرەیدەسەند تا وایلێهات رۆژی ١٩٦٣/٤/٤ مەکتەبی سیاسی کۆنگرەی ماوەتیان گرت و بارزانی و لایەنگرەکانی بانگنەکران.. بەمەش ئینشیقاقکرا، ئیتر رێکخستن و

هێزەکانیش دابەشبوون، زۆربەی کادیرەکان و مەکتەبی سیاسی و لقەکان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، بارزانیش هەندێ فەرماندە و پێشمەرگە و عەشایەری لەگەڵدابوو، شیوعییەکانیش پاڵپشتیی بارزانییان دەکرد.

لەئەنجامی ئەم ناکۆکییانە دەیان پێشمەرگە و چەندین فەرماندەی ئازا شەهیدبوون، سەرکردەی مەزنی وەکو عەلی حەمدی خرایە زیندان و دواتر گوللەبارانکرا و کەس نەیزانی گۆڕەکەی لەکوێیە!

ئەوکاتە من سەرپەل بووم، سیامەند سەرلق بوو، عەزیز قازیش جێگری سەرلق بوو.. من ئەو ململانێ و ناکۆکییەم پێناخۆشبوو، بۆیە بڕیارمدا ئیتر واز لە پێشمەرگایەتی بهێنم، پێشنیازێکم نووسی و بەرزمکردەوە بۆ سەرەوە کە ئیتر من پێشمەرگایەتی ناکەم، تائێستا لەناو پارتیدا کوردایەتیم کردووە نەك حیزبایەتی.. سیامەند و عەزیز قازی زۆر هەوڵیاندا کە پێشنیازەکەم وەرنەگرن، بەڵام من بڕیاری یەکجارەکی خۆم دابوو.

لەوکاتەدا گفتوگۆبوو، من گەیشتمە کەلار مام جەلال کە لە ناوچەی قەرەداغ بوو نامەیەکی بۆ ناردبووم بە حسێنی حاجی محێدیندا، لەنامەکەدا نووسیبووی: لەمام جەلالەوە بۆ محەممەدی حاجی وەلی لەم سەعاتەوە تۆ بەرپرسیاری لەهەموو ناوچەی جاف، بەڵام من رۆیشتبووم بۆ خانەقین.. نامەکەیان دابووە دەست باوکم، کاتێك نامەکە گەیشتە دەستی خۆم کار لەکارترازابوو..

وازهێنان و چەکدانانم کۆڵدان نەبوو لە کوردایەتی، بەڵکو هەتا ماوم بە ئەرکی دەزانم بەرگری لە کورد و کوردستان بکەم بەرێگایتر.

من لەناخەوە ئـەم ئینشـیقاقەم پێناخۆشبوو، هـەموو کـەس دەیزانـی شـەڕ لەنێوانیاندا هەڵدەگیرسێ، چونکە کەسیان ئەویتریان پەسەندناکات و ناتوانن بەیەکـەوە بـژین و دەسـتدەدەنە چـەك و لەبەرامبـەر یەکـدا دەوەسـتن و خوێندەڕژێ و خەڵك دەکوژرێ.

من گەرچی بڕیاری وازهێنانم لە پێشمەرگایەتی دا، بەڵام بە بیروباوەڕ لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا بـووم، چـونکە برادەرانـی مەکتـەبی سیاسـی تـەنها دوو کەس نەبێت عەلی عەبدوڵڵا و نوری شاوەیس لەگەڵ مەلا مسـتەفا مانـەوە ئیتر تەواوی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مام جەلال بوون، من بیرۆکەی ئـەمانم بەڕاستدەزانی، کە داشنیشتم چەکم بۆ هیچ لایەك هەڵنەگرت هـەتا دەگاتـە ساڵی ١٩٧٤.

هۆکاری ناکۆکییەکان زۆربـوو، پێوەنـدی بەدەسـەڵاتدارییەوە هـەبوو، باسـی ئەوە دەکرا کە دووسەد هـەزار دینـار لـەدەرەوە کۆکرابـووەوە و گەیشـتبووە دەسـتی مەکتـەبی سیاسـی، مەکتـەبی سیاسـی داوایکردبـوو نـاوی پێشمەرگەکان بنووسرێ تا مووچەیان بـدرێتێ، بـەڵام مـەلا مسـتەفا بەمـە رازینەبوو، وتبووی دەبێت پارەکە بێتە سەرەوە نەك لەخوارەوە دابەشبکرێ و شتیتریش هەبوو!

هەرچەندە ئینشیقاقەکە خراپبوو، دوژمن سوودی لێدەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا باڵی مەکتەبی سیاسی هەندێ شـتیان بـە حکومـەتی عێراقـی کـرد وەکـو دەسـتکەوت بـۆ کـورد قـازانجی زۆری هـەبوو وەکـو: کردنـەوەی زانکـۆی سلێمانی، کردنـەوەی بەرنامـەی کـوردی تەلـەفزیۆنی کـەرکوك، داننـان بـە جەژنی نەورۆز کە پێشتر قەدەغەبوو و بەدزییەوە دەکرا.

ساڵی ١٩٦٦ دوای وازهێنانم لە پێشمەرگایەتی و دانیشتنم لە کەلار ناحەزان راپۆرتێکیان لەسەرم نووسیبوو و دابوویانە حکومەت گوایە من لە سنووری سوریاوە چەك دەهێنم و بە ئۆتۆمبیلێکی تەمسی دووتەنی بۆ پێشمەرگەی دەنێرم، لەسەر ئەمە حکومەت لەکفرییەوە داوایکردم لەوێ دەستگیرکرام و بۆ رومادی رەوانەکرام، ماوەی چل رۆژ لەزینداندا مامەوە تا لەسەر داوای مام جەلال و لەرێگەی کاك رەفیق پشدەرییەوە هەوڵم بۆ درا و لە زیندان ئازادکرام، لەو زیندانەدا لەگەڵ مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا لەژوورێکدا پێکەوەبووین.

دوای ئەوە من دەستمکردە کاروکاسبی، دۆستایەتیم لەگەڵ عەبدولڕەحیم فەیلیدا بتەوبوو، ئەو بازرگانێکی گەورەبوو لە بەغداد، کاتێ بارزانی لە سۆفیەت گەڕایەوە کە لە کەشتییەکە دابەزی شۆفرلێتێکی پێشکەشکرد، من لەگەڵ ئەم پیاوەدا پێوەندی کاسبیم باشبوو.. هەمووجارێ کە دەچوومە بەغدا دەبوا سەردانمبکردایە و هەواڵی کوردستانم بدایەتێ.

جارێکیان چوومە بەغدا، بەیانی زووبوو، رۆژێك پێش ئەوە سوپای عێراق چووبووەسەر شاخی خۆشك و چادریان هەڵدابوو، کە گەیشتمە لای عەبدولڕەحیم دوای چۆنی و چاکی وتی: دەنگوباس؟ وتم: خراپە. وتی: بۆ؟ وتم: سوپا چووەتەسەر شاخی خۆشك و چادری هەڵداوە، عەبدولڕەحیم بەم هەواڵە خەمناك بوو.. لەپڕ تاهیر یەحیا کە وەزیری بەرگری عێراق بوو و زۆرجار بەیانیان دەهاتە نووسینگەکەی و نان و چایی دەخوارد.. کە تاهیر یەحیا دانیشت، دوای بەخێرهاتن عەبدولڕەحیم پێیوت: تاهیر ئەمە چییە عەبدولکەریم شندالە سەگباب (فەرماندەی لیوا بوو لە سنووری ناحیەی

مەیدان)ت داناوە دەیەوێ چاوی کورد دەربێنێ؟ تاهیریش وتی"ئەوە ئەرکی خۆیانە"، سەیرێکی منی کرد.. عەبدولڕەحیم پێیوت: ئەوە برای منە لێیمەترسە، دەستیبرد لە چەکمەجەکەی دەمانچەیەکی دەرهێنا و وتی" بەخوا ئێستا نامەی بۆ نەنووسی لەوێ نەکشێتەوە بەم دەمانچەیە خۆم دەکوژم".. تاهیر دەترسا، عەبدولڕەحیم پێیوت: ئەمە کەسی خۆمانە، نامەکە بنووسە و ئەم دەیبات. ئیتر تاهیر یەحیا نامەیەکی بۆ عەبدولکەریم شندال نووسی.

من لەبەغدادەوە کەوتمەڕێ تا ئەو نامەیە بگەیەنم.. لە ترسی سەیتەرەکان نامەکەم خستبووەناو پێڵاوەکەمەوە، لە تەپکەکەی مەیدان پەڕیمەوە لەوێ نامەکەم دەرهێنا.. لەوێ جاشەکانم بینی وتیان: ئەوە خەیرە؟ وتم: بەڵێ خەیرە! منیش دەمەوێ لەو شۆربایە دەستێ بلێسمەوە.

چوومە پرسگەی لیوا و ئاگاریانکردەوە کە میوانێکی هاتووە و بانگکرام و چوومە ژوورەوە، چایەکیان بۆهێنام، دوای ئەوە منیش نامەکەم دایەدەستی، تووڕەبوو و چاوی جنجنکردەوە و وتی"ئەڵڵا یهجم بیتك ئەنتە واسل یەم ئەڵڵا "! لەوکاتەدا ئەفسەرێك هاتەژوورەوە و وتی" گەورەم لە خۆشك داوای هێز دەکەن"! ئەویش وتی"هێز نییە با خۆیان بەرگریبکەن".

ئێمە هەندێ قسەمانکرد، دیسانەوە ئەفسەرەکە هاتەژوورەوە و وتی: گەورەم لە خۆشك دیسانەوە داوای هێز دەکەن. ئەویش بەهەمان شێوەی پێشوو وتی: وتم هێز نییە با خۆیان بەرگریبکەن.. دیاربوو هێزێکی پێشمەرگە لە سنووری هەڵەبجەوە بەسەرپەرشتی حەمە شەمێرانی هاتبوونەسەر ئەو رەبایەیە و سەربازەکان شپرزبووبوون.

عەزیزی حەمەی خەنان لەگەڵ ساڵحی گەردە و هەشت پێشمەرگەیتردا خۆیان حەشاردابوو، لەو چالاکییەدا بەشداریانکردبوو، ئەمان لە سەرەوە و ئەوانیش لە خوارەوە لێیاندابوو، نەیانهێشتبوو یەك سەرباز دەربازبێ هەموویان تیاچوون.. دوایی ئەفسەرێك بەناوی ئەبو نەبیل لەمەیدانەوە چووبوو هەموو جەنازەکانی هێنابووە خوارەوە.

من دوای وازهێنانم لە پێشمەرگایەتی هەر پێوەندیم بە رێکخستنەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی مابوو، هەموو مانگێ لەرێگەی کاك عەبدولڕەحمان زەلکەییەوە ئابوونەوەم بۆ هەمەدان ناردووە.

ساڵی ١٩٦٨ بڕیارمدا ژنبهێنم، لە خانەقین چوومە داوای حەپسە محەمەد عەبدولڕەحمان کە لە شێخەکانی عازەبانە، کەچی باوکی نەیداپێم و وتی جەلالییە، دواتر مامەیەکی لەبەغدادەوە هات و لەگەڵ خۆیدا بردمی و لەوێ مارەیکرد لێم، باوکی لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمارکردم، بەڵام دادگا لە بەرژەوەندی من بوو، لەم ژنە حەوت کوڕم هەیە: سامان، سەردار، سوپا، سالار، شاخەوان، بیستوون، شوان و یەك کچ بەناوی تەلار.

شەڕی حکومەت و کورد بەردەوامبوو، سەرەڕای هاتنی حکومەتێکی تازە بۆ حوکمی عێراق لەلایەن حیزبی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٨ بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەم جەماعەتە هەرچەندە بەعسی بوون، بەڵام لەسەرەتاوە وا خۆیان نیشاندەدا کە لەگەڵ بەعسی پێشوودا جیاوازن، شێوەی قسەکردنیان نەرمتربوو بەرامبەر بە مەسەلەی کورد، دیاربوو دەیانویست خۆیان قایمبکەن و نیازپاکیی خۆیان بۆ کورد دەربخەن کە گفتوگۆبکەن، ئەم هەنگاوەشیان سەریگرت و ئەوەبوو لەدواییدا لەگەڵ

سەرکردایەتی کورددا گەیشتنە ئەوەی گفتوگۆبکەن و لەدوایشدا پێکبێن و ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ مۆربکەن کە ماوەی چوار ساڵی خایاند.

بە رای من هەر لایەنێك لەعێراقدا دەهاتە حوکم بۆ ماوەیەك لەگەڵ کورددا دەکەوتە گفتوگۆ نەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی مافی کورد، بەڵکو بۆ چاوبەستەکی و جێوڕێ قایمکردنی خۆی بووە، ئەگینا ئەگەر نیازپاکیی هەبوایە ئەوا بەئاسانی دەتوانرا بە کەمیشبێ ئەوەی کورد داوایدەکات بیدرێتێ و ڕێگە لە یاریکردنی دەوروبەریش بگیرێ بەتایبەتی بەعس با لە ڕێککەوتنی ئازاردا دانیان بە مافی کورددا نا، بەلاّم راستگۆ نەبوون، جگەلەوەش شۆڕشیش بەتەواوی نەیدەویست ڕێکبکەوێ و لەپشتەوە هاندەدرا بۆ ڕێکنەکەوتن کە ئەمەش تەنیا زیانی دوارۆژی کوردی تیابوو.

دوای جیابوونەوە و گەڕانەوە لە هەمەدان، بارەگای باڵی مەکتەبی سیاسی لە بەکرەجۆ و لە کەلار دانرا، منیش ماڵم لە کەلار بوو، بارەگای مام جەلال و ماڵی ئێمە دیوارێك بەینمان بوو، زۆربەی جار کە مام جەلال میوانی بهاتایە لە ماڵی ئێمە دەبوو، جارێکیان ژن و پیاوێکی رۆژنامەنووسی ئەمریکی هاتنەلای مام جەلال، ئەویش ناردنی بۆ ماڵی ئێمە.

کاتێك ڕێککەوتنی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کرا هەلومەرجێکی تازە هاتەئاراوە، تۆزێك ئومێدی بە کورد دا لە شەڕ و کوشتار دووربکەوێتەوە، مادەکانی شتی باشی تیابوو، خەڵکیی کوردستان زۆریان پێخۆشبوو کە کورد پێبنێتە قۆناغێکەوە مافەکانی دەستبکەوێ، ئەگەرچی خەڵکە هوشیارەکە هەر بەوریاییەوە سەیری ئەم ڕێککەوتنەیان دەکرد کە لەوانەیە

بەعس یاری بکات و کورد بخلافێنێ، لەهەمانکاتدا لایەنێکی ناکۆکی کوردایەتی هەرەسیهێنا کە ئەویش باڵی مەکتەبی سیاسی بوو.
مام جەلال لە بەغداد بۆ کەلار گەڕایەوە و لە ماڵی ئێمە لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد و کاك عومەر دەبابە و مامۆستا عولەما و عەلی مام ڕەزا بەیانێکیان دەرکرد کە پشتیوانی لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕش کرد و دواتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کۆبووەوە و ناوەڕۆکی بڕیارەکەی پێڕاگەیاندن کە ئیتر وەکو هێزی چەکداری باڵی مەکتەبی سیاسی نامێنن، کێ دەیەوێ وەکو پێشمەرگە بمێنێتەوە دەتوانێ و کێش دادەنیشێ ئازادە و ئارەزووی خۆیەتی.
ئەم بڕیاری هەڵوەشانەوەی مەکتەبی سیاسییە نیازچاکییەك بوو بۆ ڕێکخستنی ریزەکانی کوردایەتی، بەلاّم هەندێك کەس بە پاشەکشەیان دەزانی لە هەڵوێست، چونکە بڕوایان بە بەرنامەکەی بارزانی نەبوو.
ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەو سەردەمە هەناسەدانێکی باشبوو، ژیان تۆزێ بووژایەوە و خەڵکی کەوتنە کاسبی، منیش لای خۆمەوە دەستمدایە کاروکاسبیکردن و لەمەشدا توانایەکم هەبوو لە دروستکردنی پێوەندی و مامەڵەکردن و خەڵکیم دەناسی تا متمانەم پێبکەن لەو بوارەدا.
بە بڕوای من هەردوو لای حکومەت و شۆڕش کەموکوڕییان هەبوو لە جێبەجێکردنی مادەکانی ڕێککەوتنەکەدا، هەر ڕۆژە و جۆرەها کێشە و گرفت دروستدەکرا لەلایەن حکومەتەوە تا هەنگاوەکان بەرەوپێشەوە نەچن، سەرکردایەتی کوردیش توندڕەوانە مامەڵەیاندەکرد و وەلاّمەکانیان بۆ چارەسەرنەبوو، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ئاگری هەڵگیرسانەوەی شەڕ نزیکدەبووەوە تا

دواجار و دوای چوار ساڵ نێوانی حکومەت و شۆڕش تێکچووەوە و شەڕ هەڵگیرسایەوە و دامودەزگاکانی حیزب لەناو شار نەما و خەڵکێکی زۆر بەلێشاو روویانکردە شاخ.
منیش بڕیارمدا وەکو هەموو کوردێك شار بەجێبهێڵم و لەگەڵ ماڵ و منداڵ و ماڵی باوکم رووبکەینە ئێران، بۆ ئەمەش پێویستم بە پسوولەی چوونە ئێران هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە بڕیارمدا بچمە لای ئیسماعیل رەشید بەگ کە بارەگای لە مەحمود قەجەر بوو، هەردوو ئۆتۆمبیلەکەمان بارکردبوو لە ئەشیای ماڵی خۆمان، بەیانی زووبوو داوامکرد نانی بەیانی ئامادەبکەن تا نان و چایی بخۆین و بڕۆین.
لەوکاتەدا رەفیق پشدەری ئامادەبوو.. رەفیق پیاوی ئەمنی عام بوو لە بەغدا، زۆر بەدەسەڵاتبوو لای حکومەت، کە حاڵەکەی ئێمەی بینی وتی" ئەوە چییە ئەو ئۆتۆمبیلانە بارکراوە"؟ وتم: ئەوەی راستیبێت بۆ ئێران دەڕۆم، وتی"بۆ تۆ پێشمەرگەی وا دەڕۆی"؟ وتم: دەڕۆم بۆئەوەی خیانەتنەکەم! وتی" ئەگەر لێرەبین و پێشمەرگەش بیت"؟ وتم: ئەی ئەمە بۆ کێ دەستدەدات؟! وتی" بۆ تۆ دەستیداوە"، وتم: تۆ پیاوی دەسەڵاتی وەرە دانیشە بزانم دەنگوباس چییە؟
وتی" مەلا مستەفا کاغەزی بۆم نووسیوە لە کاغەزەکەدا نووسیویەتی رەفیق پشدەری زۆر محاوەلەمکرد تۆ لەناوببەم بەڵام دیارە خیانەتت لە میللەتی کورد نەکردووە، بۆیە لەناونەچووی، ئەوە رۆژی رەش ئینتیزارماندەکات داوات لێدەکەم زانیاری حکومەتم بدەری".

نامەکەی مەلا مستەفا بارزانی کاك حەبیب محەممەد کەریم کە سەرۆکی وەفدی گفتوگۆی شۆڕش بوو لەگەڵ میریدا هاوردبووی بۆ کاك رەفیق پشدەری وتی: منیش لە وەڵامی نامەکەی مەلا مستەفا نووسیومە من ئامادەم سڕی حکومەتت بدەمێ، بەڵام پیاوێ لەکەلاردا ناوی محەممەدی حاجی وەلییە ئەگەر ئەو پیاوە یارمەتیمبدات ئامادەم سڕی حکومەتت بدەمێ، هەموو مەعلوماتێکت بدەمێ، غەیری محەممەدی حاجی وەلی من لە کەس دڵنیانیم، کاتێ ئەمەی بۆ گێڕامەوە وتی: تۆ لەئێستاوە پیاوی حکومەتی ئێستا دەتبەم بۆ لای ئامر لیوای جەلەولا.. من کارەکەی ئەوم بەدڵبوو، ئیتر مەسەلەی رۆیشتنم بۆ ئێران بەماڵەوە هەڵوەشایەوە و لە شوێنی خۆمان ماینەوە.

بەڵێ لەگەڵیدا رۆیشتم بۆلای ئامر لیوا لە جەلەولا وتی" بە ئەمری سەیید رەئیس ئەم پیاوە دەبێت ماڵ و منالی و خزمەکان و کەسوکاری زامن و پارێزراوبن لەلایەن حکومەتەوە".

ئامر لیوا وتی: ئەوە ژمارەی تەلەفۆنە هەر پێویستییەکت هەبوو بە نیو سەعات دەگەمە لات، منیش قەناعەتمکرد هەڵسام بەو کارە مەزنە. هەر ئەوکاتە پۆستەیەکی هاوردبوو داییێم وتم من شارەزا نیم چۆن بڕۆم، چونکە رێگەی سەیارە نەبوو دەبێت بەپێ بڕۆیت، وتی: بڕۆ قەلادزێ شەفیقی برام لەگەڵ خۆتدا ببە بۆلای بارزانی. منیش لەکەلارەوە بەهەر هەولێك بوو گەیشتمە قەلادزێ، چونکە لەپێش مندا کاغەزێکی بە شەفیقی برایدا نووسیبوو بۆ مەسعود بارزانی، رۆیشتمە قەلادزێ شەفیق نەگەڕابووەوە لە

حاجی ئۆمەران من لەپێشدا شەفیقم نەبینیبوو، بەڵاّم لە رەفیقم پرسی کەوا شەفیق پیاوێکی چۆنە ئەویش وسفی شێوەی بۆ کردم.

من لە دۆڵی شەهیداندا بەپێ رێمدەکرد بینیم پیاوێك لەبەرامبەرمەوە هات، پێیگەیشتم و دوای ماندوونەبوونی وتم: کاکە وەرە دانیشە منیش هیلاکم با هیچ نەبێت کەمێك دابنیشین.. دانیشتین و من پرسیارم لێکرد وتم: ناوی خزمەتت فەرمووی ناوم شەفیقە وتم: شەفیقی حاجی مامە، وتی: چۆن دەزانی من ئەوم؟ وتم: من لای کاك رەفیقەوە هاتووم فەرمووی تۆ: کاك محەممەدی  وتم: بەڵێ ئەوم.

وتی: رەفیقی برام  هەرباسی تۆ دەکات، وتم: دەی هەرئێستا لەگەڵمدا بگەڕێوە بۆ حاجی ئۆمەران، وتی" بەسەر هەردووچاوەکەم"، لەگەڵ مندا گەڕایەوە بۆ حاجی ئۆمەران. چووین خەبەرمان دایە دەفتەری کاك مەسعود و شوێنیان بۆ دیاریکردم وتیان سەعات هەشتی شەو بڕۆرەناو چادری ژمارە دوانزە لە ئازادی. چوومەناو چادرەکەوە دانیشتم سەعات هەشتی شەوبوو عەبدولموهەیمن بارزانی هات بەدوامدا و چوومە لای کاك مەسعود بارزانی پۆستەکەم پێبوو تەسلیمی دەستیم کرد، وە ئیتفاقمان کرد کەوا ئەو شەوەی من دێمە لای کاك مەسعود نابێ کەس لە بارەگای بارزانی بێت و لەوکاتەدا، مەرجەکانی منی قەبوڵکرد و ناوی نهێنی دانا ناوی منی نا (توفاح)و خۆیشی ١١١.

من گەڕامەوە بۆ کەلار ئەمجار چی زانیاریمان کۆدەکردەوە دەمبرد بۆ کاك مەسعود بارزانی،  چوون و هاتنەوەم بۆ کەلار نزیکەی یەك مانگی خایاند

مەبەستم جاری دووەمە.. منیش لە هەندێ بابەت موداخەلەمدەکرد، دەرکەوت کە حکومەتی عیراقی کەوتووەتە وتووێژ لەگەڵ ئێراندا و عیراق بڕیاریدا چواریەکی شەتولعەرەب بداتە ئێران، بەڵام ئێران هەرداوای نیوەی دەکرد، شا کەوتەڕێ بۆ میسر.. سەدام حسێن چوو بۆ مسر بۆ وتووێژ لەگەڵ شادا، بەڵام رێکنەکەوتن پێش رۆیشتنیان بە دە رۆژ من چووم خەبەرمدایە کاك مەسعود بارزانی و لە سەفەری میسردا رێك نەکەوتن.

ئەمجارەیان ئەو کەسانەی کەوا فایلیان هەبوو پەیوەندیانکرد بەڕژێمەوە ناوی هەموویانم دایە کاك مەسعود بارزانی هەتا ئەوکەسەی شفرەکەی تەنزیمدەکرد بۆ هێزەکان هەموو نووسخەیەکی دەدایە حکومەت بە ٧٠٠٠ حەوت هەزار دینار عیراقی، ئەوکاتە وتم بە کاك مەسعود شفرەکە بگۆڕە.

بۆ جارێکیتر سەدام حسێن کەوتەڕێ بەرەو ئوردن بۆ داخستنی دەرگای شۆڕش و هەرەسپێهێنانی شۆڕش، دووبارە پێش پانزە رۆژ لە چوونی خەبەرمدایە کاك مەسعود بەرزانی، بەڵام من ئەم پۆستانەی دەمبرد هەموو جارێك لەسەر پۆستەکە رەفیق پشدەری دەینووسی دەبێت محەممەدی حاجی وەلی سەرۆك بارزانی ببینێت بۆ ئەوە راستییەکانی پێبگات ئەوا سەدام حسێن خەریکە دەرگا دادەخات لە شۆڕش، بەداخەوە رێگەیانەدەدا سەرۆك بارزانی ببینم بۆئەوەی خەبەرە راستییەکانی پێبگەیەنم، ئەوەبوو لە ولاتی ئوردنیش رێکنەکەوتن چونکە معامەلە تەنها لەسەر شەتولعەرەب بوو بۆ جاری سێیەم لە تورکیا کۆبوونەوە دووبارە خەبەرمدایەوە بە کاك مەسعود بارزانی.. بێجگەلە نووسراوەکان خۆم بە زارەکی خەبەرەکانم دەدایە کال مەسعود، لە ترکیاش رێکنەکەوتن.

ئەمە تائێستا دەهەمینجارە دەگەمە لای کاك مەسعود هەمووجارێك کە دەگەڕامەوە رەفیق دەهاتە شوێنما لەگەڵ معاونی بەڕێوەبەری ئەمنی عامدا ناوی ئەبو عامر بوو. هەمووجارێك ئەوەی لە بەرژەوەندی شۆڕش بوو لە دژی حکومەت بوو من هەواڵمدەدا پێیان. ئەمجارە دەهەمین جاربوو دەگەڕامەوە لای بەڕێوەبەری ئەمنی عام هات بەشوێنما وتی: خەبەرات چییە، وتم: لێم بپرسە بەش بەش تا وەڵامتبدەمەوە.. وتی: چەکیان چۆنە؟ وتم: ئەمجارە من لەئێرانەوە رۆشتووم تۆپم بینی لە شاری مهاباد سەیارەیەکی سکسویل رایدەکێشا دوای دوو رۆژ گەشتمە حاجی ئۆمەران وتم: بینیم پێشمەرگەکان ناو لوولەکەیان پاکدەکردەوە پرسیارمکرد لە پێشمەرگەکان وتم: ئەوە بۆچیتانە پێشمەرگەکان لەوەڵامدا وتیان: بەغدای پێبۆردوماندەکەین. وتی: فڕۆکەکانی ئێمە چۆن بۆردوماندەکەن؟ لەوەڵامدا وتم: فڕۆکەکانتان لەئاسماندا وەکو داڵ دیارە بەبەرزەوە بۆردوماندەکات. وتی" تائێستا چەند کەسیان کوشتووە"؟ وتم تائێستا کەسیان نەکوشتووە؟ وتی" بۆچی" وتم: چونکە فڕۆکەکانتان وەختێك دێن چوار سەربازگەی ئێرانی لەوێن مجەهەزن بە چەکی ئەمریکییەوە ئاسمانی حاجی ئومەران تا دەگاتە گەلاڵە دەیکەنە ئاگر.. وتی" ئەی ئەو ساروخانە لەکوێ فڕێدەدەن"؟ وتم: لەشوێنێك فڕێدەدات کەوا دژەئاسمانی پێینەگات! وتی" زەخیرەیان چۆنە"؟ وتم: هەموو رۆژێ چوار سەیارەی سکس زەخیرە دەهێنن بەبێ بەرامبەر تەوزیعیدەکەن وتی" پارەیان چۆنە"؟ وتم بیست و هەشتی ئەم مانگە لای عەلی عەبدوڵڵا بووم لە ناوپردان، چونکە لەوە بەولاوە رێگەی سەیارە نییە، چوار دانە گوێدرێژیان بارکردبوو لە ئەسکەنازی ئێرانی بۆ

مووچەی پێشمەرگە بەڕێوەبەری ئەمن تەلـەفونی کـرد بـۆ سـەعدون غێـدان ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو، وتی سەییدی دەلیلەکە وا پارەمـان لێناسـێنێت لەنزیك خەبەراتی پێیە پێمخۆشە خـۆت گوێـت لێبێـت ئەوانـەیتر کـە ئێمـە دەیاننێرین بە پارە دەڕۆن کەچـی درۆدەکـەن بەقـەدەر پارەکـە کـە دەیـدەین درۆمان بۆدەکەن، بۆیە پێمخۆشە خۆت گوێت لە قسەکانی بێت..

وتی: هەردووکتان هەرئێستا لەگەڵ کاك رەفیق پشدەری بێن بۆلام.

ئێمەش هەرسێکمان چووین بۆلای سەعدون غێدان، ئەمـەی گێڕامـەوە بـۆ بەڕێوەبەری ئەمن، بۆ سەعدون غێدانیش گێڕامەوە.. وتی بە عەرەبی (والله إذا هيچی لازم نتفاوض وياهم)، وتی" ناردوومانە بۆ دەوڵـەتێکی عـەرەبی دراوسێمان بۆ چوار گوللـەی تـۆپ نەیانـداوەپێمان! دەتـوانی ئـەم کامیرەتـە بدەمیٚ رەسمی ئەم چوار سەربازگە ئێرانییەم بۆ بگـری تـا بیدەمـە مـەجلیس قیـادەی سـەورە فـەرزیکات بەسـەر سـەدام حسـێندا بۆئـەوەی گفتوگۆیـان لەگەڵبکات دەنا عێراق تیادەچێت" منیش وتم: بەڵی دەتوانم ئەوەبکەم.

کامێراکەی داپێم و زۆر رێـزی لێگـرتم وتـی"(ئوتلـوب) چیت گەرەکـە وتم: هیچم ناوێت تەنها خزمێکم لـە ژووری سـێدارەیە لـە موخابـەرات بـەناوی رەئوف قەیتـەران. تەلـەفونی هـەڵگرت وتـی: (اريـد رؤوف قيطـران حيـاً أو ميتاً) وتی بابێت بۆ ماڵی رفیق ئـەویش ناونیشـانی مـاڵی خۆیـانی داپێـی لەگەڵ ژمارەی ماڵ و ناونیشانی تەواو.

ئێمە لای سەعدون غێـدان دەرچـووین گەیشـتینە مـاڵی کـاك رەفیـق دیمـان سەیارەیەکی تەکسی لەدواوە دەدات لە هورن. کاتێك سەیری دواوەی خۆمان کرد بینیمان رەئوف قەیتەرانە ئازادیکردووە، بەڵام کە لای سەعدون غێدان

دەرچووین رەفیق دەستیکردە ملم ناوچەوانی ماچکردم وتی: بۆ خاتری خوا حکومەتت هاوردەلەرزە لەمالاٚ مەخەوە بگەڕێوە بۆ حاجی ئومەران، چونکە شا و سەدام پازدە رۆژیتر دەڕۆن بۆ جەزائیر و ریکیشدەکەون و قاپیی لەسەر خۆمان دادەخریٚ.

ئەو رۆژەی لای سەعدون غێدان دەرچووم لە بەغدا بۆ دوانزەی شەو گەیشتمە قەسری شیرین.. لەقەسرەوە سەیارەم بە خسوسی گرت بۆ کرماشان بۆ ئێوارەی داهاتوو گەیشتمەی حاجی ئومەران.. چوومە دەفتەری کاك مەسعود مەسئولی دەفتەرەکەی ناوی (شلەیمون) بوو کوڕێکی مەسیحی بوو، وتم خەبەربدە کاك مەسعود بلٚیٚ: (توفاح) هاتووە دەلٚیٚ دەبیٚ هەر ئەمشەو بیبینم. ئەویش وەلاٚمیدامەوە بۆ سەعات هەشتی شەو چاوەڕێبە لە هوتێلی حاجی هۆمەران، ئەوەبوو عەبدولموهەیمن سەعات هەشتی شەو هات بەدوامدا.

چوومە لای کاك مەسعود بارزانی وتی"خەیرە زوو گەڕایتەوە"؟ منیش هەموو شتەکانم بۆگێڕایەوە ئەوەی باسمکردبوو بۆ سەعدون غێدان، وتم: ئەم کامیرەیەم هاوردووە رەسمی ئەم چوار معسکەرەم بۆ بگرن، چونەکە ١٥ رۆژیتر سەدام دەڕوات بۆ جزائر و شای ئیرانیش دەڕوا بۆ جزائر و نیوەی شەتولعەرەب دەدەنە ئیران و دەرگاتان لێدادەخەن و لەوەلاٚمدا کاك مەسعود فەرمووی: ئەوە نهێنییەکە لەنێوان ئێران و ئێمە و ئەمریکادا نابێت ئەو نهێنییە ئاشکرابێت و شا هەرکاتێك دەڕوات بۆ ئەو کۆبوونەوانە لەگەڵ نوینەری ئێمەدا کۆبوونەوەدەکات.. وتم ئەگەر ئەو وێنانە ببەمەوە بۆ سەعدون غێدان دەیداتە مەجلیس قیادەی سەورە بۆ ئەوەی زەغتبکەن لە

سەدام بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە بکات.. کاک مەسعود وتی جارێکیتر لەسەر میزی گفتوگۆ لەگەل حیزبی بەعس دانانیشم، منیش لەوەلامدا پێموت کاک مەسعود دەزانی جووت چییە؟ وتی بەڵێ. وتم: من بە گا جووتمکرد، بە داس دەرەومکرد، نامە خەرمان، خەرمانەکەم سووتا! وتی" بۆ"؟ وتم: من ئەو هەموو هیلاکییەم کرد تا رۆژی رەشی ئەم ولاٌنە نەبینم و ئەو قوەتەی ئێران و ئەمریکا دەیدات بە تۆ حەپی موسەکینە عیلاج نییە؟ وتی" چارچییە"؟ وتم ئەگەر ئیران راستدەکات ئەو هێزە با لەبەمۆوە بتداتێ ئەو تۆپەی لێرە دەیتەقێنێ دەکەوێتەناو شەقلاوە ئەو تۆپە ئەگەر لەبەمۆوە بێت ئەوا دەداتە ناو شارەبان و مەنسورییە و دەتوانین ماوەی بیست و چوار سەعات مەیدان و دەربەندیخان بگریت، بەغدا ئینزاربکەی بە تەقاندنەوەی سەدەکە و قسەکانی قبوڵنەکرد کاک مەسعود، منیش لەوەلاٌمدا خواحافیزیم لێکرد و وتم: من ئیتر ناتوانم بێمەوە لای جەنابت. وتی: نابێت دەبێت مەعلوماتم بۆبێنیت و بگەڕێیتەوە، منیش وتم: رێگەنامێنێت، بەڵێنبێت رێگەبمێنێت بگەڕێمەوە، چونکە ئەوەی ئێران داوایکردووە حکومەتی عیراق ئامادەیە تەنازولی بۆبکات بۆئەوەی دەرگای شۆڕش لەئێوە دابخات.. کامێرەکەم دایە کاک مەسعود و گەڕامەوە.

ئەوەبوو دوای پانزدە رۆژ بەیان لەجەزائیرەوە دەرچوو شۆڕشی کورد تووشی ئەو نوشوستە گەورەیە بوو، لەدوای دوو مانگ بەڕێز کاک مەسعود نامەیەکی بۆ نووسیم نامەکەی دابوو بە محەممەدی حاجی مەحمود هارونی.. لەنامەکەدا نووسیبووی: ئەشهەدوبیللا دەلیلیکی پاك و بێخیانەت بووی، هەرچیت وت بە ئێمە لە ١٠٠٪ راستبوو، بەلاٌم بەداخەوە ئێمە قسەکانی

تۆمان بەگرنگ وەرنەگرت، داوات لێدەکەم زانیاریم بدەرێ.
چونکە منیش زانیارییەکانم لە کاك رەفیقەوە وەردەگرت و خەبەرمدایە کاك رەفیق وتم: جەنابی کـاك مەسـعود ئـەم کاغـەزەی نووسـیوە داوای زانیـاری دەکات رەفیق فەرمووی جوابمەدەرەوە، چونکە من حکومـەت پێیزانیـوم کـە من ئیش بـۆ دەرەوە دەکـەم و ئـەمجارە محەمـەدی حـاجی مـەحمود نامەکـەی هاوردووە جـارێکیتر یـەکێکیتر دەیهێنێـت تەسلیمی حکومـەتی دەکـات و حکومـەت ئیعدامانـدەکات. منـیش نـەمتوانی وەڵام بدەمـەوە لەخۆمـەوە چونکە بەهۆی کاك رەفیقەوە دەمتوانی ئەوەبکەم.
کاغەزی دووەم محەمەدی عیسا دەچێت خوا حافیزی دەکات لە کاك مەسعود دوای شۆڕشی خومەینی بەسەر شادا، کاك مەسعود کاغەزێك دەنووسی بـە محەمـەد عیسـادا دەینێـرێ بـۆ مـن، بـەڵام محەمـەد عیسـا کاغەزەکـەی دابووەدەستی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عراقییەوە و لەوکاتەدا فەتاح بەگی کەریم بەگ جێگری بەڕێوەبەری ئیستیخبارات بوو.. بەڕێوەبەر بانگ دەکاتە فەتاح بەگ و پێیدەڵێ تەلەفونبکە بۆ کـەلار ئـەم نـاوە بگـرن بۆمـانبهێنن، فەتاح بەگیش سەیری ناوەکەی من دەکات دەڵێت: ئەم پیـاوە پیـاوی منـە، ئەمە منالێ بووە پیاوی مستەفا بەگی برام بووە، ئێستا پێوەندی لەگەڵ مندا هەیە دەڵێ: نەخێر ئەوە پیاوی مەسعود بارزانییە و ئەوە کاغەزی مەسـعود بارزانییە بۆی هاتووە.. دەڵێ: ئەگەر کاغەزەکە محەمەد عیسـا نـەیهینابێت ئەوە برووسکە دەکەم ئێستا بیگرن ئەوە پیاوی ساواك ئێرانە، تۆ پێتخۆشـە پیاوی بێتاوان بەقسەی کۆنە سـاواکییەك ئیعدامبکـەین.. قەناعـەتیکردبوو بە بەڕێوەبەری ئیستیخبارات کە وازملێبێنن و ئیتر نەیانگرتم.

ئاشـــبەتاڵ کاریگـــەرێتی خراپـــی لەســـەر کـــورد هـــەبوو، کـــورد لـــەڕووی سەربازییەوە ئەو هەموو پێشمەرگەیەی لەدەستدا، مەگەر یەکێك بەدزییەوە تفەنگێکی شاردبێتەوە ئەگینا هەرچی چەك هەبوو تەسلیمی حکومەت کرا، چونکە هەڕەشەکانی بەعس توندبوو، بڕیاریاندابوو هەر چەکێك بگیرێ سزای مـــەرگ بەســـەر خاوەنەکەیـــدا بـــدەن.. جگەلـــەوە لـــەباری مەعنەوییـــەوە ئالۆزانیێکی دەروونی رووی‌کردبووە خەڵکەکە، تاکە هیوایەك کە شۆڕش بـوو ئەویش نەما! ئـیتر حکومـەت بـەئارەزووی خـۆی هـەموو بەرنامـەکانی بـۆ لەناوبردنی کورد جێبەجێدەکات و دەستناپارێزێ.. ژیان تـامێکی نـەمابوو، هەمووان وەکو کۆستیان کەوتبێ وابوون!

ئێمـــە چـــونکە نەخوێنـــەواربووین لـــەوە زیـــاتر مێشـــکمان بڕینـــەدەکرد و نەماندەزانی ئایندە بۆ کورد چی پێیە؟ تەنیا ئەوەنەبێ کە دەمانزانی کورد کەوتنی زۆری بینیـوە، دوای هـەموو کـەوتنێك هەڵسـانەوە هەیـە! چـونکە مەسەلەی کورد رەوایە نابێ تاهەتایە بکەوێ و دەستەئەژنۆ دانیشێ، بەڵکو دەبێ قوربانی زیاتر بدات، گوێنەداتـە کارەسـات، هـەردەبێ رۆژێـك بگاتـە ئاوات.ماوەیەك بەدەم ئازاری ئاشبەتاڵەوە پلکاینەوە، هەر رۆژێك بە ساڵێك تێدەپەڕی، خەمەکە زۆر گـەورەبوو، حەزمـدەکرد شـتێك بـەناوی شۆڕشـەوە بەرپابێتـــەوە تـــا دوژمـــن ئاســـوودەنەبێ و نـــەتوانێت ئـــەوەی دایڕشـــتووە بـــۆ لەناوبردنی کورد پێڕابگات.

رۆژێـك هـەواڵێکی ناخۆشـم بیسـت کـەوا حکومـەتی بـەعس بەتەمایـە خەڵکێکی زۆر لە کورد بەرەو لیبیا رەوانەبکات و لە کوردستانی نیشتمانی خۆیان دووریان بخاتەوە و ئیتر نەتوانن بێنەوە، کە بیستوومە کۆنتریش کورد

تەرفەنەی ئەو ولاتــە کـراوە و تائێسـتایش زۆریـان لـەوێ ماونەتـەوە.. ئـەم قسەیە کاریگەرێتی لەسەر دڵ و دەروونم دانا، خەفەتی زۆرم دەخوارد بۆ ئەو هەموو ماڵوێرانییەی بەسەر کورددا دێت.

رۆژێـك لەدەربەندیخانـەوە بـە ئۆتۆمبیلەکـەی خـۆم بـۆ کـەلار دەگەڕامـەوە، مامۆستا عەلی زەماوەنگە (مامۆستا عەلی پەرلەمان)م بینـی ئـەویش بـۆ کـەلار دەگەڕایـەوە، لەگەڵمـدا سـواربوو، لـەڕێگادا کەوتینـە قسەوباسـی بارودۆخی کورد و ئەو پیلانانەی لێیدەکرێ و من ئەو باسەی نیازی بەعسم گێڕایەوە، ئەو لەوەلامدا ئەو شتەی رەتکـردەوە کـە راسـتنییە و لیبیـا دژی بەعســە و دۆســتی کــوردە و حیزبــی بــەعس نــاتوانێ ئــەو بەرنامەیــە جێبەجێبکات و کورد بێدەنگ دانانیشێ، ئەو قسانە دڵخۆشکەربوون بۆ من.

لەو دەمانەدا کە هەواڵی بەرپابوونەوەی شۆڕشی نـوێ بـەر گـوێی خـەڵکیی دەکەوت کە ئەم شۆڕشە لەلایەن زۆرێك لە سەرکردە و گـەورە بەرپرسـەکانی مەکتــەبی سیاســییەوە هەڵگیرســاوە، منــیش ســۆزێکم بــۆ ئــەوان هــەبوو، جگەلەوەی هەرکەسێکیتریش بە شۆڕشکردن هەڵبسێ هەر پشتیوانیمدەکرد.

من لەگەڵ کاك عەبدولڕەحمان زەلکەیی دۆستایەتی و برایەتی و هاوخـەباتیم هەبوو، هەرشتێك هەبووایە ئەو ئاگاداریدەکردمەوە، چونکە بـڕوای بـە مـن هەبوو کە بۆ کوردایـەتی سـۆزم هـەبوو، پەرۆشـی دوارۆژی روونـاکی کـورد بووم، هەمیشەش ئامادەبووم لەو رێگایەدا سەرمدانێم.

هێشــتا مــن دەنگوباســی بەرپابوونــەوەی شۆڕشــی تــازەم نەبیســتبوو بلاوبووبێتەوە ناردمە دوای کاك عەبدولڕەحمان زەلکەیی و کاك برایم سەمین زەماوەنگەیی و باسی ناهەمواری بارودۆخەکەم بۆ کردن کە بەعس دەیـەوێ

ژنەکانمان ببات، تاکەی ملشۆڕبکەین؟ لەوەلاّمدا کاک عەبدولڕەحمان وتی: چیبکەین دەسەلاّت نییە! منیش وتم: دەسەلاّت هەیە، دەتوانین هەموو شتێك بکەین، ئێوە هەولّبدەن چەند کەسێك پەیدابکەن وەکو پیاو ئامادەبن، من چەك و مووچەشیان دەدەمێ حەفتەی جارێك بچنەسەر پیاو خراپێك بیترسێنن یان بیکوژن.. ئەوان ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەم بیرۆکەیە، دوای چوار ڕۆژ کاک عەبدولڕەحمان زەلکەیی هاتەوە و وتی: ئەوەی تۆ دەتەوێ پەیدابووە و مووچەشیان ناوێ، حەوت کەسن و سێ تفەنگیان پێیە.. من وتم: ئەوانە کێن و چۆنن؟ وتی: هێزێکی تازە پەیدابووە و بەیانیان دەرکردووە و بڕیاری شۆڕشیان داوە و شەڕ لە دژی داگیرکەر دەکەن و ئەگەر زامداریشیان هەبێ بۆئەوەی دەست دوژمن نەکەوێ خۆیان دەیکوژن.

ئەم هەواڵە بۆ من زۆر گرنگ و دڵخۆشکەرەبوو، کەوتمە ناو دنیایەکی خۆشەوە کە کورد دەستبەرداری خەبات نابێ و ئەم بڕیارە لەم هەلومەرجە ناسکەدا هەنگاوێکی ژیرانەیە و دوارۆژی ڕووناکە.

ئیتر لەگەڵ کاک عەبدولڕەحمان و کاک برایمدا پێوەندیمبەست و تێهەڵچوومەوە و ئامادەیی خۆمم نیشاندا بۆ هەر کارێك لەتوانامدابێت، هەر ئەوکاتە ئەوەم بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی دوای تیاچوونی کۆمەڵەکەی تاهیر عوزێر، هەواسی سەفگەی کاکەیی هەندێ تفەنگی لە شاخی ئاخداخ شاردبوەوە و لەقەسرەوە خەبەری بۆ ناردبووم هەرکاتێ چەکم پێویستبوو ئاگاداریبکەمەوە.. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژێك ئەحمەدی برامم بە چوار هەزار دینارەوە نارد بۆلای کە چوار بڕنەوم بۆ بنێرێ، ئەحمەد چوو لەوسەرەوە چوار دانە بڕنەوی هێنا.

هەر چوار برنەوەکەم دایەدەستی کاك عەبدولڕەحمان و کاك برایم لەگەڵ حەوتسەد دیناردا بۆیان بنێرن و ئاگاداریشمکردنەوە ئەگەر لەشەڕدا برینداریان هەبوو من ئامادەم وەریبگرم و دوای چاکبوونەوە بۆیان بگەڕێنمەوە.

جارێکیان کاك عەبدولڕەحمان زەلکەیی هاتەلام وتی" ملازم جوامێر دەستەیەکی پێکهێناوە بۆ چالاکیکردن و داوای دەمانچەیەکی بێدەنگ دەکات" کاتی خۆی دەمانچەیەکی بێدەنگم لە مەسعود بارزانی وەرگرتبوو کە لەگەڵ رەفیق پشدەریدا بچین بۆ کوشتنی بەڕێوەبەری ئەمنی بەغداد، هەر لام مابووەوە، کە کاك عەبدولڕەحمان داوای دەمانچەی کرد، وتم: من دەمانچەیەکم شاردووەتەوە، با بۆی بگەڕێم کە دۆزیمەوە دەتدەمێ، چەندمکرد نەمدۆزییەوە.. کاك عەبدولڕەحمان هات و وتی: تۆ شوێنەکەم پیشانبدە و بڕۆ لەدەرەوە چاودێریبکە من بۆی دەگەڕێم.. ئیتر ئەو لەو شوێنەدا کنەیکرد و دۆزییەوە و لەگەڵ خۆیدا بە سی فیشەکەوە بردی و درایە وەسفییە خان و ئەویش بردی بۆ ملازم جوامیری شەهید بۆ ئەنجامدانی چالاکی کە یەکەم فیشەك بەو دەمانچەیە لە بەغداد تەقی.

ئیتر یارمەتییەکانم بەردەوامبووە هەرجارەی پێویستبووبێ پارەم ناردووە، یەکەمجار سەد دینارم بۆ شەهید سیروان تاڵەبانی نارد، دواتر کە کاك سامان گەرمیانی شەوێك لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە و کادیردا هاتبووە دێی پونگڵەی حاجی مەحمود، کاك حەمەی حاجی مەحمود ناردی بەشوێنمدا بۆ بینینی، منیش تەنیا پێنجسەد دینارم پێبوو دامە دەستی و ئەویش دایە دەستی شێرزاد باوەنووری کە کادیری ناوچەکە بوو، کە عەزیزی حەمەی

خەنان چووبووە لای بەڕێز مام جەلال پێنجسەد دینارم پێدانارد بوو وەکو یارمەتی بۆ شۆڕش.. عەلە رەش کاتی خۆی نامەی بۆ نووسیم کە بنکە لە بناری بەمۆ دەکاتەوە و پێویستی بە کەلوپەل و ئازووقەیە، منیش پێداویستی شەش مانگ ئازووقەم بۆ ئەو مەفرەزەیە رەوانەکرد.. دوای ئەوەش هەموو جارێ بە حاجی عەلی گەرمکی شاتریدا مانگانەم ناردووە، هەروەها لە سەردەمی کاك کوردۆدا یارمەتیم ناردووە، پسوولەی سەد دینار تا سێ هەزار دینارم بۆ هاتووەتەوە.

لەدواتردا هەواڵێکم بیست پێشمەرگە لە ناوچەی جاف لێفە و بەتانی کۆدەکەنەوە، منیش لای خۆمەوە سەد و بیست لێفەم بە مەحمودی حاجی محەممەدی پساکانیدا نارد بۆ بەکربایەف بۆ پێشمەرگەکان.

کاتێکش ساڵی ١٩٨٤ لەکاتی گفتوگۆدا تیپی ٥١ی گەرمیان ویستیان لە زەماوەنگە بارەگا بکەنەوە، پێنجسەد دینارم بە مامۆستا عەلی زەماوەنگەدا کە دواتر بووە مامۆستا عەلی پەرلەمان رەوانەکرد و بارەگاکەیان دروستکرد کە بەداخەوە دوای تێکچوونی گفتوگۆ هەم بارەگاکە و هەم دێی زەماوەنگەش بەر پەلاماری سوپای عێراق کەوتن و رووخێنران.

یەکێك لە رووداوە ناخۆشەکانی ژیانی کورد کە هەرگیز وێنە دڵتەزێنەکانی لەبیرمناچنەوە رۆژگاری شەڕەکانی ئەنفال بوو کە رۆژانە لەڕێگەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان هەواڵەکانم دەبیست و رادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقیش ئەو سەرکەوتنانەی بڵاودەکردەوە.. لەلایەکەوە هێزی پێشمەرگە شەڕی باشیان دەکرد و زیانی زۆریان لە هێزەکانی بەعس دەدا، لەلایەکیتریشەوە هێرشەکان و بەرنامەکان ئەوەندە ترسناکبوون کاری لەسەر خەڵکی

دێهاتەکان و پێشمەرگەش کرد، بەتایبەتی هەواڵی بەکارهێنانی کیمیاوی خەڵکی دەتۆقاند و ناچاربوون دێهاتەکان بەجێبهێڵن، ڕۆڵی جاشەکان لە سوپا زۆر خراپتربوو، ئەوان لەپێشەوەی هێزەکانی سوپاوە دەچوونەسەر دێهاتەکان و پەلاماریاندەدا و تالاّنیاندەکرد، نەك هەرئەوە، بەڵکو خەڵکەکەشیان بەخڕی تەسلیمی ئیستیخبارات دەکرد.. لەم گەرمیانە داماوەدا خەڵکیی نەیاندەزانی رووبکەنە کوێ؟ لەئەنجامدا بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە کەوتنە ناو بۆسەی ئەو جاشانەوە و برانە قەلاّ و زیندانەکانی مەیدان و قۆرەتوو و دواتر رەوانەی تۆپزاوا و نوگرەسەلمان کران و بەدەگمەن نەبێ کەسیان نەگەڕانەوە، ئەوەشی دەربازبوو چوونە ئۆردوگاکانەوە، ژیانێکی ناخۆشیان هەبوو.

لەمانەش ناخۆشتر گەڕانەوەی ناچاریی پێشمەرگەکان بوو دوای دابڕانیان لە سەرەوە کە تا دوێنێ ئەو قارەمانانە لە سەنگەری شەڕدا تفەنگیان بە دوژمنەوە دەنا و بە هەزارانیش شەهید درابوو وا ئێستا ئەوانە لە بارودۆخێکی ناخۆشی دەروونیدا دەژیان و ئەوەیان پێخۆشنەبوو، بەلاّم چیبکەن؟

من شەووڕۆژ لە خەم ئەو کارەساتەدا بووم کە چی ڕۆژگارێکی تاریك بەسەر کورددا هاتووە، ئەو هەموو دێهاتە بۆ رووخا؟ ئەو هێزە گەورەیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ وایلێهات؟ لای خۆمەوە جگەلە خەفەت هیچ وەلاّمێکم نەبوو، ئازاری زۆرم دەچێشت، بەو تەمەنەوە نەمدەتوانی بدەمە شاخ کە پێشمەرگە ئازاکان وایان لێهات.. ڕۆژێکیان چەند میوانێکم هات یەکێکیان محەممەد مەحمود ناسراوە بە خەلیفە بوو، هەموو میوانەکان

هەستان، بەڵام خەلیفە هەر دانیشت و نەڕۆیشت، پرسیارم لێکرد: خەلیفە ئەمرێك، كارێك من لەخزمەتتدام، خەلیفە وتی" وەڵاهی ناوێرم هیچ بڵێم، بەڵام ئێستا سەیری قسەكانت دەكەم كە لەگەڵ ئەو جەماعەتە كردت، چونكە باسەكە هەر باسی ئەو شكستە ناخۆشەبوو كە دووچاری گەلەكەمان و شۆڕشەكەی بووەتەوە"، وتم: كاك محەممەد ئەمركە هەرچی دەزانیت بڵێ، وتی" لەڕاستیدا نامەیەكم بۆ هێناوی ترسام لەگڵ خۆمدا بیهێنم"، وتم: نامەی كێیە؟ وتی" نازانم لەدەرەوە هاتووە یان نامەی مام جەلالە یان نامەی كاك نەوشیروانە"، من ئەوەندە پەرۆشبووم بۆ ئەو وەزعە چاوەڕێمنەكرد نامەكەم بۆ بهێنێ تا بیخوێنمەوە، وتم: نامەكە داوای چیدەكات؟ وتی" داوای یارمەتیدەكات بۆ ئەو مەفرەزە پارتیزانانەی كە گەڕاونەتەوە بۆ گەرمیان"، وتم: خەلیفە تەنها دوو رۆژ مۆڵەتم پێبدە وەڵامتدەدەمەوە، وتی" باشە".

ئەمە دەرگایەكی گەورەبوو بۆ من كرایەوە خەم و خەفەت نەخۆم و بەتەنگ ئەو داواكارییەوە بچم، بیرمكردەوە تەنیا دوو رێگە هەیە بۆ یارمەتیتانی پارتیزانەكان: یەكەم لەدەواجینەكەوە كە دەكەوێتە گوندی ئاوەخوێڕی لەسەر سیروان، دووەم قەبرستانی بان پێوازە هەرچییان پێویستبوو لەوێ دایبنێم شەو بێن بیبەن، بەڵام دەبێ پێشان قسە لەگەڵ كرێكارەكانی دەواجینەكەدا بكەم و زمانیان وەربگرم و تاقییانبكەمەوە بزانم هەڵوێستیان چۆنە؟

بەیانی قورئانێكم لەگەڵ خۆم برد و بۆ لای كرێكارەكان چووم، زۆر بەشێنەیی باسی بارودۆخی كورد و ئەنفال و پێویستی بەردەوامبوون بە خەبات و كوردایەتیم بۆكردن كە لەم قۆناغە ناسكەدا دەبێ تێهەڵچینەوە و

دەستبەرداری دوارۆژ نەبین، دەبێ ئازایانە هاوکاری ئەو پێشمەرگانە بکەین کە ماونەتەوە بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی کورد.

هەردوو کرێکارەکەم ئامادەیی و سووربوونی دڵگەرمانەی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو هاوکاریکردنە، سوێندیانخوارد کە ناپاکیی ناکەن.. کرێکارەکان یەکێکیان ناوی زۆراب ئەحمەد سۆفی و ئێستا لەژیاندایە، ئەویتریان ناوی مام حسێنی ئایش بوو کۆچیدواییکردووە.

من دەستمپێکرد یەکەمجار ٧٠ قەمسەڵەی شکام هاورد، بە سێ کاروان بردمە دەواجینەکە.. هەموو شەوێك حەمەی مەحمود ناسراو بە خەلیفە و حەسەنی برام دەبرد بۆ دەواجینەکە بۆئەوەی ئەوان کە شەو دێنە دەواجینەکە پێویستیان بەچیبوو دەیاننووسی و منیش بۆم ئامادەدەکردن، تاماوەیەك ئەمە بەردەوامبوو.

کاتێ کاك ئازادی سەگرمە لەنزیك چەمی ئاوەسپی بریندارب وو، شەو کاك عوسمان و کاك عدنان هاتبوونە دەواجینەکە، حەسەنی برام لەوێبوو، وتبوویان کاك ئازاد بریندارە و هیچ کەرەسەیەکی برینپێچیمان نییە، زامەکەی بە جامانە دەپێچینەوە، پێویستمان بە داودەرمانە، داودەرمانیش بە رەچەتەی دکتۆر نەبێ بەئاسانی دەستنەدەکەوت و بەهەموو کەسیان نەدەدا.

کە خەبەرەکەی داپێم تەنیا بیرم بۆ لای کاك حیلمی معاون توببی چوو، کە خەڵکی جەلەولایە و دەمێکە هاتووەتە کەلارەوە و پیاوێکی زۆر باش و کورددۆست بوو، پەنام بۆ برد و چوومەلای، سەرەتا وا خۆم نیشاندا کە حەپ و دەرمانم بۆ خۆمە و وتم: کاك حیلمی خانووم کردووە بۆ نەهاتی بۆ

پویلانە حەپێ، دەرمانێ، دەرزییەکم بۆ بهێنی، وتی" چیت گەرەکە بە سەرچاوەکەم"، وتم: کاک حیلمی راستییەکەی کەرەسەی برینداریم دەوێ! ئەو یەکسەر تێگەیشت و وتی: بەیانی بەر لەدەستپێکردنی دەوام وەرە بۆ لام.
من لای خۆمە لە حیلمی دڵنیابووم کە کەسێکی پاکە و ئەو کارە جێبەجێدەکات و شتەکانم بۆ دێنێ.
بۆ بەیانی پێش دەوام رۆیشتم جانتایەکی پڕکردبوو لەهەموو کەرەستە و دەرمانێکی پزیشکی کە بۆ چارەسەری بریندار دەستبدات بەبێ هیچ بەرامبەرێك، منیش زۆر سوپاسمکرد.
ئەو جانتا دەرمانەم گەیاندمە دەواجینەکە، شەو هاتن بردیان دوای سێ رۆژ خەلیفە هاتەوە وتی: برادەران دەڵێن نازانین تەداویبکەین، دکتۆرێك لە کەلارە ئەگەر نەگەیەتە فریای، زامەکەی کاك ئازاد دەگەنێت، دەبێت بۆمان بهێنی، منیش وتم: خەلیفە من دکتۆرەکە ناناسم، پیاوێ باشە یان خراپە، بەهەر حاڵ با بەیانی سەعاتی حەوت و نیو لای قوتابخانەکەی حەمەی کەریم بوەستێت لەگەڵ خۆمدا دەیبەم.
بەپێی ئەو ناونیشانەی پێمدرابوو بۆ بەیانی لە شوێنی دیاریکراو دکتۆرم بینی کە ناوی شێخ سدیق بوو و سوارمکرد و بردم بۆ دەواجینەکە، ئێستاش کاکە شێخ سدیق لەژیاندایە و لە هەڵەبجەی تازە دەژی.. برادەران شەو هاتن بەشوێن دکتۆر شێخ سدیقدا و بردیان بۆ لای کاك ئازاد.. ماوەی حەوت رۆژ مایەوە، دوای حەوت رۆژ گەڕابووەوە و حەمەی مەحمود هەواڵی پێدام وتی" دکتۆر لە دەواجینەکەیە ناتوانێت بێتەوە"، رۆیشتم بەشوێن دکتۆردا هێنامەوە بۆ کەلار، پرسیارم لێکرد: دکتۆر بریندارەکە سەربەخێرە؟ وتی"

مـن زامەکـەم چـارەکردووە، بـەڵاّم پێویسـتی بـە نەشـتەرگەرییە" وتم: تـۆ دەتوانیت نەشتەرگەری بۆ بکەیت؟ وتی" نەوەڵڵا نـاتوانم" وتم: چارە چـییە؟ وتی: کـاك عوسـمانی حـاجی مـەحمود منـی بـۆ لای تـۆ ناردووەتـەوە کـەوا پێوەندییانکردووەتە ناوشارەوە کەسی وایان دەستناکەوێ یەك شەو لای خۆی چاودێریبکات هەتا لەسلێمانییەوە دێن دەیبەن، منیش وتم: ئامـادەم بیبـەم بۆ سلێمانی یان لەماڵەکەی خۆم نەشتەرگەری بۆ بکەن. وتی: کاك عوسمان وتوویەتی با تەنها یەك شەو لە دەواجینەکە بێت تا دێن بەشوێنیا دەیبەن.

من رەزامەندیم نیشاندا و ئەوەبوو دواتر هاوردیانە دەواجینەکـە و حەسـەنی برام لای دانا لـە دەواجینەکـە تـا ئاگـاداریبێ و بزانـە پێویسـتی بەچـییە و ئـارەزووی چـیدەکات بـۆی بهێـنن. وتم: خۆیشـم چـاودێری جـادە و ناوشـار دەکەم.. هەتاوەکو عەسر هەر هاتوچۆی سەرجادەکەم دەکرد، بە حەسەنم وت ئەگەر زۆر تیژ هاتمەخوارەوە بیپێچە بەتانییەکـەوە و بەپەلـە بیخـە سـنوقی سەیارەکەوە یان پێوەدەگیرێم یان دەربازیدەکەم.. باشـبوو سـوپاس بـۆ خـودا هیچنەبوو، عەسر هاتمەوە سەری لێبدەم کاك نوری ئەحمـەد بەسـی و حەمـە رەشید باریکەیی هەردووکیان لەسەر جادەکـە وەسـتابوون، مـن کـاك نـوری ئەحمەدی بەسیم دەناسی، بەڵاّم کاك حەمە رەشید باریکەییم نەدەناسی، کاك نوری ئەحمەد بەسـی دەسـتی لێمهـەڵبڕی و لای وەسـتام و وتـی: ئـەم پیـاوە میوانی تۆیە منیش سوارمکرد و لەگەڵ خۆمدا بردمەخوارەوە بۆ لای کـاك ئازاد لە دەواجینەکە.

کاك حەمە رەشید باریکەیی پێیوتم" بەچی زمانێك سوپاستبکەین بەم رۆژە

ڕەشە بەسەر و مـاڵی خـۆت تەزحییـەدەدەی".. منـیش لـەوەڵاما پێمـوت: سوپاستدەکەم ئەگەر خـوای نەکـەردە گـیرای ئیعـتیرافم لەسـەر مەکـە ئـەوە گەورەترین پاداشتی منە، منیش کوردم وەکو تۆ پێمخۆشە خزمەتبکەم.

دوای ئەوە هاتوچۆی پارتیزانەکان و ناردنی کەلوپەل و ئازووقە بەردەوامبوو، جارێکیـــان ســـەیید محەمـــەد و بـــرادەران دێنـــە دەواجینەکـــە بـــۆ پێداویستییەکانیان، سەیید محەممەد بەئاشکرا قسەدەکات و کـات بـۆ جـاری دواتر دیاریدەکات کە نەدەبوو لەڕووی ئەمنییـەوە ئـەوەی بکردایـە، بـەڵکو دەبوایـە بەوپـەڕی نهێنـی کـات و شـوێنی دیاریبکردایـە، ئەوکاتـە دوو کرێکارەکەی لای من زۆراب و مام حسێن لەوێدەبن و عەلی حەمەی حاجی برای کاك عوسمانی حەمەی حاجی کە خوشکەزای کـاك حەمـەی ئەحمـەدی خالێن، عەلی لە دەواجینەکەی کاکە حەمەی ئەحمەدی خاڵی کاریدەکرد کـە دەواجینەکەی ئەو و ئێمە لەیەکەوە نزیکبوون، عەلی ئەوکاتە هاتبووە ئەویٚ و گوێی لەو قسانەی سەیید محەممەد دەبیٚ کە کات بۆ گەڕانەوەی دادەنیٚ، کە دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەلار ئـەو قسـەیەی سـەیید محەمـەد لای هەنـدیٚ خـەڵك دەدرکێنـیٚ و ئـەم قسـەیە دەگاتـە پیاوەکـانی ئـەمنی کـەلار کـە زۆر تامەزرۆبوون بزانن کیٚ هاوکاری و یارمەتی پارتیزانەکان دەدات.. دیارە زۆر بەورياییەوە چاودێری دۆخەکەیان کردبوو بـۆ گەڕانـەوەی ڕێوشـوێنی سـەیید محەممەد مەفرەزەیەکی تـەوارییان نـاردبوو کـە کوردبـوون، لـە نزیـك جادەی ئاوەخوێڕی لەو ڕێگەیەی کە سەیید محەمـەد و برادەرەکـانی بـۆ دەواجینەکـە شۆڕدەبنەوە بۆسەیان دانابوو.. دیارە من نـەمزانیبوو سـەیید محەمـەد کـاتی بەئاشکرا دیاریکردووە، گەر بمزانیایە هەر هیچ نەبیٚ نەمدەهێشت و شتێکم

دەکرد کە ئەو شەوە نەیەن بۆ دەواجینەکە، بەڵام کار لەکار ترازابوو، هاتبوون و کەوتبوونە بۆسەی مەفرەزەکەوە، تەقە دروستدەبێ و گوللەیەك بەر سینگی سەیید محەممەد دەکەوێ و چاویلکەکەشی لێکەوتبوو لەسەر جادەکە دۆزیبوویانەوە، هەروەها شانەی کلاشینکۆفەکەشی بەجێمابوو، بەڵام نەکەوتبوونە دەست دوژمن..

ئەمنی کەلار بانگیکردم، لێپرسراوی ئەمن وەکو خۆی لەوێ بێت، هەموو شتەکانی بۆ باسکردم کە شەو چیبووە، منیش لەناخەوە دڵشکاو و خەفەتباربووم، وەڵامدایەوە وتم: ئێمە تا کاتژمێر چوار لەوێ دەبین، چونکە ئیستیخبارات ئاگاداریکردووین نابێت بەهیچ جۆرێك شەو لەوێ بمێنینەوە، بەڕێوەبەری ئەمن وتی" تۆ کارەکەت تەواوبوو من بڕیارم هەیە ئێستا دەواجینەکەت بڕووخێنم و خۆیشت بخەمە زیندان، بەڵام نەخۆت دەگرم نە دەواجنەکەش دەڕووخێنم تۆ بڕۆ کرێکارەکان بانگبکە تا من ئیفادەیان لێوەربگرم"، منیش وتم: ئاخر بەڕێز هەر کە ناوی ئەمن بهێنم کرێکارەکان یەکسەر دەڕۆن و دەواجینەکەم بەجێدەهێڵن.. لەوەڵامدا وتی: بەڵێنتدەدەمێ چۆن خۆت دەڕۆیتەوە ئاوەهاش ئەوان بنێرمەوە بۆ ماڵ و ئازاریاننەدەم.. بۆ بەیانی پێش ئەوەی بچم کرێکارەکان بهێنم بیرمکردەوە کە سەردانی ئەفسەری ئیستیخباراتی باوەنوور بکەم، کە کاتی خۆی کاك حەمەی ئەحمەدی خاڵێ پێیوتم: لە باوەنوور ئەفسەرێکی ئیستیخبارات هاتووە با بچین سەرێکی لێبدەین و بیناسین.. منیش وتم: زۆرم پێباشە بابچین لەوانەیە رۆژێك کارمان تێیبکەوێ.. چووینە لای ئەفسەرەکە و خۆمان پێناساند و کەوتینە دەمەتەقێوە، لەکاتی هەڵساندا پێموت: کەی دەڕۆیتەوە بۆ ماڵی

خۆتـان؟ وتـی: ڕۆژی پێنجشـەممە. منـیش بـۆ ڕۆژی پێنجشـەمە دوانـزە کەڵەشێری باشم لە دەواجنەکە بۆ هەڵبژارد و خستمە یـەك قەفـەزەوە و بـۆ بـاوەنوور بـردم بـۆی، وەختێـك سـواری سـەیارەکەی بـووم خسـتمە دوای جێبەکەیـەوە، وتـی" بۆچـی زەحەمەتتانکێشـاوە"، منـیش وتم: تـۆ دەگەڕێیتەوە دەبێت هەدیەیەك لەگەڵ خۆت ببەی بۆ منداڵەکانت.

هەفتەیەك دوای ئەو بینین و خۆناساندنە تووشی ئەو بەزمـە بـووم و بەپەلـە هاوارم بۆ برد، ئەویش یەکسەر تەلەفۆنی هـەڵگرت بـۆ لیـوا و جەماعـەتی ئیستیخبارات وتـی: ئـەو مەسـەلەیە ئەسل و ئەساسـی نییـە، ئێـوە داوای چالاکی لەو جەماعەتە دەکـەن و ئـەوانیش دەیانـەوێت ئـەم دەواجینـە کـە لەپاڵ مندایە بکەنە دەستکەوتی خۆیان.. بەڕاستی پیاوانە ئەو کێشەیەی بۆ پینـەکردین کـە دەواجینەکـەمان نـەڕووخێنن و خـۆم و کرێکارەکـانیش دەربازبین..

سەیید محەممەد بە برینداریی دەربازبووبوو، گەڕابووەوە شـوێنی خـۆی، دواتـر گەیەنرابووە ناوشار و خلیل چیمەنتۆ لە ماڵی خۆیان لە کەلار تیماریکرد تا چاکبووەوە و دووبارە گەڕایەوە بۆ کەژ.

دیـارە لـەدوای ئەنفالـەکان بەشـێك لـە کـادیر و بەرپرسـە پارتیزانـەکان دەهاتنەخوارەوە و دەچوونەلای خـەڵکوخوای خۆیـان تـا پێداویسـتییەکانیان دابینبکرێ، هەر لەم سۆنگەیەشەوە سەیید محەممەد دیارە دوای پێوەنـدیکردن بەهەندێ خەڵکەوە بۆ کەلار گەڕابووە، لەوەدەچـێ مەبەسـتیبووبێ پێوەنـدی بەخەڵکەوە بکات تـا دوای ئـەو کارەسـاتە جـەرگبڕە هەسـت و سـۆزیان بـۆ کوردایەتی جۆشبدات و هێڵێکی ڕێکخستن لەو خەڵکانـە دروسـتبکات، بـۆ

ئەمەش چووبووە ماڵی جوامێری قالە جافەوە، ئەو تەنیا خۆی متمانەی پێکردبوو، وەکو باسدەکەن بەرپرسەکانیتر بەوە قایلنەبووبوون بێنەخوارەوە و سەیید بەتەنیا هاتبوو، بێئەوەی بزانێ کە داوی بۆ دانراوە، تەنانەت هەندێ داواکاری هەبووە کە وەکو متمانە پەیداکردن کەسێکی بەعسی بکوژرێ، دەزگای ئەمنی عێراقی بێشەرمانە یەکێك لە ئەندامەکانی حیزبی بەعس کە کوردبوو دەکوژێ کە پیاوێکی خراپیشنەبوو تا سەیید محەممەد و هاورێکانی لەوبارەیەوە دڵنیایی پەیدابکەن، ئیتر سەیید محەممەد لەوماڵەوە بەئارەزووی خۆی ناردبووی بەدوای خەڵکدا، زۆر کەسی بینیبوو، من بۆ ئەو ماڵە نەچووم، چونکە نێوانمان ساردبوو، قسەمان پێکەوەنەبوو.

بەپێی زانیارییەکان بەرنامەی گرتنی پارتیزانەکان لەناو کەلاردا بە قۆنتەرات درابوو، ئەگەر هەموویان بگیرێن یەك ملیۆن دینار وەرگرن و ئەگەریش تاك تاك بگیرێن بۆ هەرکەسێکیان دووسەد و پەنجا هەزار دینار وەردەگرن.

بۆ زانیاریی من هەرگیز لە دەواجینەکە هیچ یەکێك لە برادەرە بەرپرس و پێشمەرگە پارتیزانەکانم نەبینیبوو، هەموو شتەکانم دابیندەکرد و دەمبردە دەواجینەکە و لەوێ حەسەنی برام و کرێکارەکان شتەکانیان دەکرد.

بەپێی ئەو پیلانەی دانرابوو بۆ لەداونانی سەیید محەممەد و ئەو خەڵکەی کە چووبوون بۆ لای، نەقیب ماهر لەبەغدادەوە هاتبوو رۆژی ٢٨/ ٧/ ١٩٨٩ سەیید محەممەدی گرتبوو، کە وەکو دەردەکەوێ لەو ماڵەدا وەکو دەستبەسەر و لەژێر چاودێریدابوو، یەکسەر بۆ ئەمنی بەغداد بردبووی.

لەملاشەوە دەزگا ئەمنییەکانی کەلار کەوتنە گرتنی ئەوانەی سەردانی

سەیید محەممەدیان کردبوو، چونکە ئـەو ماڵـەی ئـەوی تێـدابوو تەسـجیلیان دانابوو بۆ تۆمارکردنی دەنگ و قسەکردنیان.. لەوانەی لە کەلار گیرابـوون: کاك برایمی سەمین زەماوەنگەیی، خەلیل چیمەنتۆ، عوسمان حەمەی حـاجی، دلشاد ئەحمەد کەلاری.. لە دەربەندیخانیش: کاك حەمەی حـاجی مـەحمودی هارونی و حەمەی حاجی سەعید ناسراو بە حەمەی حیزب.

کاك حەمەی حاجی مەحمود بۆی گێڕامـەوە کـە کـاك نەوشـیروان لەڕێگـەی حەسەنی حاجی وەلی برامەوە نامەیەکی بۆ ناردووە، لە دێی سەیید مەحمود دابووپێی بۆ هاوکاریکردنی پارتیزانەکان.. لەولاوە سەیید محەممەد هاتوچـۆی ماڵی جوامێری قالە جافی دەکرد، سەیید جـوامێری نـاردبوو بـۆ لای کاکـە حەمە، جوامێر وتبووی: برادەرێـك تـۆی دەوێ بتبینـێ (مەبەسـتی سـەیید محەممەد بووە)، کاکە حەمەش لەگەڵ حسـێنی عەولـەی شـەمێرانی و حـاجی عەلی شەلی ئامۆزای دەچنە کەلار، خۆی دەچێ بۆ بینینی سەیید و ئەو دوو پیاوەش لە لە دوکانەکەی حەمەئەمین کەلاری دانابوو، کاکە حەمە لە ماڵی جوامێر هەستیکردبوو کامیرا دانرابوو بە بەرچاویەوە بوو، داوای لـە سـەیید محەممەد کردبـوو بچـنە دەرەوە ئیشـێکی پێـی هەیـە، بـەڵام سـەیید محەمـەد هەڵنەسابوو، وتبووی من لە ماڵی مام جوامێرم! کاکە حەمە دەڵێ بۆ شـەو حەمەی حیزب و شاهۆی تەلەم بۆ ماڵی جوامێر نارد، بەڵام سـەیید محەمـەد لەوێ نەمابوو بۆ بەغدادیان بردبوو.. ئیتر گرتنـەکان دەسـتیپێکرد.. کاکـە حەمە و حەمەی حیزب لە دەربەندیخان گیرابوون و بە ئۆتۆمبیلی خۆیـان بـۆ ئەمنەسوورەکەی سلێمانی برابوون..

من ئاگام لە گرتنی ئەوانە نەبوو، دوای ئەوەی دەواجینەکەم هەڕاجکرد، ماڵەکەشمیان لە کەلار رووخاند.. لە دائیرەی تەلەفونات هاوڕێم هەبوو، پێیانوتم با هێڵەکەم نەفەوتێ و بۆت بگوێزینەوە بۆ شوێنێکیتر، ئیتر منیش لەوکاتەدا عەریزەم دایە دائیرەی تەلەفوناتی کەلار بۆ راکێشانی هێڵەکە و لەوێشەوە نێردرام بۆ وەرگرتنی رەزامەندی دائیرەی ئەمنی کەلار، بەڕێوەبەری ئەمنی کەلار فەریدی ناوبوو کە چوومە لای سەیریکردم و وتی: تۆ بە پێی خۆت هاتوویت، تۆ بڕیاری گرتنت هەیە، وتم: بۆچی؟ وتی" نازانم"؟ ئیتر نەیهێشت بچمە دەرەوە و گیرام.. شەو لە مەرکەزی کەلار بەندبووم و بەیانییەکەی رەوانەی ئەمنی سلێمانی کرام، شەوێکیش لەوێبووم و لەگەڵ کاك حەمەی حاجی مەحمودی هارونی و کاك حەمەی حیزب یەکمانگرت.. نانەکەیان زۆر ناخۆشبوو، عەبەی قیروان مقاولی ناندروستکردن بوو، دیارە بە بڕیاری ئەمن قنچکی باینجانی بۆ دەکردین بە شلە و دەیدانێ.

لە ئەمنی سلێمانی بەبێ لێپرسینەوە بۆ ئەمنی گشتی بەغداد رەوانەکراین.. لەڕێگادا قسەماندەکرد و من داواملێکردن کە هەر تۆمەتێکیان خستەپاڵمان رەتیبکەینەوە و بەئاسانی خۆمان نەدەینەدەستەوە، هەردوو کاکە حەمە بە منیان نەوت کەوا سەیید محەمەد دەستگیرکراوە و لەسەر ئەوە ئێمەش گیراوین، لەوەدەچوو ئەوانیش بەوەیاننەزانیبێ.

مانگی هەشت بوو، دنیا زۆر گەرمبوو، ئەو ئۆتۆمبیلەی ئێمەی دەگواستەوە قەپاتبوو، هەوای نەدەکێشا، زۆر شپرزەبووین، کاتێ گەیشتینە

ئـەمنی گشـتی بەغـداد لەگەرمانـدا خـەریکبوو لـەهۆش خۆمـان بچـین..
بەمشت هاتمە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەدا کە دەرگایانکردەوە و هاتینەخوارەوە،
دوو ئەمنی عەرەب پەیدابوون کاتی خـۆی لـە دەربەنـدیخان بـوون، ئێمـەیان
بینی بوونە فریشتە بۆمان و ئاویان بۆ هێناین و ئیتر ئەو توندییەمان لەسەر
نەما.

لەوێ بردینیانە هۆڵێك کە شیوعییەکانی تیـابوو لەقەفـەزدا بـوون، ئاڵهـای
جگەرەیان دەکرد، دڵسۆزی ئەحمەد کەلاری لەوێبوو کاکە حەمـە بـڕی ٥٠٠
دیناری لێسەند و دای بە شـیوعییەکان بـۆ خـەرجی خۆیـان کـە پەرێشـانی
جگەرە بوون.

من لەسەر ئەم گرتنە چەندین خایلە بەمێشکمدا دەهات و دەچوو، بیرم لەوە
دەکردەوە لەوانەیە ئەمە پێوەندی بـەوەی کـاك ئـازادی سـەگرمەوە بـێ کـە
هێنرابووە دەواجینەکە، کەچی وادەرنەچوو، دوای هەشت رۆژ لەگرتنەکەمان
رۆژێکیان لـە شـوعبەی سـێ بانگیـانکردین، ئـەم شـوعبەیە هـەر کوردێك
بگیرایە لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەدا دەکرا، نـەقیب عـەلی و نـەقیب شـوکری
لەوێبوون، ئەم دوو کەسە دۆستی کاك محەممـەدی حاجی مـەحمود بـوون کـە
پێشتر دەیانیناسی و میوانداریی کردبوون.. ئێمە وامانزانی بۆ دادگاییکردن
بانگماندەکـەن، نــەمانزانی نــەقیب ســەعدون کــە بەڕێوەبــەری ئــەمنی
دەربەندیخان بوو، هاتووە بۆ بینینی ئێمە.

نەقیب سەعدون بەخێرهاتنی کردین و روویکردە ئەو دوو نەقیبە: بۆچی ئـەم
پیاوانەتان گرتووە ئەمانە پیاوی زۆر باشی ناوچەکەی خۆیانن؟ نەقیب عەلی
وتـی: گـەورەم ئێمـە تاوانمـان نییـە پێشـمەرگەیەك گـیراوە و ئیعترافیـان

لەسەردەکات، وتی: کێ ئیعترافیـان لەسـەردەکات؟ وتـی" کەسێکە نـاوی سەیید محەممەد محێدینە من ئەوکاتە زانیم کـەوا مـن لەسـەر گرتنـی سـەیید محەممەد گیراوم".

نەقیب عەلی بانگی سەیید محەممەدی کرد وتـی: ئەمانـە دەناسـیت؟ سـەیید وتی: حەمەی حاجی مەحمود دەناسم، بەڵام ئەو پیاوەیان (ئاماژەی بـۆ مـن کرد) ناناسم، پرسی: چۆن دەیانناسـیت؟ وتـی" لـەو ماڵـەی کـە لێیبـووین وەعدیاندا یارمەتیمبدەن". هەر لەوێدا نـەقیب عـەلی پێڵاوەکـانی لـە پێـی خۆی داکەند و دوو پێڵاوی لە سەیید محەممەددا (بەخوا.. زۆرم پێخۆشبوو لە خۆمی بدایە نـەوەکو لـە سـەیید محەمـەد بـدات).. مـن روومکـردە نـەقیب سەعدون و وتم: زۆر عەیبە تۆ لێرەیت و ئەو وادەکات، مەهێڵە ئـەم نـەقیب عەلییە لە سەیید محەممەد بدات. نـەقیب سـەعدونیش تووڕەبـوو لـە کـابرا و وتی: تۆ عـەیب ناکەی وادەکەی؟ ئەویش دەستی ساردبووەوە ئیتر لێینەدا.

تومەز کە سەیید محەممەد لـە کـەلار بـووە ناردوویەتیـە دوای کـاک حەمـەی حاجی مەحمودی هارونی و کاک حەمەی حیزب، ئەمان دۆخەکەیان بەدڵنابێ و پێیدەڵێن: با رزگارتبکەین چیدەکەیت لەکەلاردا بەتایبـەتی لـەم ماڵـەدا؟ سەیید دەڵێ: نا، لەم ماڵە زۆر دڵنیام، جێگەم باشە.

من خوا حافیزیمکرد لە نەقیب سەعدون کرد بەرامبەر بـەو پیاوەتییـەی کـە کردی و هاتبوو بـۆ لامـان.. ئـەم نـەقیب سـەعدونە پێشـتریش چـەندینجار یارمەتیداوین و خەڵکی لە سزای مەرگ بۆ دەربازکردووین، بۆ نموونە سـاڵی ١٩٧٧ تۆفیقی خەزووری حەسەنی برام هاتەلام ووتـی: شـێخ حەمەئـەمینی

شـێخ عەبـدوڵڵای عەبابـەیلیّ و حـاجی فـەرەجی زەڕە و قـادر کۆکـۆیی، ئیخباریکراون و بە چل هەزار دینارەوە لە هەڵەبجە گیراون، کە ئەو پارەیە بۆ مـام جەلالـە ، ئەگـەر فریایـان نەکـەوی ژیانیـان لەمەترسیدایە.. منـیش یەکسـەر چـووم بـۆ لای ئـەم نـەقیب سـەعدونە کـە بەڕێوەبـەری ئـەمنی دەربەندیخان بوو، لەبنەڕەتـدا خـەڵکی رومـادی بـوو، ئـەو تـەنیا یـەك جار نانێکی لە ماڵی ئێمەدا خواردبوو ئەمە بووە هۆی ئەوەی دۆستایەتی پەیـدا بکەین و من هەر کارێکم پێبکەوتایە بۆ رزگارکردنی خەڵك درێغینەدەکرد، کە چوومەلای پێم ووت: سیّ دۆستم لە هەڵەبجە لەلایـەن ئەمنـەوە گـیراون، وتی: کێن؟ منیش هەرسیّ ناوەکەم دایە، وتـی:"ئەمانـە پارەیـان بـۆ مـام جەلال کۆکردووەتەوە"، وتم: بەڵیّ وایـە، وتـی" تـۆش دەڵێـی وایـە"؟ وتمـە بەڵیّ: درۆت لەگەڵدا ناکەم، شـێخ حەمەئـەمین لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە لەگـەڵ مام جەلالدا پێشمەرگەیە و مام جەلالیش داوای یارمەتی لێکردووە، ئەویش لەگەڵ ئەوانیتردا لە خەڵکی ئەو پارەیەی کۆکردووەتەوە.. وتی"ئێسـتا چـی دەڵێی"؟

وتم: ژیانیـان بەدەسـت تۆیـە دەبـیّ رزگاریـان بکـەی. لەوێـدا تەلەفونەکـەی هەڵگرت و لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمنی هەڵەبجەدا قسـەی کـرد کـە ئـەو سـیّ کەسە بە پارەکەوە بۆ دەربەندیخان بنێریّ، ئەوەبوو رەوانەکران و رێـزی زۆری لێگرتن و پاشان بە پارکەوە ئازادیکردن.

هەر ئەم نەقیب سەعدونە هاوکاریکردین بۆ ئازادکردنی بەرزانی عەلی قوت کە پێشمەرگەی ناوشـاربوو لـەناو بـازاڕی کـەلاردا بەدەمانچـەوە پـەلاماری ئەمنێکی دابوو بیکـوژیّ، بـەلاّم ئـەمنێکیتر دەسـتیگرتبوو و گرتبوویـان و

بردبوویان بۆ دایرەی ئەمنی کەلار و لەوێ وتبووی من پێشمەرگەی ناوشارم و فەرمانم پێکراوە ئەو ئەمنە بکوژم.. ئەم بەرزانە خزمی مەحمودی ئالیخان و دایکی خزمی خۆمە، مەحمود ئالیخان هاتەلام و پێیوتم بەڵکو بچین بۆلای نەقیب سەعدون بۆ مەسەلەی بەرزان.. پێکەوە رۆیشتین بۆ نەقیب سەعدون و مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی" ئەمە ویستوویەتی ئەمنێك بکوژێت"، منیش وتم: بەڵێ وایە، وتی: ئەمە چییە هەرچی من دەڵێم ئەوەیە تۆ دەڵێی بەڵێ وایە، وتم: ئەگەر تۆ بە ئەمنێك بڵێی برۆ لەبازاڕدا حەمەی وەلی بکوژە، ناچێ بیکوژێ؟ وتی" بەڵێ"، منیش وتم: ئەویش فەرمانی پێکراوە کە ئەوە جێبەجێبکات، وتی: ئێستا چی داواکارییەکتان هەیە؟ وتم: ئێمە پەنامان بۆ لای تۆ هێناوە بیکەیتە خاتری ئێمە. تەلەفونی بۆ بەشی لێکۆڵینەوەی ئەمنی سلێمانی کرد کە بەرزان عەلی بە ئەوراقێکی پیسەوە دەنێرمەلاتان و دوای پانزدە رۆژ بە ئەوراقێکی پاکەوە بۆم بنێرنەوە. بە ئێمەشی ووت: بچین بەرزان بڵێین ئیفادەکەی بگۆڕێ و بڵێ من نە دەمانچەم پێبووە و نە گەرەکمبووە کەس بکوژم، گیراوم و لە ئەشکەنجەنداندا بەزۆر ئەوەیان پێوتووم، دوای پانزدە رۆژەکە نەقیب سەعدون ئاگاداری من و مەحمود ئالیخانی کردەوە کە بچین کەفالەتی سێ هەزار دینار بۆ بەرزان بکەین، ئێمە چووین کەفالەتمان کرد و دواتر بەرزان رۆیشت بۆ پێشمەرگاتی و سێ هەزار دینارەکەیان لە کەفیلەکەی وەرگرت.

کاتێکیش کە خۆم گیرام و لە ئەمنی عامە بووم ئەو چووبووە ماڵەوەمان و هەرچی پێداویستی خۆم هەبوو لە جلوبەرگ و تاقم تەراش و شتیتر بۆی هێنام، لەوێ حەمەی عیسا بینیبووی یەکسەر چووبوو ئاگاداری حاجی

عەبدی کردبووەوە کە نەقیب سەعدون دێوەخانی بۆ حەمەی وەلی و جەماعەتەکەی داناوە، هەربۆیە حاجی عەبد فەرماندەدات نەقیب سەعدون دەگرن، دوایی شێخ عەزیز و ئەنوەری حەمە رەزا کە هەردوکیان موستەشار بوون دەچنە لای حاجی عەبد و داوای لێدەکەن ئازادی بکات، ئیتر ئەویش داواکەیان قبوڵ دەکات و ئازادی دەکات.

ئەحمەدی برام ئیخباریکرابوو کە دە هەزار دیناری بۆ پێشمەرگە ناردووە، ئەم نەقیب سەعدون گرتبووی پانزدە رۆژ زیندانیکردبوو، منیش چوومەلای و داوای ئازادکردنیمکرد ئەویش رێزی لێگرتم و ئازادیکرد، ئەمە یەکەم تەکلیفبوو کە خاتری گرتم و ئیتر بۆ دواتریش درێغی لە تەکلیف کردنەکانم نەدەکرد.

سەیید کەلەبچەبوو لەگەڵ محەممەد رەحیمدا کە کادیرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو گیرابوو، کەڵەپیاوێکی قارەمان و جوامێربوو، من ئەمەم بەهەلزانی، چوومە بەینی سەیید محەممەد و محەممەد رەحیمەوە، بە سەیید محەممەدم - ئەڵبەتە بەچپە- وت: بۆچی ئیفادەت لەسەر محەممەدی حاجی مەحمودی هارونی و حەمەی حیزب دا؟ وتی" دەنگەکەمان تۆمارکراوە"، هەر لەخۆمەوە وتم: لەوە مەترسە، چونکە دەمزانی ئەم عەلی و شوکرییە ناوی کاکە حەمەی حاجی مەحمود ناخەنەبەردەست.. بەڕاستیی ئەم عەلی و شوکرییە کە لە شوعبەی سێ لێپرسراوبوون یارمەتی زۆری ئێمەیاندا، هەروەها نەقیب سەعدونیش.

دوای چەند رۆژێك حەمەی حاجی سەعیدیان برد بۆ ئەشکەنجەدان و ئێمەشیان لەگەڵیان برد زۆریان لێدا لەسەر ئەوەی کە سەیید محەممەد ئیفادەی

دابــوو کــە نامەیــەکی داوەتــیٚ بــۆ ســەردار جــاف و کاکــە حەمــەی حــاجی سەعیدیش ئینکاریکردبوو، کە هێنایانەوە گرتمە کۆڵمەوە و هاوردمــەوە بــۆ ژوورەکە دوای یەك هەفتەیتر حەمەی حاجی سەعیدیان بردەوە بۆ لێدان، دووبارە گرتمەوە کۆڵمەوە وەکو جارەکەیتر بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکەی خۆمان، بەلاّم ڕێڕەویان گۆڕی و هەر سیٚ کەسەکەشمانیان برد بۆ ژێرزەمینێك بۆ ئینفرادی ماوەی سیٚ مانگ لەو ئینفیرادیەدا بووین رۆژێکیان منیان بانگکرد، من وەسیەتمکرد بۆ هەردوو محەممەد وتم: نەوەکو دوای من بە زمانی منەوە بلّێن گوایە من ئیعترافم لەسەرکردوون قەسەم بەخوا پارچە پارچەمبکەن ناوی هیچ کەسێك نادەم و ئەگەر ئێوە مانەوە لەژیاندا وەسیەتبکەن بۆ ئەحمەدی برام ئەگەر پەتی سێدارەکەم حەمەی عیسا و جوامێری قالە جاف دەیکاتەوە بۆ لای ئەم دوو کەسە نەڕوات و تەنازولیان بۆ نەکات، مردن باشترە.

منیان بانگکرد وامزانی بۆ ئەشکەنجەدان بانگمدەکەن بردمیانە ژورێك دیقەتمدا عوسمان و کاك ئیبراهیمی سەمین هەردووکیان لەو ژوورەدا بوون، ئەمە دوای سیٚ مانگ بەندکردن. تەوقەمکرد لەگەڵیان و چووم دانیشتم. زۆری پێنەچوو سەیید محەممەدیان هێنا و کردیانە ئەو ژوورەی کە ئێمەی تیابووین بە سەیید محەممەدەوە بووینە چوار کەس.

ئەفسەرەکە هاواریکرد و تێیخوڕین وتی" لەگەڵ ئەو سەگە قسەمەکەن"، کە ئەفسەرەکە رۆیشت یەکسەر بانگمکردە سەیید محەممەد وتم: وەرەلامەوە، پێموت: پیاوبە، مەردبە، کاتێك جەنازەکانمان دەبەنەوە بۆ کەلار با خەڵکی تفی تێنەکات با هەر خۆمان قوربانی ئەم رێگا بین، چونکە خۆمان ئەم

ڕێگایەمان هەڵبژاردووە. وتی" زۆر سوپاستدەکەم وامزانی گلەیم لێدەکەی کە من تۆم گەیاندووەتە ئێرە" وتم: هیچ گلەییناکەم، چونکە ئەو ڕۆژە یارمەتی تۆم داوە من ئەمەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، ئیفادە لەسەر هیچ کەسێك مەدە، بۆ ئیفادەتدا لەسەر محەممەدی حاجی مەحمود و حەمەی حیزب ئیفادەکەت بگۆڕە.. بەڵێنیدا ئیتر ئیعتراف لەسەر کەس نەکات، وتی: با حەسەنی برات نەیەت، چونکە ئیفادەم لەسەر حەسەن داوە.. منیش وتم: من لە کەلار نیم تا بڵێم حەسەن مەیە شتێکی وا هەیە، بەلاّم ئەگەر حەسەنیان هاورد بڵێ: ئەم حەسەنە نییە حەسەنێکیترە ئەم برادەرە ناناسم.. پێموت: ئیفادەکەت بگۆڕە بۆ خۆتیش بڵێ نۆ سەر خێزانم ئەنفال بردوویەتی بەڵێنیانداوە خێزان و کەسوکارم بگەڕێنەوە ئەگەر تەسلیمبم و من هاتووم خۆم تەسلیمکردووە، وتم: تۆ بۆچی دەڵێی من مەسئولی سیاسی کەلار و دەربەندیخان و خورماتووم؟! ئیتر دواتر حەسەنیش گیرا و هێنایانە زیندانی لای ئێمە.

ئیتر دوای ئەوە دیارە ئیفادەی گۆڕیبوو، وتبووی من تۆمەتم بۆ محەممەدی حاجی مەحمود و محەممەدی حاجی سەعید (حەمەی حیزب) دروستکردووە، ئەوانە جەلالی بوون و کاتی خۆی برایەکی من مەلایی بووە کوژراوە، ویستم تۆڵەی براکەم بکەمەوە، ئەو ئیفادانەم هیچ بناغەیەکی نەبووە و ئەوان یارمەتییاننەداوم.. بەداخەوە ئەو قسانە بەدادی نەگەیشت.

کە ئێمە لە زیندان بووین خزموخوێش و خەڵکێکی زۆری وەکو شێخ جەعفەری بەرزنجی چووبووە لای حاجی عەبد هەوڵی زۆری دابوو بۆمان، دواتر کاك سەردار بەگ لەدەرەوە هاتەوە، حەمەخانی حاجی دارا و

مستەفای حاجی قادری شاتری و حەمەسەعیدی مەلا کەریم و شێخ رەئوفی برای شێخ جەعفەری بەرزنجی و حەمەجاف و قادری حاجی مەحمودی برای کاکە حەمە تێکەوتبوون و چووبوونە لای پیاوە زلەکانی دەسەڵات وەکو حاجی عەبد بۆ رزگارکردنمان.. واسیتە رۆڵی زۆری دەبینی، گەورەکانی بەعس هەوڵیاندەدا پێوەندییان لەگەڵ خەڵکدا هەبێ لە دەرەوەی حیزبایەتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەتایبەتی کە خەڵکی لای خۆمان بە پارە و دیاری و پێداویستی نایابی ناوماڵە ئەوانیان نەرمکردبوو، بۆ زانیاری مەرجنییە ئەو کەسانەی کە دۆستایەتییان لەگەڵ ئەو پیاوانەی دەسەڵات یان کەسایەتییە عەرەبییەکاندا هەبوو پیاوی ئەمن یان ئیستیخبارات بووبن، بەڵکو تەنانەت بەعسیش نەبوون.. دیارە لەناو رێکخستن و لای شۆڕش مڕومشتی زۆر لەسەر ئەم جۆرە پێوەندییە هەبوو کە هەندێك لە بەرپرس و کادیرەکان ئەمەیان بە خۆفرۆشیی لەقەڵمدەدا و نەیاندەزانی ئەمە پێویستە بۆ کاتی تەنگانە خەڵکانێك هەبن بگەنە فریای کەسێك کە لەلایەن پیاوەکانی رژێمەوە دەگیرێن، بۆیە زۆرجار بەناهەق لەلایەن رێکخستنەکانی شارەوە بەبێ زانیاری پێویست راپۆرت نووسراوە لەسەر کەسێك گوایە سیخوڕە یان پیاوی ئەمن و ئیستیخباراتە، ئیتر لەلایەن شۆڕشیشەوە وەکو دوژمن تەماشادەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك خەڵك هەبوون بەئاشکرا پیاوی ئەمن یان ئیستیخبارات یان موخابەرات بوون و ئەوانیش لەخواری خۆیانەوە گەنەپیاویان هەبوو زۆرجار دەستیان چووەتە تاوانەوە و زیانیان لە شۆڕش و خەڵکیش داوە.

جگەلەمە کەسێکی وەکو کاك محەمەد حاجی مەحمود هاروونی وەکو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سەرۆکتیرەیەکی جاف و پێشتریش کە فەرماندەبوو لەشۆڕشدا لەلای زۆر لە پیاوەکانی دەسەڵات و سەرۆکهۆزە عەرەبەکان دەناسرا.

ئەو خەڵکەی بۆ ئێمە تێکەوتن هیمەتی باشیان کرد و کاریگەرێتی لەسەر بارودۆخی ئێمە هەبوو.. کاك قادری حاجی مەحمودی هاروونی بۆی گێڕامەوە کە رۆژێکیان شێخ قادری برای شێخ جافر و حەمە خانی حاجی دارا و حەمە کەریمی تەرخانی و حەمە جافی قولەڕەیسی بەهەڵەداوان بۆ سەردانی ئێمە و تکاکردن بۆ ئازادکردنمان چووبوونە لای حاجی عەبد کە بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی عێراق و کەسێکی دەستڕۆیشتووی بەعس بوو.

حاجی عەبد داوای ئەوەی کردبوو کە کاکە حەمە چالاکییەکی گەورە بکات بۆ کوشتنی پێشمەرگە، کە ئەو برادەرانە ئەمە بۆ کاکە حەمە دەگێڕنەوە کاکە حەمە تووڕەدەبێت و دەڵێ"ئەی ئەوان ناڵێن پێشمەرگە نەماوە ئیتر کێ بکوژم"؟ وتبووی ئەمە زۆر عەیبە کاکە من کەس ناکوژم، ئەگەر لەسێدارەش بدرێم شانازییەکە بۆ ئێوە..

حەمەخانی حاجی دارا کە چوبوونە لای حاجی عەبد بە حاجی عەبدی وتبوو حەمە خانی حاجی دارا بە حاجی عەبدی وتبوو: من شەست و چوار پێشمەرگەم بۆ ئێوە کوشتووە ئەم سێ پیاوە بکەنە خاتری من، حاجی عەبدیش لەوەڵامدا وتبووی: رەنگە چوار کەسیان پێشمەرگە بووبن و شەست کەسەکەیتر شوان و گاوان بووبن خوێنەکەشتان لە ئێمە وەرگرتووە.

حەمە خانی حاجی دارا لەم قسەیە تووڕەدەبێ و ئیتر دەنگناکا، حەمە جافیش بە حاجی عەبدی دەڵێ" ئێمە سی هەزار ماڵین ئەم سێ پیاوە ناکرێتە خاتری ئێمە"؟ حاجی عەبد وتبووی: نەخێر.. ئێمە جەلال تاڵەبانیمان لەناوچەکەدا دەرکردووە ئەمانە تەمسیلی جەلال تاڵەبانی دەکەن، حەمە جاف پێیوتبوو چییان لێدەکەن؟ ئەویش وتبووی: ئیعدامیاندەکەین، حەمە جافیش پێیوتبوو: گوێبگرە، سێ تەلاقەم کەوتبێ ئەوەی بووەتە بایسی گیانی ئەم سێ پیاوەی ئێمە دەیکوژینەوە، حاجی عەبد وتبووی: مەبەستت محەممەد عیسایە؟ حەمە جاف وتبووی: من ناڵێم محەممەد عیسا، هەرکەسێك بێت.

حاجی عەبد وتبووی: وەڵلا بمزانیایە ئەمە قسەتانە مواجەهەم پێنەدەدان بۆئەوەی گوێم لە قسەی وانەبووایە، حەمە جاف وتبووی" من مواجەهەی خۆم کرد و قسەی خۆیشم کرد".. حەمە جاف هەستابوو، حاجی عەبد وتی" ئیتر نایەیتەوە بۆلامان"؟ ئەوکاتە دوو موستەشاری کورد لای حاجی عەبد دانیشتبوون حەمە جاف وتبووی" نەوەڵلا هەتا حیز و گەواد بێت بۆ لاتان من نایەمەوە".

دواتر کاك قادری حاجی مەحمود رۆیشتبوو بۆ لای سەردار جاف، کاك قادر باسی چوونەکەیانی بۆ لای حاجی عەبد بۆ کاك سەردار دەکات، لەوکاتەدا حاجی عەبد نێوانیان لەگەڵ کاك سەردار خراپبوو.. کاك سەرداریش ئەمەی زۆر پێیناخۆشدەبێت و وتبووی: قادر وەرە سواربە لەگەڵمدا هیچ ئومێدێکم نەماوە تەنیا یەحیا جاف نەبێت.. ئەوکاتە یەحیا جاف پارێزگاری موسڵ بوو، دوای شەڕی ئێران و عیراق لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە بڕیاری

پاکوخاوێنی هەموو پارێزگاکانی عیراق درابوو، هەر پارێزگارێک شارەکەی جوان پاکبکردایەتەوە عەلی حەسەن مەجید خەلاتیدەکرد، ئەوەش باش پاکینەکردایەتەوە سزایدەدا.. سەردار جاف ئەمەی بیستبوو کە کاک یەحیا جاف موسڵی جوان پاك و خاوێنکردووەتەوە، هەر ئەو شەوە رۆیشتبوو بۆ موسڵ کاتژمێر دوانزەی شەو گەیشتبووە لای یەحیا جاف لە موسڵ وتبووی یەحیا ئیشێکم هەیە بە تۆ نەبێت بە کەس ناکرێت، بیستوومە تۆ شاری موسڵت زۆر جوان و پاککردووەتەوە، بەیانیش عەلی حەسەن مەجید دێت بۆ موسڵ، ئەگەر عەلی حەسەن مەجید لە کارەکانت رازیبوو، ئەوا ئەوەی پێتدەڵێم لێیداوابکە، یەحیا جافیش دەڵێ" ئەمرکە" کاك سەردار دەڵێ" پێیبڵێ ئێمەی جاف رەسیدمان لای ئێوە نییە"، سەردار سی هەزار ماڵی جافی وازلێهێناوە هاتووە خزمەتی ئێوە دەکات، تەنیا سێ پیاوی هەیە هەرکاتێك دەچێتە کوردستان تەنیا ئەو سێ کەسە دەچنە پێشوازی، ئێستا تۆمەتیان بۆکردوون خەریکە لەسێدارەیاندەدەن.. یەحیا جاف وتبووی" میرم بەسەر هەردوو چاوەکەم لەمە زیاتریشی پێدەڵێم".

ئەوەبوو بۆ بەیانی عەلی حەسەن مەجید چووبووە موسڵ لەگەڵ یەحیا جاف تەواوی موسڵ گەڕابوو وتبووی دەستتخۆش بێت کاك یەحیا داوابکە چیت دەوێت من بۆتبکەم، ئەویش وتبووی هیچم ناوێت ئێمە رەسیدمان لای ئێوە نییە، بەبەلاش خزمەتتاندەکەین، ئەوەی سەردار وتبووی پێیوتبوو.. عەلی حەسەن مەجیدیش هەر لەموسڵەوە تەلەفۆن هەڵدەگرێت بە حاجی عەبد دەڵێ هەرئێستا تەلەفۆن بۆ سەردار جاف دەکەیت و ئاشتی دەیکەتەوە و هەر داوایەکیشی هەبوو بێ قەیدوشەرت بۆی جێبەجێدەکەیت.

هەر ئەو شەوە حاجی عەبد تەلەفۆن بۆ کاك سەردار دەکات و پێیدەڵێ بەیانی تەشریف بێنە بۆ ئەمن.. کاك سەرداریش بۆ بەیانی دوو فەرشی ئاوریشم دەخاتە ناو سەیارەکەی و دەیبات بۆ حاجی عەبد و کە دادەنیشن پێیدەڵێ: من تەنیا ئەم سێ پیاوەم هەیە لەکوردستاندا پێشوازیلێدەکەن ئێوە خەریکە لەسێدارەیاندەدەن، ئەویش دەڵێت چی ئەمرێکت هەیە؟ کاك سەردار دەڵێ: داوای من ئازادکردنی ئەم سێ پیاوەیە.

پێش ئەوەی ئازادبکرێین لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١٧ ئێمە: کاك محەممەدی حاجی مەحمود، برایم سەمین، حەمەی حیزب، عوسمان حەمەی حاجی، خەلیل چیمەنتۆ، خۆم.. هتد، براینە ئەمنی تکریت بەبێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان لەگەڵدا بکرێ، لەوێ هەندێك ئاسانکاریمان بۆ کرا و هەندێك گۆڕانکاریی لە مامەڵەی ڕۆژانەیاندا بینرا کە ڕێگەیاندا تەراشبکەین..

ڕۆژێك بەڕێوەبەری زیندانەکە هات و وتی: بەڕێوەبەری ئەمن و پارێزگاری سەلاحەدین لێپرساوی مونەزەمە دێن بۆ لاتان، خەڵکەکەش بەمنیان وت تۆ قسەبکە و بڵێ ڕۆژی جارێك چایمان بە تەنەکە بدەنێ.. ئەوان هاتن و سەلامیانکرد و بەخێرهاتنیانکردین، منیش قسەمکرد و وتم: ئێمە میوانی ئێوەین، ئەم سەد و بیست کەسە هەموومان تاوانبارنین، لەوانەیە بەیانییەك دێر سەلامان لە هاوسێیەك کردبێ و خەبەریان لێدابین، ئێمە میوانتانین و ئێوەش کەرەمتان هەیە و داوای تەنەکە چاییەکەشم کرد.. لەوەلامدا پارێزگار وتی: ئێوە سێ شتتان لێقەدەغەیە: خوێ و چای و پیاز.

دواتر بەڕێوەبەری زیندانەکە هاتەلامەوە سی دینارم ئاخنییە گیرفانیەوە، چونکە بیستبووم بەرتیلخۆرە، وتی: زەحمەتمەکێشە، وتم: زەحمەتنییە، ئەمە دیارییەکە بۆ تۆ.. پارەکەی برد و دوایی هاتەوە و وتی: خەڵکەکە بانگبکە بزانم چییاندەوێت با بۆیان بهێنم، دیارە ئەمە بە زەبری پارەکە بوو.. ئیتر هەرچیمان گەرەکبوو دایانپێمان.

بۆ سبەینێ بەڕێوەبەرەکە هاتەوە و وتی: کێ نزیکە لەخۆتەوە دەعوەتیبکە، دە مریشکی سوورەوەکراوی هێنابوو.. ئیتر منیش پەنجا دیناریترم دایە و ئەویش زۆر مەمنونبوو.. تاکو لە رۆژی ١٩٨٩/١٢/٢٤ جارێکیتر گەڕێنرایینەوە بۆ ئەمنی عامە و شەوی ٢٥-١٩٨٩/١٢/٢٦ بەیەکجاریی ئازادیانکردین و لە چەقۆی مردنی بەعس رزگارمانبوو..

ئەوکاتەی ویستیان دەرمانبکەن ریزیانکردین و سەیید محەممەدیان هێنایە بەردەمان، نەقیب عەلی ئاماژەی بۆ هەموومان کرد وتی: چیێت لەسەر ئەمانە هەیە تا گەیشتەسەر حەسەنی برام، وتی" تۆ وتووتە لە دەواجینی حەسەن وەلی یارمەتیت وەرگرتووە"؟ سەیید وتی" نەخێر من وتوومە کاتێ چووم بۆ ئەوبەری سیروان لەلای دەواجینی حەسەنی وەلی کەوتمە بۆسەوە و گوللە بەر سینگم کەوت".

دوای ئەوە هەموومان کراینە دەرەوەی زیندان جگەلە سەیید محەممەد و حاجی سیروان کە بەداخەوە بوونە قوربانیی پیلانێکی رەش و گیان لەپێناوی کورد و کوردستاندا بەختکرد، لەرۆژگارێکدا کەم کەس هیوایان بە رزگاری مابوو.

که هاتینـەوە دەرەوە چووینە سـەردانی کـاك سـەردار بـەگی جـاف کـە لـە کۆمپانیای قادسییە بوو، سوپاسی هەوڵ و مانـدووبوونیمان کـرد و ئـەویش هەندێ قسەی بـۆ کـردین و دواتـر وتـی: بـا کـاك عەبـدولڕەحمان زەلکـەیی بهێنێتەوە تاکو شتەکانی بۆ نەواودەکەم.. حەمە کەریم حـاجی حەمـە سـاڵح تـەرخانی وتـی: ئێمـە ناچینەوە تـاکو کـاك عەبـدولڕەحمان نەیەتـەوە، بـا ئەوبەرییەکان نەیەژن جـافێکی ئەوبـەریان لەگـەڵابوو نـەیانتوانی بەریبـدەن، کاك سەردار وتی" ئەم پیاوە قسەیەکی باشیکرد".. لەوێدا پیـاوێکی خـۆی بانگکرد و سویچێکی دایە کە هی مارسیدیسێکی رەشبوو بۆ حاجی عەبـدی نارد تا بڕیاری ئازادکردنی کاك عەبدولڕەحمان زەلکەیی بدات.. دیارە پێشتر نێردرابووە دوای کاك عەبدولڕەحمان کە لە تاسلوجە خۆی حەشاردابوو بگاتە ئۆتێـل سـەلامی بەغـداد و بــەر هەوڵەکـە بکـەوێ، ئـەویش کارەکـەی چارەسەرکرا و دواتریش لالە فایەق کە گەیشتبووە ئێران گەڕایەوە بۆ کـەلار و هیچیی لەسەر نەما.. بەمجۆرە هەموومان گەڕاینەوەناو کەسوکارمان.

دوای چـەند رۆژێـك بـیرم لـەوەکردەوە کـە پاداشـتێکی ئـەو دوو ئەفسـەرەی شوعبەی سێ نەقیب عەلی و شوکری بکەم کـە رۆڵـی بەرچـاویان بینـی لـە یارمەتیدان و هاوکاریکردنمان، لەگەڵ خۆمدا پێنج هەزار دینارم کردە بیست و پێنج دیناری ئەوکاتە و بردم بۆیان، چـوومە مـاڵی نـەقیب عـەلی، داوای بەخێرهاتن و خۆشی و دشی، نەقیب عەلی وتـی: گلـەییتان لـە مـن نییـە؟ منیش وتم: من هـاتووم سوپاسـتبکەم ئێـوە زۆر کۆمـەکی ئێمـەتان کـرد و نەتانهێشت مەسەلەکەمان بە بارێکی خراپـدا بـڕوات، نـەقیب عـەلی وتـی: بڕوابکە بۆیە ئێوەم خستە ئینفیرادی تا لەچاوی خراپـەکاران بتانشـارمەوە و

کـەس نـەزانێت ئێـوە مـاون تـا خـوا دەلیلـی بـۆ نـاردن، منـیش وتم: زۆر سوپاستدەکەم، بەڵام یەك داواکـاریم مـاوە، عـادەتی عـەرەب وایـە قسـەی دیوەخـان نابێـت بخرێتەسـەر کاغـەز و ئێسـتاش مـن لـە دیوەخـانی تـۆدا دانیشـتووم و ئـەو داواکارییەکـەم ئەگـەر بخرێتەسـەر کاغـەز مـن لەسێدارەدەدرێم، نەقیب عەلی وتی" بەڵینبێت هەرچی دەڵێی بلێ ئازادی"، منیش وتم: دە هەزار دینارم بۆ ئامادەکردووی لە ماڵی خۆمدا بۆم داناویت کە یەك داواکاریم هەیە بۆم جێبەجێبکەیت، نەقیب عەلی وتی" چیبکەم"؟ وتم هەوڵبـدە تـەنها سـەیید محەمـەد لەسـێدارەنەدرێت ئەگـەر پـەنجا سـاڵ حوکمیش بێت قەیناکات، چونکە بڕوام بەوە هەبوو خوا هەر رۆژێك لە کورد دەکاتەوە، نەقیب عەلی وتی: بەداخەوە محەمەد سـەیید محێدین کوردەکـانی خۆتان پـارەی خوێنەکـەیان وەرگرتـووە و مـن هیچـم لەدەسـتنایەت و واش رێککەوتوون ئەگەر مەفرەزەکە هەموویان بێت واتـە هـەموو پارتیزانـەکانی گەرمیان ئەوا یەك ملیۆن دینـار وەربگـرن ئەگـەر تـاك تـاکبوو دوو سـەد و پەنجا هەزار وەردەگرن.

سەدام ئەوەندە زلبووبوو، ئەوەندە ترسی خستبووەناو دڵ و دەروونی خـەڵکی و تەنانەت بووبووە مەترسی بـۆ دەوڵەتـەکانی ناوچـەکە و جیهـانیش، هـەر رۆژەی گۆبـەنێکی دەنایـەوە، تـا وایلێهـات نـەك بـە پـەلاماردانی ئێرانـەوە بوەستێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شـوێنانەی کـە عێـراق بـەهی خـۆیی دەزانـێ، بەڵکو پەلاماری کوێتیش بدات کە بـە بەشـێك لـە عێراقـی دادەنـێن. ئـەم رەفتارانەی سەدام بووە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان ئەمە قبوڵنەکەن و سنووری بۆ زیادەڕەوییەکانی سەدام دابنێن، بۆیە کاتێ کە بە قسەی کەسـی

نەکرد و بەهێزەوە پەلاماری کوێتی دا، ئیتر ئمریکا و هاوپەیمانەکانی هاتنەدەست لێی و لە ماوەیەکی کەمدا خاکیان بە توورەکە بیژایەوە و زۆربەی هێزەکەی کوژرا و رایکرد و بەوپەڕی لاوازی مایەوە.

ئەمە زەمینەی خۆشکرد لە خوارووی عێراق شیعە هەڵبسێ و زۆری نەمابوو ئەو راپەڕینە بۆ شوێنەکانیتری شیعە تەشەنەبکات، کە ئەوەش مەترسی دەسەلاتی ئێرانی تێدابوو کە لەپشتی ئەو راپەڕینەوە بێت، بۆیە پاڵپشتی سەدام کرا بۆ کپکردنەوەی.

ئێمە لەڕێگەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە دەمانزانی راپەڕین دەکرێ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەڕێگەی رێکخستن و شانە چەکدار و هێزە دۆستەکانی و پێشمەرگە پارتیزانەکانیەوە خەریکی خۆئامادەکردن و دەستبەکاربوونن بۆ راپەڕین و پەلاماردانی حکومەت.

هەموو ساتەکان لەچاوەڕوانیدابووین کەی بێت دەستپێبکات و ئەم بەعسە دڕندەیە لەناوبچێت؟! شەووڕۆژ بەدیار رایۆنەوە بووین، جگەلە دەنگوباسی ناوخۆیی خۆمان کە دڵخۆشکەرەبوو.

ئەو رۆژەی لە چوارقوڕنە و رانیەوە دەستپێکرد، هێشتا نەماندەزانی ئەنجامەکەی چۆندەبێ هەستماندەکرد ژیان دەگۆڕێ، مۆتەکەی بەعس نامێنێ.. دەنگوباسەکان یەکجار خۆشبوون، هەر رۆژە و ناوچە و چەند شارێك رزگاردەبوون، ئێمە بەچاوی خۆمان راکردنی گەرە بەعسییەکانمان دەبینی کە لە دەربەندیخان و باوەنوورەوە دەهاتن تا نۆرە گەیشتە لای خۆمان، لەکەلاردا تێکڕای خەڵکیی تێکئالابوون، هەمووی لەماڵەوە هاتبوونەدەر، پەلاماری دامودەزگاکانی بەعس و حکومەت دەدرا..

پێشـــمەرگەش گەیشـــتن، ئاگاداریانکردمـــەوە کـــەوا کـــاك حەمـــە رەش گەیشتووەتە بەردەسوور، چووم نەمدۆزییەوە، کەچی دواتر زانیم ئەو لە قۆڵی کفرییەوەیە.. ئەوکاتەی عەدنانی حەمەی مینا و ئەوان هاتنـەناو کـەلارەوە من لەسەر پردەکـەی عەلەوحـە وەسـتابووم، ئـەوانم بینـی و ئـیتر چـوونەناو مونەزەمە و لەوێ خەڵکەکەیان بینی.

چەندە ئەو رۆژگـارەم پێخۆشـبوو کـە ئـازادبووبووین ئەوەنـدەش هەسـتم بـە نارێکی لەئیدارەدان و بەڕێوەبردن دەکرد، کەس بەکـەس نـەبوو، نـەدەتوانرا کاروبارەکـان بەباشـی رێکبخـرێ، هەرچـی هـاواردەکرا سـوودی نـەبوو، لـە ماوەیەکی کەمدا هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و بەعسیان لـەناوبرد و دۆ و دۆشاویان تێکەڵکرد و زۆر شت نەما و زۆر بەڵگە فەوتێنرا بەتایبـەتی هی دەزگا ئەمنییەکان.

زۆربەی لێپرسراوان بەتایبەتی سەربازییەکان بە کاروباری شەڕی پـەلاماردان و بەرگرییەوە خەریکبوون، خزمـەتگوزاری کـەمبوو، خـۆراك و پێداویسـتی رۆژانە کەمبووبووەوە.

ئێمە بیرمانکردەوە دەبێ لەڕێگەی ئێرانەوە شت بهێنین تا خەڵکیی نەکەونـە رەزالەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای بەڕێز کـاك فەرەیـدون عەبـدولقادر کە بەرپرسی یەکەمی سنووری سلێمانی و گـەرمیان بـوو و مەسـەلەکەم بـۆ باسکرد، ئەویش پسوولەی بـۆکردین کـە ئازووقـە لەئێرانـەوە بهێـنین.. دوو کاروانم هێنا و خەڵکیی سوودیان لێوەرگرت، زۆری نەخایاند هەلومەرجەکـە تێکچوو و خەڵکەکـە بـەتێکڕا رەویـانکرد و هێـزی پێشـمەرگەش کشـانەوە

سەرسنوورەکان، لەگەرمیاندا چوونە بێلوولە و سەرتەك و بـەمۆ و خۆشـك و سەنگەریان لێدا و خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادەکرد.

بەڕاستیی راپەرین بۆ هەموو کورد ئومێدێکی گەورەبوو، رۆژێکی تـازەبوو، بۆ یەکەمجارە بەدەستی خەڵکی کورد حکومەت راوبنێ و هێزەکانی زەلیل و داماو بەدەستی خەڵکییەوە، بەداخەوە ئەو خۆشیی سـەرکەوتنانە ئەوەنـدەی نەبرد بوو بە دەرد و هەڵمانهێنایەوە، حکومەت بەو هێزە شڕەیەوە جارێکیتر پەلاماری کوردستانی دایەوە چ لە قۆڵی خورمـاتوو و کفـری و چ لـە قـۆڵی کەرکوکەوە کە هێزەکانی موجاهیدین هاوکارییبوون لەمەدا، خەڵکی کەوتنی شیعەیان لـەخوارەوە بینـی و زاڵمیـی بەعسیان لەبـەکارهێنانی کیمیاویـدا بینیبوو مەترسی ئەوەدەکرا دیسـانەوە کارەسـاتی گـەورەتر بەسـەر کـورددا بێـت، بۆیـە لەهـەموو شـار و ئۆردوگاکانـەوە خـەڵکی رەویـانکرد و مـاڵ و حاڵیان بەجێهێشت تەنیا هۆڵی گیانی خۆیان بوو.

بەڕاستی بارودۆخێکی دڵتەزێنبوو بەسەر خەڵکی کورددا هـات، بـە ملیـۆن کـەس روویـانکردە سـنووری دەوڵەتـەکانی ئێـران و تورکیـا و بەناچـاری ئۆردوگایان بۆ کردنەوە و ئێمە چووینە دیوی ئێران و لە ئۆردوگای گردەنـوو جێگیربـووین.. ژیـانی ئۆردوگـا وەکـو مـاڵی خۆمـان نـەبوو، هـەنا بڵێـی ناخۆشبوو، بەلاٚم لەلێقەوماندا مرۆڤ هەر بەشوێن تۆزێ جێگـای حەوانـەوەدا دەگەڕێ کە گیانی پارێزراوبێت.

لەڕاسـتیدا ئێرانییـەکان لـە پێشـوازیکردن لـە کـورد زۆر لـە تورکـەکان و حکومەتەکـەی باشـتربوون کـە دەمانبیسـت تورکـەکان خـراپ مامەڵـەی خەڵکیان دەکرد، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاوارەیەدا مرۆڤانەبوو، تورك

ئازاری خەڵکیان دەدا و لەوانەشە بەپێی هەندێك هەواڵ هاوکاریی عێراقیان کردبێ بۆ هەندێ کار دژی ئەو ئاوارانە بەتایبەتی دەنگوباسی ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوە بڵاوبوویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێرانییەکانیش هەندێك کەسایەتییان لەو خەڵکە ئاوارەیە گرت وەکو: کاك محەممەدی حاجی مەحمود، شێخ محێدین شێخ عەزیز، حاجی عادیل گێژ، دیارە بەهۆی راپۆرتلێدانی خەڵکییەوە بووە، ئەو ماوەیە من بە کاری ئەوانەوە خەریکبووم، چونکە بەهۆی هاتوچۆی کەلوپەل و ئازووقەکڕینەوە ناسیاویم لەگەڵ ئێرانییەکاندا پەیداکردبوو، برادەرانی یەکێتیش لەمەدا هاوکاربوون، هەوڵمدا بچمە لای ئاغای زەرەندی کە ئیمام جومعەی کرماشان بوو، بەڵام ئەو بۆ حەج چووبوو بۆ سعودییە، ئیتر کاك محەممەدی حاجی مەحمودی گوڵەخانە کەوتەکار بۆ کاك حەمەی حاجی مەحمودی هارونی و توانی لە دەستی ئێرانییەکان رزگاریبکات و ئەوەکانیتریش هەریەکە و بەجۆرێ ئازادکران.

لەکاتی کۆڕەودا هێزی پێشمەرگە کشانەوە سەرسنوورەکان، مام جەلال لە سنووری پێنجوێن قسەی زۆر باشی کرد و هەنگاوێکینا بۆ گفتوگۆ تاکو ئەو خەڵکەی کورد لە نەهامەتی رزگاربکات.

لەولاشەوە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆڕەو لەلایەن رۆژنامەنیگارانەوە چ ئێرانییەکان و چ بیگانەکان دۆخێکی بەزەیی بۆ کورد دروستکرد و رۆژانە لە رادیۆوە هەواڵەکانمان دەبیستەوە کە چی بەسەر کورددا هاتووە و لە تەلەفزیۆنی ئێرانییەوە هەندێك شتمان دەبینی خۆمان بەزەییمان بەخۆماندا دەهاتەوە.

حەتمەن بارودۆخی خەڵکی لەئۆردوگادا خۆشنەبوو، چونکە شتەکە کتوپڕبوو، ئێرانییەکانیش هەروا فریاکەوتن کە بەپەلە لەو سنوورانەی خەڵکی چووبوونەناوەوە شوێن دیاریبکرێ و چادر هەڵبدرێ و شتە پێداویستییەکان دابینبکرێ و لەمەشدا کەموکوڕی هەبوو.

بەڵام کۆڕەو وایکرد دەنگی داماویی کورد بگاتە دنیا و دەوڵەتە گەورەکان بێنە جواب و زەمینە باشبکرێ بۆ گەڕانەوەی خەڵکیی بۆ نیشتمانەکەی خۆی، بەڵام ئەو ئازایەتییەی مام جەلال هەیبوو بێوێنەبوو کە لە ناوچەی پێنجوێنەوە هانی خەڵکی و پێشمەرگەی دا کە خۆڕابگرین و بگەڕێینەوە و هەر لەوێشەوە دەستپێشکەری گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سەدامدا بکات کە کەس نەبوو لە سەرکردەکانی کورد پڕکێشی ئەوەبکات لە سەدام دڵنیابێ و بچێ لەگەڵی دابنیشێ! .. ئەوە دەرگای متمانەی کردەوە بۆ گەڕانەوەی خەڵکیی بۆ کوردستان و شادبوونەوە بە ماڵ و زێدی خۆیان، جگەلەوەی هاوپەیمانان هەنگاوێکیان نا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام کە ڕێگری لە حکومەتی عێراق دەکرد بۆ ئەو ناوچانە بچێ، کە دواتر سنووری ئەو ناوچەیە فراوانتربوو تا گەیشتە گەرمیانیش.. حکومەت دوای کشانەوە لە کوردستان هێڵێکی سنووریی لەنێوان هێزەکانی خۆیی و کوردستاندا کێشا کە لەگەرمیاندا سەیتەرەی قەرەبلاغ و سەیترەی کاریز لای کفری و سەیتەرەی بانمەقان لای چەمچەماڵ دەسەڵاتی حکومەت هەبوو، لەوە بەملاوە دەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان بوو، هەروەها کەرکوک و خورماتوو و خانەقینیش لە دەسەڵاتی حکومەتدا بوون.

دوای سێ مانگ لە ژیانی ناخۆشی ئۆردوگا ڕێگا کرایەوە بۆ گەڕانەوە، ئێمەش بەماڵەوە گەڕاینەوە بۆ دەربەندیخان، چونکە لە کەلار خانوومان نەمابوو، ئیتر لەوێ نیشتەجێبووین، خۆم بەکاسبیکرنەوە خەریککردبوو، هاتوچۆی سنوورم دەکرد و کەرەسە و کەلوپەلی ئێرانیم دەهێنا و ساغمدەکردەوە.

کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاوڕێکی لە خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی رابردوو دایەوە بەوەی پاداشتیان بکات بە خانەنشینکردنیان، ئەمە لەخۆیدا ڕێزلێنانێکە لەو کەسانەی کە ژیانیان خستبووە مەترسییەوە بۆ کوردایەتی بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەخەباتدا و خەڵکانێکی زۆر هاوکارییاندەکرد و گوێیان بە مەترسی نەدەدا.

ئەم ڕێزلێنانە گەرچی لە شوێنی خۆیدا بوو، بەڵام تێکەڵوپێکەڵبوو، باش و خراپ ئامێتەکرابوو، کەسانێکی تێدابوو شایانی ئەوەنەبوون.. منیش یەکێك بووم لەوانەی ئەو خانەنشینەم بۆ کرابوو.

رۆژێك چووم بۆ وەرگرتنی ئەو مووچەیەی بۆم بڕابووەوە، تەماشادەکەم نەوەت هەزاریان دامێ، پرسیارم لە خەلیفە محەممەد کرد: نازانم هیچ حیسابیان بۆ کردی؟ وتی" نەوەڵا تەنیا حەوتسەد و سی هەزار دینارم دەدەنێ"!

کە تەماشای مووچەی خەڵکیترم دەکرد لەهی من زۆرتربوو، زۆر نیگەرانبووم بۆچی ئەم جیاوازییە؟ بۆ بەقەد رەنج و قوربانیدانەکەمان نەبێ؟ خەڵکانێك لەوانەیە هیچێکی ئەوتۆیان نەکردبێ یان ئەوەندە نەکەوتبنە

مەترسییەوە زۆرتریان بۆ کرابێ، کەچی من لە رۆژە سەختەکاندا کارم کردبێ نەوەت هەزار دینارم بۆ ببڕنەوە؟!

چووم بۆ سەردانی کاك مەلا سەعید لێپرسراوی ئیدارەی گەرمیان کە ئەویش پارتیزان بوو بۆ گلەیی و بناشت لە حاڵی خۆم.. پێموت: کاك مەلا ئەم ناسنامەی خانەنشینییەم بدەرەوە بە کاك عوسمانی حاجی مەحمود کە ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ بوو و پێیبڵێ: سوپاسیدەکەم، تف لە حەمەی وەلی کە بۆ نەوەت هەزار دینار لەڕیزدا بوەستم! ناسنامەکەم خستەبەر دەستی.

ئەویش نامەیەکی بۆ کاك عوسمان نووسیبوو تیایا باسی ئەوەی کردبوو کە خەڵك وادەزانێ حەمەی وەلی چوار پێنج ملیۆن دینار دیوەخانانەی دەدرێتێ کەچی ئەوە مووچەکەیەتی و ناسنامەکەشی بۆ ناردبووەوە.

ماوەیەك چاوەڕوانبووم کاك عوسمان بنێرێ بەشوێنمدا و دڵمبداتەوە، کەچی هیچ هەواڵێکی نەبوو، ئیتر جارێکیتر چوومەوە بۆ لای کاك مەلا سەعید و پێموت: ئەرێ کاك مەلا بشێ نامەکەی تۆ و ناسنامەکەی من گەیشتبێتە کاك عوسمان؟ ئەویش تەلەفونێکی بۆ کاك عوسمان کرد و پێیوت: کاك عوسمان نامەیەك و ناسنامەکەی کاك حەمەی وەلیم بۆ ناردی نازانم پێتنەگەیشتن؟ وەڵامیدایەوە وتی: بەڵێ ئەمە نامەکەیە لەبەردەستمدا، بەڵام ناسنامەکە دیارنییە؟ منیش دەممنایە قەد تەلەفونەکەوە و وتم: ناسنامەکە ها لەناو تەنەکەی زبڵەکەدا!

ساڵێك دوای ئەوە کابرایەك لەناو حاوییەکدا ناسنامەکەی دۆزیبووەوە و برادەرێکی شاخەوانی کوڕم گوماندەکات کە ئەم ناسنامەیە هینەکەی من بێ! بە شاخەوانی وتبوو، شاخەوان تەلەفونی بۆ کردم: باوە تۆ ناسنامەت

ونكردووه؟ وتم: نەوەڵا؟ ناسنامەکەم ناردووەتەوە بۆ شوێنی خۆی! وتی: وەڵا ئەمە ناسنامەکەی تۆیە لای من لەناو حاویەی خۆڵدا دۆزراوەتەوە.

تەمەنێك لەلایەن حیزبەوە فەرامۆشکرام، کەس ئەوەندە بەتەنگەوە نەدەهاتن بۆ هەواڵپرسین و بەسەرکردنەوە، بەڵام هەر کۆڵمنەدا و باوەڕم بە کوردایەتی یەك تۆسقاڵ نەگۆڕا، بگرە خەمخۆریم زۆرتربوو.

دواتر لەبارودۆخێکیتردا لەڕێگەی کاك حەمە قاشتییەوە کاك مەلا بەختیار لە دەربەندیخان سەردانیکردین و دەمەتەقێی زۆرمان کرد و هەستم بە پەرۆشیی ئەوان کرد، دواتر رۆژێکیان لەگەڵ کاك حەمە قاشتیدا بۆ مەکتەبی سیاسی بانگکرام، کاك مەلا بەختیار بڕیاریدا وەکو ئەندامی ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیان دەستبەکارنم و مووچەکەشم گۆڕانی بەسەردا هات..

ئەم هەڵوێستە کاریگەرێتی خۆی هەبوو، چونکە زۆر گرنگە مرۆڤ کە خەبات دەکات لەلایەن هەڤاڵەکانیەوە هەستیپێکرێت تا ئاسوودە و دڵنیابێ رەنج و ماندووبوونەکەی جێگەی خۆی گرتووە.

# هەندێ وردە تێبینی

- باوکم زۆر یارمەتیدەرمبوو، هەمیشە هانیدەدام بۆئەوەی زیاتر تێبکۆشم، تەنانەت لەسەر من و ئەحمەدی برام بڕیاری گرتنی بۆ دەرچوبوو هەر شەوی لەماڵێکدا دەخەوت لەلادێکاندا، کاتێ گەڕامەوە سەری لێبدەم ئەوە بەدەموچاویەوە دیارنەبوو کە لە ئێمە نارازیبێ، بەپێچەوانەوە هیچ گلەییەکی نەبوو، زۆرتر پەرۆشی بینینمان بوو، هەر کاتێك شەڕبوایە بەزوویی دەگەیشتە لامان تا لە مانمان دڵنیابێت، کاتێکیش دەڕۆیشتەوە ئایەتەلکورسییەکی بەسەردا دەخوێندین و دەڕۆیشتەوە.

هەندێك باوك بە هۆکاری جیاجیا دەکەوتنە دوای کوڕەکانیان و داوایاندەکرد کە بگەڕێنەوە و واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن تا خێزانەکەیان دووچاری چەرمەسەری نەبێت، بەلاّم باوکم وانەبوو، پێیخۆشبوو پێشمەرگەبین بۆ کورد و کوردستان، بەتایبەتی هەڤاڵ مام جەلالی زۆر خۆشدەویست، کاتێ ماچیدەکرد دەیگوت: تۆ هیوای میللەتی کورد و دوارۆژی کوردستانی.

هەمیشە خۆم بە قەرزداری ئەو دەزانم، چونکە ئەویش ئەوپەڕی پەرۆشیی بۆ کوردایەتی هەبوو، هەربۆیەشە ئێمەی بۆ خەباتکردن هاندەدا.

ئەحمەدی برام تا لەژیاندا بوو هەمیشە پشتگیر و هاوکارم بوو، وەکو پەندە کوردییەکە یەژێ: برا لەپشت برابێ مەگەر قەزا لەلای خوا بێ.. ئەحمەد دوو ساڵ لەگەڵ خۆمدا پێشمەرگە بوو.. کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتیی بوو، زوو دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکیدا دەبەست، زمانێکی خۆشی بۆ مامەڵەکردن و هاوڕێیەتی هەبوو..

ئەو هەمیشە لەهەموو شتێکدا بەدوامەوە بووە و لێمدانەبڕاوە، لەکاتی دەستگیرکردنەکەمدا شەو و ڕۆژ بێوچان لەهەوڵدابوو، عەودالی ئازادکردنم بوو، تەنانەت بۆ یەك چاوپێکەوتنی زیندانی ئەمن بیست هەزار دیناری ئەوکاتەی بۆ نیوکاتژمێر دابوو، هەروەها جارێکیان دەچێتە لای ماهیر عەبدولڕەشیدی فەرماندەی ٧ی سوپای عێراق و خەزووری قوسەی کوڕی سەدام، کە سەرەڕای پلەبەرزییەکەی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو..

ئەحمەد لەهەوڵەکانیدا کۆڵینەدا تا ڕزگارمان بوو.

- من خۆم بە قەرزاری بەگزادەکانی جاف دەزانم کە لەڕێگەی ئەوانەوە هەستم بە پێویستی کوردایەتیکردن کرد بەتایبەتی لەڕێگەی ئەم پیاوە بەڕێزانەوە:

- داود بەگی جاف: سەرۆکی جاف و ئەندامی مەجلیسی نەوابی عێراق بوو، ڕۆڵی لە خزمەتکردنی کورددا هەبوو، ماوەیەك لەگەڵ ئەودابووم.. جارێك لەخزمەتیدابووم لە مەجلیسی نەواب لایەحەیەکی پێشکەشکرد دوای پەنجا مەکتەبی بۆ ناوچەی کەرکوك کرد، ئەحمەد موختار بابان سەرۆکی مەجلیس بوو، وتی" لەکوێ دەتوانین پەنجا مەکتەب بۆ یەك ناوچە دروستبکەین"؟!

ئەویش لەوەلاّمدا پێیوت: پاشا تۆ رازینابیت کچەکەی خۆت لە بەغدا بخوێنێت دەینێریتە لەندەن! تاکەی منالّی کورد نەخوێندەواربێ؟!

هەروەها رۆژێك لە بەغداد دوو کوڕی شێخ ئەحمەدی بارزان هاتن بۆ لای داود بەگ لە ئوتێل رەشید ئەلکەبیر، داوایان لێکرد هەولّبدات بۆ گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد بۆ بارزان، داود بەگ وتی" ئەمە سێ جارە من لایەحە دەنووسم بۆ ئەو مەبەستە، بەلاّم نوێنەرە کوردەکان لەگەلّمدانین، هەمدیسانەوە هەولّدەدەم لایەحەیتریش بنووسمەوە و درێغیناکەم".

جارێك لە مەجلیسی نەواب داود بەگ خۆی داوای لە رەئیسی مەجلیس کرد کە شێخ ئەحمەدی بارزان بگەڕێتەوە بۆ بارزان، چونکە ئەوکاتە شێخ ئەحمەد لە فەلوجە نەفیبوو.

- حەمە سەعید بەگی حەمە بەگ: پیاوێکی سیاسی بەجەرگ و خوێنەوارێکی گەورەبوو.

- مستەفا بەگی کەریم بەگ: لەدوای داود بەگ ئەو سەرۆکی جاف بوو، پیاوێکی قسەخۆش و شەوانی دانیشتنی هەر باسی کورد و کوردایەتی بوو.

لە خەباتی کوردایەتی و پێشمەرگایەتیمدا لەگەلّ کۆمەلّێك کەسایەتی و پیاوی جوامێردا هەلّسوکەوت و تێکەلاّویمکردووە کە جێگەی شانازین، وەکو:

لە ناوچەی کفری:

عەلی حەمدی: ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی و مەئموری تاپۆی کفری سابیر سەلّتەزەرد، عەزیزی کاکە حەمە ، ئەحمەدی حاجی سمین

له ناحیەی سەرقەڵا:

کوێخا فەریقی مەدحەت، شێخ محەممەدی شێخ سلێمان، شێخ ئەحمەدی شاکەلی.

له ناوچەی کەلار:

عەزیزی سلێمان (عەزەی حەوا)، حەمەی قارەمان، حەمەی مینا (باوکی عەدنانی حەمەی مینا)، حاجی قادری سۆفی، حاجی حەمیدی خەیات، شەهید ئەحمەدی براحەمەی بێسەروشوێن، ئەحمەدی حەمەمراد.

له دێهاتەکانی زەنگابات:

حەمەی قادری شێخلەنگەر، حەمەی رەشیدی شێخلەنگەر.

له ناحیەی باوەنوور و دێهاتەکانی:

حاجی قادی مەحمود، حاجی برایمی شاتری، حەمەساڵحی مەحمود، ئەسعەدی حاجی حسێن، برایمی سەمین، مەلا فایەقی زەماوەنگە، حاجی مەحمودی پوونگڵە، حەمەی ئەحمەدی خالێ.

له ناوچەی دەربەندیخان:

حاجی عەبدوڵڵای کەڵوەش، دارای عەبدولقادر، حەمەی عەلی فەرەج، ساڵحی گەردە، حەمە قاشتی.

له بناری بەمۆ:

عەله رەش، حەمەفەرەجی باوکی شەهید هیوا، تۆفیق هۆرێنی، مەلا عەلی شمشێرکوڵ، ئەحمەد سۆفی ساڵح، ساڵح سۆفی حەسەن، حەمەساڵح دوڕی، ئەحمەدی سۆفی کاکەولا، حەمەی وەستا مەحمود، سەلامی کوێخا عەزیز، ستاری ساله قووله.

له دێهاتەکانی ئەوبەری سیروان:

حەسەن ساڵح ئاغای جمور، رەشید باجەلان، کوێخا رەمەزانی مەحمود قەجەر، حاجی ئەکبەری سۆفی سەییدمراد، خەلیل عەزیم، خەلیفە محەمەد نەجەف، حاجی مەحمودی گوێکوڕی، مەلا رەحیم، قارەمان گوێکوڕی، تۆفیقی مام عەولاً، هادی ئەوڕەحمان سەرچاخ.

له شارەزوور و هەڵەبجە:

حاجی حەمەئەمینی قاجر، حاجی مستەفای قاجر، حاجی فەتاحی حاجی ئەحمەد، حاجی حەمەئەمینی حاجی ئەحمەد، شێخ کەمالی عەبابەیلێ، شێخ عەبدوڵڵای عەبابەیلێ، سەرحەدی خەلیفە یۆنس

له ناوچەی کەلار:

- عەلی سەلیم بەگ
- حەمە ساڵح عەزیزی سەیید مراد
- حەمەی رۆستەم
- عەلی تۆفیق
- حسێنە سوورکە
- حەمە رەشید حەمە عەزیز
- تاهیری عەزیزی فارس
- سابیری عەزەی فارس
- ئەحمەدی حاجی وەلی
- فەتاحی عەزیزی سەیید مراد

- ساڵحی ئەحمەد شوان
- حسێن حاجی محێدین
- حاجی عەبدوڵلای حەمەی قادر
- عومەری حەمەی قادر

لە ناوچەی خانەقین:

- عەبدولرەحمان زەلکەیی
- عوسمان بەگی شەرەفبەیانی
- مەحمود خانی وەسمان بەگ
- حەمە رەشید خانی وەسمان بەگ
- تاهیر بەگی برای وەسمان بەگ
- عەلی حەسەن بەگی وەسمان بەگ
- مەلا عەلی شمشێرکوڵی
- کوێخا محەممەدی شمشێرکوڵ
- سابیری کوێخا محەممەد
- دێی شمشێرکوڵ هەر هەموویان
- مەلا ئەولحامی
- ئەحمەد هۆرێنی ناسراو بە ئەحمەدی حەبە

ئەو بەرپرس و کادیرە سیاسی و پێشمەرگەییانەی لە ناوچەکانیترەوە هاتبوونە سنووری ئێمە بۆ کار و خەبات:

- ئەنوەر مائی
- عەزیز قازی

- سیامەند
- ملکۆ

ئەوانەی بۆ یەکەمجار دروستکەری پێشمەرگایەتی بوون لە شاخی بەمۆ:

- عەبدولڕەحمان زەلکەیی
- ئەحمەدی حەبەی هۆرینی
- مەلا ئەولحامی
- مەحمود بەگی رەزا بەگ
- رەزای قالە جاف
- رەشیدی قالە جاف
- بەندە.

کاکە حەمە تورکە باوکی شەهید مەلا ئەحمەدی ئەشکەوتی داریخلە دەبێ وەکو پیاوێکی گومناو لە لاپەڕەکانی مێژوودا تەماشابکرێ.. کەسێکی هەژاری رەنجدەر، بەلاّم ناوچاوان نانی خۆی و منالّەکانی پەیدادەکرد، ئەمەش ئەوپەڕی ئازایەتی بوو، مەلا ئەحمەدی کوڕیشی هەر بەو مەردایەتییە گۆشکرابوو، کە گیانی خۆی لەپێناوی ئازادیی نیشتماندا بەختبکات لەڕۆژگارێکدا کەس ئومێدی بەهیچ نەمابوو دەروون بەرز، هەرگیز ئامادەنەبوو سەری بۆ کەس نەویبکات، بە رەنجی شان و ئارەقی.

رۆژگار زۆر ستەم لەو جۆرە مرۆڤانە دەکات کە لە رەزالّەتێکی ناهەمواردا ژیان بەسەردەبەن، هەستی پاك و دلّسۆزییان بۆ نیشتمان رێگەیان نادات بۆ

خۆشیی خۆیان خۆیان بچووکبکەنەوە و بەچاوێکی کەمەوە تەماشابکرێن، بۆیە هەژارییەکەی خۆیان لە گەورەیی سایەی دوژمندا لەلا مەبەستتربووە.

کاکە حەمە هەم بە دەردی هەژاریی و هەم بە ئازاری منالەکانیەوە سەرینایەوە، هەموو قورسایی خەم و خەفەت بەکۆلێەوە بوو، لە سەردەمی بەعسدا تێر هەناسەی خۆشیی هەلنەمژی و لەدوای راپەڕینیش دلی لەمیحنەتدا بوو، بۆیە مردنەکەی ئازاراوی بوو.

بەداخەوە مالەکەی کاکە حەمە لە رووناکایی ژیان رەشکرایەوە دوای خۆی کەسێکی وای نەماوە.

کەلار وەکو دێیەکی زیندوو دەرکەوتووە، بەهۆی بنەمالەی بەگزادەکانەوە کە وەکو پایتەختی جاف وابووە بایەخی زۆری دراوەتێ نەك تەنیا لەڕووی عەشایەرییەوە، بەلکو حکومەت هەندێ دامودەزگای تیادانابوو وەکو بەرید و قوتابخانە" بۆیە جۆرێك لە جوولەی تیابووە بەتایبەتی کاتێ کە رێکخراوە سیاسییەکان دروستبوون و خەلکی ناوچەکە پێیەوە پەیوەستبوون وەکو: رێکخراوی قەنیلە و حیزبی هیوا و جیزبی شیوعی عێرا و پارتی دیموکراتی کوردستان و بالی مەکتەبی سیاسیی کە لە پارتی جیابووەوە، دواتریش کە شۆڕش بەرپابوو ئەوەندەیتری کاریگەریی لەسەر هۆشیاری خەلکیی هەبوو..

وەنەبێ هەر پیاو لەم مەیانەدا رۆلی هەبووبێ، بەلکو ژنیش شانبەشانی پیاو هاتوونەتەناو کۆڕی خەباتەوە بەتایبەتی خەباتی حیزبی و کۆمەلایەتی، ژن بەهۆی بارودۆخە کۆمەلایەتییەکەوە نەیانتوانیوە لە خەباتی چەکداریدا چەك هەلبگرن و ببنە پێشمەرگە، لەگەل ئەوەشدا هەمیشە خزمەتی شۆڕشیان

کردووە، یارمەتی هێزی پێشمەرگەیان داوە، نامە و کاروبارەکانی شۆڕشیان بۆ شوێنی خۆی گەیاندووە و زەحمەتیانکێشاوە..

لەکەلاردا هەندێ ژن لەڕووی کەسایەتی و خزمەتگوزاریی کوردایەتی وەکو ئەستێرە دەدرەوشێنەوە، ڕۆڵیان لە پیاوەکان کەمترنەبووە، هەمیشە دیار و لەبەرچاو بوون، گوڵی مەجلیس بوون، نموونەی شانازی و جێی متمانە بوون، لەگەڵ پیاوەکاندا هاوکاربوون، ڕۆڵیان زیاترنەبووبێ کەمترنەبووە، وەکو: حەبەخانی کەریم بەگ، ستابی خێزانی حسێنی حاجی محێدین، ئایشی خێزانی ئەحمەدی حەمەمراد، توبای ئەحمەدی فەتاح، جەیرانی ئەکبەر.

لە ساڵی ١٩٦٠ کە شیوعییەکان هێرشیان بۆ هێنام یەکێك لەو ژنانەی بەرگریی لێکردم جەیرانی ئەکبەر بوو، کە ژنێکی بەغیرەتبوو، نەدەترسا، ئەو لەو ڕووداوەدا بە گوللەی شیوعییەکان برینداربوو.

- من دۆستایەتییەکی پتەوم لەگەڵ کاك ڕەفیق پشدەریدا هەیە کە بۆ سەرەتاکانی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە، ئیتر ئەو پێوەندییەمان بەردەوامبووە تائێستاش، ئەو بەلای منەوە کەسێکی بەتوانایە و بەو ڕێگایەی خۆی بەباشی زانیوە خزمەتی کوردایەتی کردووە و کاری سرنجڕاکێشیشی کردووە و هەرگیز نەترساوە، چەندینجاریش تووشی گرتن و ڕاوەدوونان و ئازاربووە:

- دوای ڕووخانی قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٨٨ حەمەی مەلا شەریف نەهاتبووە خوارەوە، حکومەتی عێراق هەشت هەزار دیناری دابوو بە کاك ڕەفیق پشدەری تا وا لە حەمەی مەلا شەریف بکات بێتەخوارەوە.. ئەمەی لای من باسکرد، منیش پێموت: تۆ بەتەمای ئەو بێتەخوارەوە؟ وتی" نەوەڵڵا"،

تەمبێیدەکەم چیبکات. کاك رەفیق چووبووە لای حەمەی مەلا شەریف و مەسەلەکەی لا باسکردبوو و پارەکەشی دابوویە، حەمە وتبووی کاتێ دەگەڕێمەوە حکومەت کوڕێکم گیراوە بەریبدات، قلادزێ ئاوەدانبکرێتەوە، خەڵکەکەی بگەڕێتەوە. کاك رەفیق پێیوتبوو: بمێنەرەوە تادەچمە لای مام جەلال لەدەرەوە.

- من پێوەندیم لەگەڵ شەهید ئارام (شاسوار جەلال) نەبوو، بەڵام لەگەڵ کاك سالاری برایدا دۆستایەتیم هەبوو، رۆژێکیان کاك رەفیق پشدەری بۆ دەربەندیخان هات و وتی: حەزدەکەم شێخ سالاری برای کاك ئارامم بۆ پەیدابکەی، حکومەتی عێراق چەکێکی سپی بۆ ناردووە بینێرێ بۆ کاك ئارام، ئەم چەکە پڕبکاتەوە و خۆی ژمارەکە دابنێ.
منیش چووم شێخ سالارم هێنایە دەربەندیخان و پێکەوە قسەیانکرد وتی: ئەم چەکە ببە بۆ کاك ئارام، من ناڵێم بیتەوە، بزانە خۆی رای چییە و چیدەڵێت.
شێخ سالار وتی: کاك رەفیق دەبێ رێگەمبدەیت ٢-٣ رۆژ بەشوێنیدا بگەڕێم تا دەیدۆزمەوە و راسپاردەکەی پێدەگەیەنم.
شێخ سالار چووبووە لای کاك ئارام و مەسەلەکەی لەگەڵدا باسکردبوو، کاك ئارام لەپشتی چەکەکەدا وەلامێکی بۆ کاك رەفیق نووسیبوو کە دەڵێ" وادەزانم پەتی سێدارە ها لەملمدا و تۆ لێمدەکەیتەوە، بەڵام ئەم بارودۆخەی ئێستای میللەتی کورد وا پێویستدەکات ئەم نەوەیە خۆمان بۆ کورد بەختبکەین".
لەژیانمدا هیچ شتێك بەقەد گرتن و شەهیکردنی سەیید محەممەد ئازارینەداوم، ئەو رۆژانەی لە کەلار لەومالەدا بینیم هیوای رزگاریی لەناوچاوانیا

دەردەکەوت، هەرگیز بیری لای مردن نەبوو، ئەو بۆ پەیداکردنی دۆست و پشتوپەنا بۆ شۆڕش و پارتیزانەکان هاتبووە شارەوە، هەرچەندە ژن و منداڵەکانی بەر ئەنفال کەوتبوون ئەو هەر بەهیوای رزگاربوون و ئازادی بوو.. داخەکەم بەشێوەیەکی ناکوردانە گیرا و بە ساقی رادەستی دوژمنێکی دڕندە کرا بۆ کوشتن بەرانبەر بە مشتی دەستکەوتی پووچ..

لەزیندانیشدا کە بینیمەوە دڵم بۆی دەکوڵا، هەرچەندە لەسەرەتاوە نەماندەزانی چارەنووسمان چییە، من بۆ ئەو خەمباربووم، چونکە دەمزانی رزگاربوونی نییە، کە ئەویش نەمێنێ ماڵێك خاپووردەبێ، ئەو خۆیشی دەیزانی دوارۆژی چییە، کاتێ کە ئێمە ئازادکراین چەندە هەستم بەخۆشیی دەکرد، ئەوەندەش لەناخەوە بۆ سەیید محەممەد دەسووتام، ئێمەش بۆ ئەو هیچمان لەدەستنەدەهات.

بەڕاستیی لەداوخستنی سەیید محەممەد و لەناوبردنی زیانێکی گەورەبوو، چەنێ ناخۆشە لەو رۆژە تاریکەدا چرایەکی رووناککەرەوە بکوژێتەوە.

+ پێش دەستپێکردنی شۆڕش کاك رەفیق لە دەربەندیخان هاتە ماڵمان و داوای پێنجسەد دیناری کرد کە دەیەوێ بچێتە بێروت بۆ لای مام جەلال و لەگەڵ حکومەت قسەیکردووە کە بچێتە لای مام جەلال بزانێ چیدەوێت.. کاك رەفیق چووبووە دەرەوە و هاتەوە، پێموت: چیتکرد؟ وتی: لە مام جەلالەوە نامەم بۆ کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری هێناوە بچنەدەرەوە بۆ شۆڕشکردن.

دوای ئەوەی ئەوان چووبوونەدەرەوە، کاك رەفیق لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی عێراق لە دەربەندیخان هاتنەماڵمان.. وتم: خێرە ئەم پیاوەت هێناوە؟

وتی: خۆم دەزانم چیدەکەم، حکومەت بیست هەزار دیناری بۆ حەمەی مەلا شەریف نـادووە و دەشچـم کـاك عومـەر دەبابـە و کـاك عـەلی عەسـکەری دەبینم.. چووبووە قلاّدزێ و پیاوێکی ناردبوو بۆ لای حەمەی مەلا شـەریف و داوایکردبوو کە گەیشتە ئەوێ با کاك عومەر و کاك عەلی لەوێنەبن.

کە شەو جێگری بەڕێوەبـەری ئـەمن دەخـەوێ کـاکرەفیق بـە سـواریی ولاّخ دەچێتە لای کاك عومەر و کاك عەلی و دەڵێ بیست هـەزار دینـارم داوەتـە حەمـەی مـەلا شـەریف لێیـوەرگرن بـۆ خـەرجیی کاروبـاری شـۆڕش و دوای دەمەتەقێی خۆیان دەگەڕێتەوە ماڵی حەمەی مەلا شەریف.

دوای ئەم کارانە حکومـەت هەسـتیکردبوو کـاك رەفیـق یاریـیـەك دەکـات، بڕیـاری گرتنـی دەردەکـرێ و دەگـیرێ و مـاوەی پـازدە سـاڵ حـوکمی بـۆ دەبڕنەوە.. کـە لێبـوردن دەدرێ، ئەوکاتـەی کـاك فەرەیـدون و کـاك جـەبار فەرمان و خەڵکێی زۆر ئازادکران ئەم بەرنەکەوتبوو، کچەکەی تەلەفونی بـۆ سـەدام کردبـوو کـە زیندانییـەکی زۆری ئـازادکردووە تـەنیا بـاوکی ئـەو بەرنەکەوتووە.. وتبووی" تۆ رەحمت بەهەموو زیندانییە کوردەکان کرد تەنیا باوکم نەبێ"، من تاقە کچێکم داوات لێدەکەم لە باوکم ببووری وبیبەخشی ئیتر ئەویش ئازادکرا.. لە ماوەی خەباتمدا لە ١٩٥٨- ١٩٦٤دا هەرچییەك مادە بێ چی لە حیزب یان لە میللەت وەرمنەگرتووە، کاتی پێشمەرگایەتی دووجار حەمەی سەمینی تازەدێم پێگەیشتووە: جـاری یەکـەم یـەك دینـاری پێداوم و هەروەها جـاری دووەم یـەك دینـاریتری کـە بیدەمـە پـێڵاو.. ئـیتر هەرچی مادەیە لە کەس یان لە شۆڕش وەرمنـەگرتووە.. کـاتێکیش بـەهۆی شەڕی براکوژییەوە لە پێشمەرگایەتی وازمهێنا هیچمان نەمابوو، تەنیا دوو

لباوی شڕ لەدیوەخانەکەماندا بوو تانجی لەسەر نەدەخەوت، بڕنەوەکەم کە هی خۆمبوو بە دووسەد دینار فرۆشتم بەوە بژیویم پێکەوەنا و لە خزمەتی کوردایەتی درێغیمنەکردووە هەتا راپەڕین،تەنانەت یارمەتی شیوعییەکانیشم داوە.
لەپێشمەرگایەتیدا بڕنەوێکی درێژی دارشووشەی ئەڵمانی زۆر جوانم پێبوو، جاشەکان حەزیاندەکرد بکوژرێم و بڕنەوەکەیان دەستکەوێ! بەڵام خوا بە حەزی ئەوانی نەکرد و خۆم بۆ دابینکردنی بژیوی فرۆشتم.
لەکۆتاییدا ئاواتم تەنها سەرکەوتنی کورد و کوردستانە، من بەهیچ جۆرێك بەئەنقەس یان بەهۆی کێشەوە باسی کەسم نەکردووە، شتەکان چۆنبووە واباسمکردووە، بگرە لەبەرئەوەی ئەو کەسانە هەندێکیان لەژیاندا نەماون شتم هەبووە، بەڵام باسمنەکردووە.. ئەگەر هەڵەشمکردبێ لێمببوورن.
پێمخۆشبوو لەگەڵ ئەم بیرەوەرییانەمدا چەند بابەتێك کە پێوەندی بەمنەوە هەیە لێرەدا بنووسمەوە وەکو خۆی، سوپاسی هەستیان دەکەم بەرانبەرم:

شیعرێکی جەنابی شێخ ئەحمەدی شاکەلی کە لەدیوانەکەیدا بلاْوکراوەتەوە، هەروەها نووسینێکی م. عەلی پەرلەمانیش کە لەم دواییانەدا بلاْویکردبووەوە لەسەرم، لێرەدا بلاْوبکەمەوە و سوپاسیاندەکەم:

# ١

## بۆ ماڵی حەمەی وەلی

شێخ ئەحمەدی شاکەلی

مامە شێخ ئەحمەدی شاکەلی پیاوێکی خواپەرست و پەرۆشێکی رێبازی سۆفیی نەقشبەندی و شاعیرێکی پایەبەرزی کورد و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی کوردایەتی و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو، پێوەندیی لەگەڵ خەڵکیدا پتەوبوو، بەتەنگی کێشە و گرفتەکانیانەوە دەهات، ئازاری زۆریان لەرێی کوردایەتیدا چەشت، نەك هەر خۆی بەڵکو کوڕەکانیشی شۆڕەسواری گۆڕەپانی خەبات و سیاسەت و پێشمەرگایەتی بوون.. شێخ ئەنوەری کوڕی لەپێش ئاشبەتاڵ شەهیدبوو، شێخ محەممەدی کوڕی پێشمەرگەبوو، کە لە شۆڕشی نوێدا ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست بوو، دواتر بووە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەزیری رۆشنبیری و وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شێخ عوسمانی کوڕی پێشمەرگەبوو، شێخ سەعیدی کوڕیشی لە رێکخستەنەکانی کۆمەڵەدا بوو، یەکێکە لە زیندانە سیاسییەکانیش.

مامە شێخ نێوانی لەگەڵ ئێمەدا زۆر خۆشبوو، دۆستایەتی گەرمبوو، هەمیشە بەسەریدەکردینەوە، هانیدەداین بۆ رێی کوردایەتی و خزمەتکردنی نیشتمان.. هەر لەم سۆنگەیەوە بەرێزیان پارچە شیعرێکی جوانی بۆ نووسیوین کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕۆژی وەك ئەمڕۆ سیانزە بەدەر بێ
سەرما فێراری گەزەنگی خۆر بێ
بێبەش لە مەینەت هاوشانی شادی
نەشیمەن چیمەن باعیس مەنزەر بێ
لای ڕۆژهەڵاتت جۆگەکەی سیروان
بۆ بووکی وەتەن هەیاسەی زەڕ بێ
فەرشی نەخشینت گوڵاڵەی نەورۆز
ساقی پڕ جامی بادەی خولەر بێ
باغی ڕازاوەی دەشتی ئازادی
بۆ دەماغی دڵ پڕ نیلوفەڕ بێ
لای ڕۆژاواشت دەشتەکەی شاکەل
بە نەشئەی شەماڵ عەتر و عەنبەر بێ
لە باسا نییە خۆشی ئەم جێگە
پارێزراوی ویردی سەحەر بێ
ئەم جێگە بەرز و سەوز و سەراوە
زەحمەت خەوەرنەق لێرە خۆشتر بێ
گوڵ و سونبول و عەرعەر و چنار
فەرشی ژێرپێ بێ، بۆ سەر سێوەر بێ
بەشەرتێ ساحیب ئەم جێگە و ڕێگە
بزانێ نابێ دنیا تا سەر بێ

هەوڵ و کۆششە مایەی رووسووری
راسی و پاکییە، خەم لێی بەدەر بێ
با بۆ لەمەولا چاو لە مەولا بێ
دەس ئاوێزمان خەیرولبەشەر بێ
نابێ هەر دنیا لامان شیرین بێ
ئەم دنیا نەبات ئەویان شەکەر بێ
گردی شیروانەیە شاهیدی عەیان
تەزکاری خاسی ئەم ئەبە ئەوبەر بێ
ساسان و کەیان دێنێ بەبیرا
میرانی جافیش تاجی سەر سەر بێ
جێگەی چاوەڕێی ئەو نادر شێوە
یادگارێکی خەیرولئەسەر بێ
پەندی پیرانە و نەورۆز و مێژوو
بەسیە شاکەلی با موختەسەر بێ.

## ٢

# حەمەی وەلی..
# بڕنەوێکی دارشووشە

م. عەلی

پیاوێکی کەڵگەت، سیما سپی، قۆز، شیکپۆش، هەر لە بڕنەوی دارشووشە دەچێ.. چۆن بڕنەوی دارشووشەی ئەڵمانی ژمارە ١٧ لە شۆڕشی ئەیلولدا لەڕووی جوانی و نیشانە ئەنگاوتن و لەدوورەوەپێکان باوبوو، کاکە حەمەی وەلیش ئاوا لەناو شۆڕش و لەناو خەڵکیشدا جوانخاس، بەهەڵوێست، بەپەرۆشی کوردایەتی بوو.

ئەو لە گوندی جلەوگیرەی ناوچەی عەللایی خانی کوردستانی رۆژهەڵات ساڵی ١٩٣٢ پێینایەناو کەلاوەکانی ژیانەوە.. دواترماڵباتەکەیان لەو زێدە نامێنن و روودەکەنەوە کوردستانی باشوور و لە گوندی حەوشکوڕوودا بنەوبارگە دەخەن.

کە ستەمی داگیرکەر هەبێ و هەڕەشە لە چارەنووس بکرێ، خەڵکیی دەستەوەستان نابن، بەڵکو توێشووی گەشتێك هەڵدەگرن و لەناو پرۆسەی سیاسی و حیزبایەتیدا هەوارێك ئاوەداندەکەنەوە.. حەمەی وەلی لە ٢٦ ساڵیدا پەیوەستدەبێ بە رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.. ئەو دەمە عێراق کەوتبووە دۆخێکی وەرچەرخانەوە، رژێمی کۆماری راگەیەنرابوو، پەنجەرەیەك بەڕووی ئازادی و ژیانێکی نوێدا کرابووەوە، بەلام زۆری نەخایاند بۆ کورد بووە شمڵی شەڕ.. عەبدولکەریم قاسم لەهەموو هەنگاوەکانی بەڵێندان بەخەڵکی پاشەکشەیکرد، ئەو دیموکراسییەتەی

چاوەڕواندەکرا عێراق بکاتە وڵاتی خۆشی و بەهاری ژیان شەلاڵی تەپوتۆزی کۆنەپەرستی کرایەوە، تەنیا دەستەی پاشایەتی گۆڕا و باندێکیتر هاتەسەر حوکم، بەهێزی سەربازیی پەلاماری کوردستانی دا.. کوردیش بیوەلاٚمنەبوو، ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ چووەناو مێژووی شۆڕشگێڕی کوردەوە.. ئەوکاتە خەڵکیی پێیاندەوت هەرای دەربەندیخان.

حەمەی وەلی ئەو ساڵە بووە پێشمەرگە.. وەکو کەسێکی دیار دەرکەوت، لەناو فەرماندەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشی ئەیلول تەنیا لەگەڵ یادبوو عەزیز قازیدا دۆستایەتی و تێکەڵی هەبوو، تا پێش مردنی هەرکە لەدەرەوە بهاتایەتەوە سەردانیدەکرد.. زۆرتر لەگەڵ مامۆستا حیلمی عەلی شەریف و شەهید عەلی عەسکەری و مامۆستا عولەما و کەمال مفتیدا نێوانی خۆشبوو.

لەمیانەی کارکردن و چالاکیی ڕێکخستن و جموجووڵی حیزبیدا چەندینجار لەلایەن حکومەتەوە گیراوە و ئازاردراوە، بەلاٚم وەکو کەسێکی خەمخۆری کوردایەتی هەرگیز ساردنەبووەتەوە و لەگەڵ ڕەتی کارواندا بەردەوامبووە.

وەنەبێ شۆڕش گیروگرفتی نەبووبێ، بەپێچەوانەوە لەناو سەرکردایەتیدا بیروبۆچوونی جیاواز، دیدی ناکۆك، هەڵوێستی دژیەك لەمەڕ زۆر مەسەلەی گرنگ سەریهەڵدا کە هەرگیز نەتوانرا چارەسەربکرێ تا بە لێکترازان و جیابوونەوە گەیشت.. ئەمەش کوردی دڵتەنگ و دوژمنەکانی خۆشنوودکرد، تەنیا بە قازانجی ئەوان دەشکایەوە!

حەمەی وەلی کەوتە بەرەی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەم بەرەیە زۆرترین خەڵکی سیاسی و رووناکبیر و خوێنەوار و تەنانەت نەخوێنەواری بەئاگای

لەدەوربوو.. ئەو پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ مام جەلال هەبوو بەتایبەتی ئەو دەمانەی کە بارەگایان لە کەلار بوو.

شکستی شۆڕشی ئەیلول کاری زۆر تێکرد، بەتایبەتی کە حیزبی بەعس هەموو جومگەکانی ژیانی کۆنترۆڵکردبوو، لەورۆژگارەدا پاگندەی ئەوەدەکرا کە کورد رووبەڕووی شالاوی گواستنەوە و گۆڕینی دیمۆگرافی بەرفراوان دەبێتەوە، بەلام بەرپابوونی شۆڕشی نوێ ئەو بەرنامەیەی بەعسی لە نیوقەدی رێگادا پەکخست..

لەعەزرەت ناسۆرییەکانی نیشتماندا ئۆقرەی نەدەگرت، بەناو تەلیسمی پلانە ترسناکەکانی دوژمندا بێباکان رێیدەکرد و هەمیشە لە پێوەندیی لەگەڵ تێکۆشەرەکانیتردا چراوگی هوشیاریی هەڵدەکرد تا سیاسەتە دژی کوردییەکەی دوژمن بپووکێتەوە.

ئەو یارمەتیدەرێکی باشی شۆڕش نوێ بوو، لەگەڵ ئێمەدا پێوەندی هەبوو.. ئابوونەی مانگانەی دەنارد، کۆمەکی دەکرد، پێداویستی پێشمەرگەی دابیندەکرد، لەکەناڵێتریشەوە پێوەندی هەبوو.

لە بارودۆخی دوای ئەنفال وەکو پیاوی رۆژی تەنگانە، ژیانی خۆی خستە خزمەتی یارمەتیدانی پێشمەرگە پارتیزانەکان، دەواجینەکەی سەرچەمی سیروان لەعاست گوندی ئاوەخوێڕی وێستگەیەکی پشوودان و گەیاندنی پێداویستی و کەلوپەلی پارتیزانەکان بوو، دەشیزانی باجی ئەوە لای دوژمن ملپەڕاندنە.

کەچی لەڕووداوێکیتردا کە پێوەندی بە شەهید سەیید محەممەد و هاتنەناو شارەوە هەبوو گەیشتە پای قەنارە و بە هەوڵێکی فرە ئەو و کۆمەڵێك لە

هاوڕێکـانی ئـازادکران، تـەنیا سـەیید محەمـەد و حـاجی سیروان لـە سـزای بەعسییانە ڕزگاریاننەبوو.

بەداخەوە ئـەم مرۆڤـە پەرۆشـەی کوردایـەتی، لەژیانیـدا بـۆی هەڵنەکـەوت بخوێنێ، بەڵام وەکو تێکۆشەرێکی دیار ئاگای لە زۆر حیکایەتی ئەم کـوردە و باسوخواسی شـۆڕش و هەواڵـەکانی ڕۆژگـار هەیـە و بیرەوەرییـەکانی هـی ئەوەیە سرنجبدرێ.

حەمــــەی وەلی وەکــــو تێکۆشــــەرێك ڕۆژێــــك لەکایــــەی خــــەبات دوورنەکەوتووەتەوە، هەرگیز لەبەردەم دێوەزمەی داگیرکەردا چۆکیدانەداوە، هەمیشە بەعیشقەوە بەدوای نواڵە نانی ئازادیـدا دەگـەڕان تـا لـە تـەنووری گەرمی خۆبەختکردندا دەستیانبکەوێت.. ئەو و سەدان خەمخۆریتر بەتـەنگی چارەنووسەوە بـوون تـا ویسـتی کـورد زیندەبەچاڵنەکرێ و هیـوای دواڕۆژی نەتاسێنرێ.

ئێستاشی لەگەڵدابێ کاکە حەمە وەکو لاوە ٢٦ ساڵییەکە لـە ئاتەشـگەدەی خۆشەویستی نیشتماندا بڵێسـەی ئاواتـەکانی بەرزدەبێتـەوە و هـەرگیز ئـەو ئەسکلاڵەی خەونە خۆشەکانی دواڕۆژی گەش خامۆشنابنەوە.

## ٣

## بابەتێکی
## مامۆستا عوسمان کانیپانکەیی

مامۆستا عوسمان کانیپانکەیی لە لاپەڕە ٤٩١ی کتێبی (سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا) بابەتێکی بەناونیشانی:
(رۆڵی مێژوویی دەواجینەکەی کاکە حەمەی وەلی کەلاری) نووسیوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:
کاکە حەمەی وەلی و کاک ئەحمەدی برای و کاک حەسەن و کاک حسێن، ئەم برایانە بەدرێژایی تەمەنیان لە خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا بوون لەهەموو قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی و لەئاستی تەمنیان بە خۆیان و سەروەت و سامانیانەوە بێسڵکردنەوە، لەم کاتەشدا دوای ئەنفالەکانی رژێمی بەعس کە بۆ سەر سنووری گەرمیان و سنووری کوردستان کردی و گەلی کوردی ماڵوێرانکرد و ئەوی ماوە لەناو ئۆردوگا زۆرەملییەکاندا لەژێر هەڕەشەی پیاوەکانی رژێمی بەعسدا قەتیسکرابوون، ئەوەی کە دیاری بوو لەم کاتەدا چەند دەستەیەکی پێشمەرگەی پارتیزانی بێخۆراك و بێجێگا بوون، بەڵام زۆر مەردانە لە سنووری گەرمیاندا مابوونەوە.. لەو کەسە مەردانەیشی کە هاوکارییاندەکردن چەند کەسانێکی رێکخستنە دێرینەکان بوون لەگەڵ کەسانی بەهیممەت و سرکەکاندا نموونە کاکە حەمەی وەلی کە دەواجینەکەی لە سنووری ئاوەخوێڕیدا بوو کاتێك

بەهۆی کاك حەمەڕەشید باریکەیی و لەڕێگەی خەلیفە محەممەدی کەلاری و هاوڕێ سوپای کفری توانییان هەڵقەیەکی پێوەندیی لەنێوان پێشمەرگە پارتیزانەکان و خۆیاندا دروستبکەن بەمەبەستیی گەیاندنی هاوکاریی پێویست لە خواردن و کەلوپەل و داودەرمان و شتیتر.. ئەوەی کە مایەی ئەم سەرکەوتنە بەنرخە بوو کاکە حەمەی وەلی بوو کە بەهۆی نامەیەکی کاك عەدنانی حەمەی مینا گەیاندیانە کاکە حەمەی وەلی و خۆیشی بەئەوپەڕی دڵسۆزانە ئامادەیی خۆی دەربڕی و لەو رۆژگارە پڕ مترسییە و ناهەموارەدا توانی دەواجینەکەی خۆی بکاتە مەڵبەندی هاوکاریی و پێوەندیکردنی ئەم پێشمەرگە سرکانە و پارتیزانەکان، دوای ئەوەی توانی قەناعەتی تەواو بە هەردوو کرێکاری دەواجینەکە بهێنێت کە ئەوانیش بریتیبوون جگەلە هەردوو برای کاکە حەمەی وەلی بەناوی حسێن و حەسەنەوە کە بەڕاستیی رۆڵی سەرەکییان بینی لەگەڵ دوو کرێکارەکە بەناوەکانی:

١. زۆراب ئەحمەد سۆفی ناسراوبە مام زۆراب.

٢. حسێن دەروێش مەحمود ناسراوبە مام حسێن.

کە ئەمانە خەڵکی دێی کەورزەینالّی ئەوبەری سیروان و نزیك دەربەندیخان بوون، خەڵکێکی جووتیاری هەژار و پێش ئەنفال لەو سنوورە بەئاژەڵدارییەوە خەریکبوون.. لەم کاتەیشدا بۆ بژێوی ژیانیان لەم دەواجینە کاریاندەکرد و زۆر نزیکبوون لە هەردوو پێشمەرگە و فەرماندەی دیاری سنوورەکەیان: شەهید مەحمود مامە عەزە کە ئەوکاتە یەکێکبوو لە فەرماندە پارتیزانەکانی سنووری گەرمیان و سەلامی کوێخالاعەزیز.. ئەم دوو کرێکارە و کرێکارێکیتریان لەگەڵبوو بەناوی: محەممەدی حاجی ئەحمەد

کونەقەلی. ئەم کرێکارانە شـەهید مـەحمود مامـە عـەزەیان بینـی جگەلـە هاوکارییەکانی پێشتر ئـەمجارەیان بەمەبەسـتیی رزگـارکردن و دەربـازکردنی فەرماندەی بریندار ئازادی سەگرمە بەوشـێوەی کـە بەرنامـەیان بـۆ دارِشـت بەهەموو شێوەیەك هاوکاریی تەواویان کـرد بـەئامادەکردنی پێویسـتییەکان لەشەودا بردنی بەرەو بەغـداد بـۆ چارەسـەرکردنی، ئەوکاتـەی کـە هێنایـان لەلایـەن شــەهیدی فەرمانــدە حەمــەرِەش و عوســمانی حــاجی مــەحمود و هەڤاڵەکانیتر و لەهەمانکاتدا رۆڵی سەرەکی رێکخستنە دێرین و سرکەکاندا کە ئەوانیش لەنێوان رێکخسـتنە نهێنییـەکان و سـرکەکاندا.. بـۆ مێـژووی بزووتنـەوەی رزگـاریی گـەلی کوردمـان رۆڵـی جوامێرانـە و بوێرانـەی کـاك حەمەرِەشید حاجی شەریف باریکەیی شارەزوور و بەدوایدا کاك حەمـەنوری گەرمیانی، کە حەڵقەیەکی پێوەنـدیی زۆر پتـەو و هاوکـاری بـوون لـەنێوان رێکخستنە سرکەکان و سەرکردایەتی ئەوکاتـە و پێشـمەرگە پارتیزانـەکانی نــاو ســنوورەکانی گــەرمیان و قــەرەداغ گەیانــدنی هــەموو هاوکــاریی و پێداویســـتییەکی خواردەمـــەنی و پزیشـــکی و شـــتیتر لـــەو کاتـــە ســـەخت و ناهـــەموارەدا..

ئەم هاوکارییانەی دەستە پارتیزانەکان لەرِێگای دەواجینەکەی کاکە حەمەی وەلی کەلاری و ئازایەتی مامە خەلیفە کەلاری و ئەبوعەلی (هاورِێ سـوپا) خەڵکی کفری کە زۆر رۆڵێکی سەرەکی بوو لە خزمەتکردن و هاوکاریکردنی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان بە گەیانـدنی خواردەمـەنی و کەلوپـەل و پێلاو بۆیان بەتایبەت لەشەودا کە لەوکاتەدا بەرِاستیی زۆر مەترسـیداربوو، چونکە دەبوایە بەناو رەبایەی عەسکەریدا برِۆشتایە و ئەو شوێنەش لەلایـەن

ڕژێمی بەعسەوە بە موحەڕەمە دیاریکرابوو، کە هەرکەسێك بگیرایە ڕاستەوخۆ گوللەباراندەکرا..

هاوڕێ سوپا قەمەرەیەکی لادای مۆدێل ٧٥ی هەبوو زۆر ئازایانە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا ڕۆڵی تەواوی بینی کە بەگشتیی ١٠٧ مەوعیدی ئەنجامدا لەگەڵیاندا و زۆرترین کاتەکانیان لای دار کونارەکە (دارێکە میوەیەك دەگرێت لە شێوەی گوێژدایە) بوو لەنێوان کفری و کنگربان کە شوێنی بەیەکگەیشتنیان بوو و لەکاتی تەداوی فەرماندە ئازاد سەگرمەدا توانی کۆمەڵێك داوودەرمان پەیدابکات بۆ ڕزگارکردن و گەیاندنی بۆ بەغداد توانی تەبەلەیەکی خەستەخانە بەناوی نەخۆشێك ئامادەبکات بە ئینگلیزی کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو بۆ دەربازکردنی لەگەڵ خەلیفە کەلاری و جەلال عەبدوڵلاّ لەڕێی ئاوەخوێڕییەوە کە لەلایەن هەردوو کادیری دیاری سرك حەمەڕەشیدی باریکە و حەمەنوری بەسێوە سەیارەی بۆ ئامادەکرا بە گەیاندنی بۆ بەغداد و هاوکاریی ئەو هاوڕێ بەتوانایانە کە ناویان نووسراوە دواییش گەڕانەوەی بە هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەلاّت لەبەغداوە بۆ قاسمەڕەش و بۆ ئێران.. فەرماندە ئازادی سەگرمە کاتێك بە فڕۆکەی ڕژێم لێیدرا لەلایەن ڕادیۆی شۆڕشەوە ڕاگەیەنرا کە فریای باوکی تارا بکەون، کاتێك کاك حەمەنوری ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند و بەدواداچوونیان کرد کە ئەوە کاك ئازادی سەگرمەیە و بەرنامەڕێژییان بۆ کرد بۆ چارەسەر و ڕزگارکردنی، چەند کەسانێکی زۆر بەهیممەت و دڵسۆزانی کورد و شۆڕش و پێشمەرگە لەوکاتەدا بۆ مێژوو جەلال عەبدوڵلاّ و عەلی شەهید محەمەد، هەر ئەم دەستە سرکە توانییان کاك ئازادی سەگرمە بە برینداریی

رزگاربکـەن مایـەی دڵخۆشـیی و ئومێـدێکی سـەرکەوتن بـوو بـۆ هێـزی پێشمەرگە و جەماوەری گەلی کورد زیندووکرایەوە.
ئەم داستانە تەنیا لە توانای ئەم رۆڵە بەهیممەت و تێکۆشەر و دڵسـۆزانەی کورد و فاڵبووی خـەبات و گیـانی شۆڕشـگێڕیی ئەوکاتـەدا بەدیـدەکرێت.. لێـرەدا گـەلی کـورد و کادیرەکـانی دڵیـان زیـاتر بـە پاشـەڕۆژی گـەل و شۆڕشەکەیان خۆشتربوو، ئاسۆی رووناکتر و سەرکەوتن تیابـەدیکرا.. لێـرەدا بەڕاستیی رۆڵی هەرە دڵسۆزی و توانای کەسانی وەکـو (سـاڵح حەمـەخان) دەربەنـدیخانی و براکـانی و بـە هاوکـاریی دکتـۆر خەسـرەو گوڵمحەممـەد لـە بەغداد بە پەیداکردنی دکتۆر بۆ چارەسەرکردنی و شـوێن بـۆ پەیـداکردنی و بەڕێکردنەوەیان و دوایش گەیاندنی بە سنووری ئێران و ناو هێزی پێشمەرگە و لەوێشەوە بەڕێکردنی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر و توانای ئـەو کـادیرە پڕ لە ورانە دەردەکەوێت بۆ مێـژوو و پێشـمەرگە و هاوکارەکـانی سـرك لـە سنووری گەرمیاندا و ئەو کەسانەی لەو رۆژگارە زۆر سەخت و ناهـەموارەدا توانییان هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکان بکەن خۆبەخشانە لەو هەردە چۆڵ و بێژیانە پڕ مەترسییەدا مێژوویەکیان بۆ خۆیان تۆمارکرد.
دوای ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتییەوە بە فۆرمێـك ئاگاداریانکردنـەوە هـەر ئەندامێکی رێکخسـتن چـی دەتوانێـت و ئامـادەی دەبێـت لـەو بوارانـەدا و لەئاســتێکی زۆر خۆڕاگرانــە و نهێنــی پــارێزدا، ئەوانــەی ئــەو بڕیــارە شۆڕشگێڕەیاندا دوای ئەوەی هەڤاڵ حەمەنوری بەسێ (مـراد) سەرپەرشـتیی گشتیی دەکرد، لە سنووری گەرمیانیشدا هەڤاڵ ئەبوعەلی (سوپا) بەرپرسی یەکەم و عەلی شەهید محەممـەد وەکـو فەرمانـدەی تیپ و مامۆسـتا جـەلال

ڕۆڵـی سـەرەکییان هـەبوو و لـە دەربەنـدیخانیش سـاڵح حەمـەخان جگەلـەو کەسانەی ناویان لەلیستەکەدا هاتووە ئەم هەڤاڵانەش مەیـدانیی لەگەڵیانـدا بوون: ئـەنوەر سـەمەد عەبـدولڕەحمان، مەجید قـادر عـەلی، تـەها ڕەشـید کاکەحەمە، ئەیوب عەبدولحەمید.. دوای ئیشکردن و چالاکییان هەندێ لەم هەڤاڵانە دەرکەوتن و لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمەوە کە ئەمانـە بـوون: عـەلی شەهید محەممەد، جومعە مەجید داوێ، فایەق تۆفیق، ئەحمەد عەلی عوسمان، لەناویاندا عەلی شەهید دەستگیرکرا، ئەوانیتر کە خۆیان شاردەوە هەریەکـە لـە جێگایـەك، دوای ماوەیـەك هـەڤاڵان: جومعـە و فایـەق پێوەنـدییان کردووەتەوە پێیانەوە و بە پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە گرێدراونەتەوە.

ئەم ناوانەیش زۆر مەردانە هاوکاریی سرك و پێشمەرگە پارتیزانـەکان بـوون هەریەك بەجۆرێك (ئەمانە لەڕێگەی دەواجنـەکانیان و کرێکـاریی تیایانـدا: حسێن سـۆفی، محەممـەد وەلی، حەسـەن وەلی، مـام حسێن، مـام زۆراب، عوسـمـان بـرای حوسـە ژێسـێ، حسێن سـۆفی، ئەحمـەد حەمـەی خـاڵێ.. ئەمانەیش شوان بوون یان لەڕێگای بەخێوکردنی ئاژەڵەوە: فـاروق حـەمکوڵ فارس، حەسەن حسێن سـەمکە، سـەرگوڵ عـەلی ئەحمـەد، نەجیبـە ئەحمـەد مـەحمود ئـەم دوو ژنـە زۆر مەردانـە هاوکـاریی ئامـادەکردنی خـواردن و پێویستییان بـوون.. ئەمانـەیش بـۆ کڕینـی پێویـستییەکانی پارتیزانـەکان: کەریم سەعید ئەحمەد، مـام خورشـید کـوێر، ئیـبراهیم سـەعید ئەحمـەد بـە ئۆتۆمبیلەکـەی، عـەزیز کـەریم ئەحمـەد بـە وەرگرتنـی زانیـاری و کـاری ئاسانکاریی بۆ گەیاندنی هاوکارییەکانیان.

# ٤

# من لە نووسینەکانی کاك رەفیق پشدەریدا

کاك رەفیق لە لاپەڕە ٥٠-٥١ی کتێبی (کورد، دوژمنی خۆت بناسە) چاپی یەکەم ١٩٩٩دا نووسیویەتی:

* بۆ ئەو مەرجە و جیبەجێکردنی دێیەکی سێ ماڵیی لەسەر رووباری سیروان بوو بە بارەگای من بۆ نامەنووسین لەبەغداوە کە دەهاتم دوو رۆژ دەمامەوە، لەوێ نامەکانم دەنووسی، هەرچەند ئۆتۆمبیلەکەی من هیچ بازگەیەك بۆی نەبووداوای پشکنینی بکات، هەروەها خۆشم لەهاتوچۆکردندا کەس بۆی نەبوو داوای پێناسەم لێبکات.

لەڕێگەی (حەمەی وەلی حەمەی کەرەم) لە بنکەی پێشمەرگایەتی بەمۆوە بە لاسلکی ئاگاداری مەکتەبی بارزانیم کرد کە لەم رۆژانە بەعس فڕۆکەکانی مێکی رووسی بە چەکی ناپاڵم بۆردومانی شارۆچکەی قەڵادزێ دەکات، تێردراو (بەیروت- مارتینس) رابەری لاسلکییەکە لە حەمەی وەلی دەپرسێکە یەکێك لە ناوبراوەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێ ئەمە یەکەمجارە جفرەی وام دێبێت و بیستبێت، پێمبڵێ ئەمەت لەکوێبوو؟ وەڵامیدەداتەوە دەڵێت: تاجرێکی کوردی فەیلی لە بەغداد نایناسم ئەم کاغەزەی دامێ تکای لێکردمکە لەڕێگەی بارەگایەکی پێشمەرگەوە رەوانەیبکەم و خۆشم لێرە پێشمەرگە بووم لە ساڵی ١٩٦١ حەزمکرد سەردانێکتانبکەم.

* یـەکێك لـەو بـرا دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەرانە کـە لەژیاندایـە شـایانی باسکردنە لەهەموو ڕوویەکەوە هەرچەندە خوێنەواریی نەبووە، بـەڵام کـەمی وا هەیە لەدونیادا بەمجرە بتوانێت لەسەر سـنگی کتێبێکـی ٥٠٠ لاپـەڕەیی لەبەربکات.

من زۆر خۆم بە قەرزاری ئەو دوو برایە دەزانم کـە هـیچ جۆرە دەسـەڵاتێکم نییە لەخزمەتیاندابم نە بە ماڵ و نە بە کردەوە.. لەهەمانکاتدا ئەوانەی کـە دەمنارد بۆ مەکتەبی بارزانی دەبێت ئەو خالاچنە بخەمە بەرچـاو کـە چـەند بایـەخ و گرنگییـان پێـداوە یەکسـەر حەمـەی وەلی گەیشـتووە لـە شـوێنی تایبـەتی دایاننــاوە بــەخێرهاتن و ڕێزیــان لێگرتــووە و بــەزووترینکات وەڵامیانداوەتەوە و هەندێجار دوای چەنددەقیقەیەك مەسعود بارزانی چـاوی پێیکـەوتوون، ئەمــە ئـەوە دەگەیـەنێ کـە قیـادەی شـۆڕش شـتی گرنگـی پشتگوێنەخستووە.

لە لاپەڕە ٦٠ی هەمان کتێبدا نووسراوە:

حەمەی وەلی حەمەی کەرەم- سەعدون غێدان:

لــەکاتی چـاوپێکەوتنی حەمــەی وەلی لەگـەڵ سـەعدون غێـدان بەنـدەش ئامادەبوو لە کۆبوونـەوەکان بـە سـیفەتی موتـەرجیم لەهەمانکاتـدا لـەلای حکومەت کە حەمە وەکیلی منە و کار بۆ بەعس دەکـات.. لەهەمانکاتـدا ئەم پیلانەیان دادەنا بۆ بەرژەوەندی شۆڕش بەئاگاداریی مەکتـەبی بـارزانی، مەسعود بارزانی.. تاکو بتوانین ماهییـەتی شـۆڕش لەهـەموو ڕوویەکـەوە و

راستییەکانی بزانین تاکو لەم ڕێگەیەوە جموجووڵ بکرێت بەعس لەگەڵ بارزانی گفتوگۆبکات.
کە قسەکانی حەمەی وەلیم بە عەرەبی بۆ باسکرد، تۆماریکرد، جۆری چەکەکانی بنکە و سەربازەکانی ئێرانی کە تۆپە گەورەکانیان بەکاردەهێنن دژی سوپای عێراقی و بۆردومانی پێدەکەن.
سەعدون غێدان کامیرایەکی دا بە حەمەی وەلی و وتی: ئەمجارە ڕەسمی بنکە و بازگەکانی ئێرانی پێبگرە و لەمەودوا ئەمە وادەکات کە بیر لە گفتوگۆ بکەینەوە لەگەڵ بارزانی.
کاتێك حەمە گەڕایەوە بە دووروودرێژیی بە نووسراو ئاراستەی مەکتەبی بارزانیم کرد، خستمە بەرچاویانو حەمەی وەلیش کامیرەکەی تەسلیم بە مەسعود بارزانی دەکات ئەویش لە قسەکردن لەبەرکردن گەلێك زۆرتر لە نامە درێژەکانی من لەسەر سنگی لەبەریکردبوو ئاگاداریدەکات.
مەسعو بارزانی رازینەبوو بەوەی کە بنکە و تۆپی سەربازەکانی ئێرانی پێبگرن، وتبووی: ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لەبەرانبەر ئێرانییەکان کارێکی ناشیرینە و جوان نییە، ڕەنگە بەعسییەکان رۆژێك سوود لەمە وەربگرن.
لەڕێگەی کاك حەمە نووسراوێمك ئاراستەی مەکتەبی بارزانی کرد بە دوورودرێژیی ئەوەی پێیهەستابووم خستمە بەرچاویان بۆ ئاگاداریکردن، ئینجا لەگەڵ دەنگوباسە نهێنییەکانی رۆژانە کە دەمزانی ناردم و گەیشتە شوێنی خۆی.. ناوبراو حەمەی وەلی دوای ٣ سێ ڕۆژ گەڕایەوە یەکسەر چوومە لای نووسراوێکیدیکەم ئاراستەکردن لەبەر گرنگیی بارودۆخی ئەو رۆژە بۆ مەکتەبی بارزانی.

من لەلایەن خۆمەوەچیم توانی چ بە نووسین و چ بە قسە رووبەڕوو خستمە بەرچاوی سەرکردەکانی بەعس، بەو ئامانجەی کە بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی..ئێستا گەیشتمە ئەو باوەڕە کە بە هیچ جۆرێکسەرکردەی بەعس لەبیروباوەڕیاندا نییە لەگەڵ بارزانی لە ژوورێك دانیشن بۆ جێبەجێکردنی بەیانەکە.

راستە گومانم نییە لە ١٠٠٪ لەنێوان سەدام و شا بەنهێنیی گفتوگۆکەیان بەردەوامە، کۆبوونەوەکەیان لەدەرەوە و ناوەوەیە، تکاموایە هەلومەرجەکە خەتەرناکە ئاگاداربن پیلانێکی گەورە هەیە.. بە چوار کاتژمێر چیمدەزانی خستمەسەر کاغەز و بەقسەش بەدووروودرێژیی نووسراوەکەم بۆ کاکە حەمە باسکرد دووجار خوێندمەوە کە ئەویش مەسعود بارزانی ئاگاداربکاتەوە.

کاکە حەمەش نووسراوەکەی تەسلیمکردبوو و بەدووروودرێژیی هەمووی باسکردبوو و گێڕابوویەوە و (لە ساڵی ١٩٩٢ ناوبراو خۆی ناساندبوو بە کاك مەسعود بارزانی لەدانیشتنێکدا ئەمەی بۆ گێڕابووەوە). لە گەڕانەوەی دەگاتە مەهاباد لە ئێزگە چاوپێکەوتنەکەی شای ئێران و سەدام تکریتی لە جەزائیر بلاۆدەبێتەوە.

لە لاپەڕە ٦٣ی هەمان کتێبدا نووسراوە:

حەمەی وەلی حەمەی کەرەم: مەوالیدی ١٩٣٢ کەلار، دێی ئەحمەدئاوا ناسراوە بە گازینۆکە، کاسبکار، ئازا، لە ساڵی ١٩٥٩ لێپرسراوی دووەمی پارتی بووە لە کەلار، لە ساڵی ١٩٦٢ پ.م بوو لە بەمۆ.. یانزە جار هاتوچۆیکردووە لە دێی ئەمەدئاوا، بە گازینۆکە ناسراوە لە کەلار، چوار

جار بە پێ لە دۆڵی شەهیدانەوە چووەتە بارەگای مەکتەبی بـارزانی، حەمـە دوو جاریان لەگەڵ شەفیق، حەوت جار بە ماشێن لە دێی ئەحمەدئاوا چووەتە ئێران بە سێ ڕۆژ گەیشتووەتە مەکتەبی بارزانی و بە سـێ ڕۆژ هاتووەتـەوە (نووسراوی تایبەتیی) بۆ هێناوم لە مەسعود بارزانییەوە.

هەموو جارێك لـە هاتوچـۆكردن و گەڕانـەوەی پرسـیارم لێكـردووە سـەعات چەند گەیشتن و سەعات چەند چاوتكەوت بـە مەسـعود بـارزانی.. حەمـەی وەلی وەڵامیدەدامـەوە کـە دەگەمـە ئـەوێ لەبـەر بەرژەوەنـدیی گشـتی لـە شوێنێکی تایبەتیم دادەنێن، ئینجا شـەوەکەی دوو بـەدوو لەگـەڵ مەسـعود بـارزانی بەدووررودرێـژیی گفتوگـۆم دەكـرد و نووسـراوەکەی دەخوێنـدەوە و پرسیاری لێدەكردم منیش وەڵامدەدایەوە.

جارێکیان حەمەی وەلی پێیدەڵێت: کاك مەسـعود ئاگـادارن کـە ٢٤ کـەس کوژرابـوون، لەوکاتـەدا عەبـدولوەهاب ئەترووشـی تێدەپـەڕێ راناوەسـتێت لەکاتێکدا دەزانێت ٢٤ پ. م لە هێزەکەی کوژراون، چۆن سـەرکردە دەبێـت ئەمە هەڵوێستیبێت خەڵك چسەدەکات بۆچـی ئەمـە نـاگۆڕن بـە (.......)، کاك مەسعود وەڵامیناداتەوە.

هەروەها لە لاپـەڕە ١٣١ی کتێبـی (کـورد، دوژمنـی خـۆت بناسـە) چـاپی یەکەم ١٩٩٩دا نووسراوە:

لە بارەگای شاخی بەمۆ بـووین کاتـژمێر ٩ی شـەو بەشـێکمان خـەوتبووین لەڕێگای ڕێکخراوی شارۆچکەی خانەقین ئاگاداریـانکردین کـە بەیانییەکـەی مووچەی ناحیەی مەیدان کە سەربە شارۆچکەی خانەقینە دێت.

کاك حیلمی ئاگاداریکردین بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتیی کاك حەمەی وەلی حەمەی کەرەم کەوتینەڕێگا، کاتژمێر چواری بەیانی هاتینە ناوچەی ناوماچك زۆر بە ڕێکوپێکی بۆسەمان بۆ دانان خۆمان ماتکرد، یەکێك لە (پ. م)ەکان لە ماڵی پ. م کوێخا محەممەد نان و ئاوی هێنا، کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ سەیارەیەکی پۆلیس هات لەهەموو لایەکەوە دەستڕێژمان لێکردن، کەوتنە بۆسەکەوە چاریان نەمام تەسلیمبوون.. دەستکەوتمان رەشاشێکی برێن و دوو تفەنگی هۆڵەندی بوو، دوا بەدوای ئەو سەیارەیە سەیارەیەکی تەکسی هات ویستیان پارەکە بشارنەوە، بەڵام ناچارمانکردن کە خۆیان پارەکە تەسلیمبکەن، دوا بەدوای ئەوان پاسێك و سەیارەیەك هات ئەوانیشمان راوەستاند ٩ پۆلیس بەدیلگیران.. بەدوورودرێژیی رەوتی شۆڕشم بۆ روونکردنەوە، ئینجا هێنامن بۆ گۆڕی شەهیدانی کورد و کوردستان هیتافمان پێکێشان (بژی پ. د. ك بە سەرۆکایەتی بارزانی)، دیلەکان و گشت ئەو هاوولاتییانەی کە دەچوونەوە بۆ گوندەکانیان بەڕێزەوە بەڕێمانکردن داوای لێبوردنمان لێکردن کە بەهۆی ئەم رووداوەوە دواکەوتن لە ئیشوکاریان، ئێمەش بۆئەوەی بەسەلامەتی بگەڕێینەوە بەڕێگادا نەگەڕاینەوە، بەڵکو گرد و گرد و شاخە و شاخ دەهاتین، کشاوەرزێك پاسەوانی خەرمانەکە بوو لەسەر جۆخینەکەی میلی دەمانچەی راکێشا بە دەنگێکی بەرز وتی: ئێوە کێن، لەوە زیاتر نەیەنە پێشێ؟ هەرچەندە هاوارمانکرد برا گیان ئێمە (پ. م)ین، بڕوای نەکرد، زۆر لە برایانی پ. م گرژبوون کە رووبەڕووی بوەستین، من رازی نەبووم وتم (من دکتۆر رەفیقم) دەستم بەروکردەوە و دەنکە شقارتەیەکم لێدا و چوومە بەردەمی، کە منی

دیت بەگەرمەوە پێشوازی لێکردین هەرچی لای بوو لە خواردن و لەبەردەمی ئێمەی دانا ئینجا خودا حافیزیمانکرد و رۆیشتین.. بەرەبەیان گەیشتینەوە، کیسەی پارەکەی بریتیبوو لە قوماشێکی خامی سپی کە لە بارەگای پ. م کردمانەوە میقداری دوو هەزار و پەنجا دیناری تێدابوو، هەر پ. م میقداری پێنج دیارییاندایە.

من بە پارەکە دوو گیسکم پێکڕی بە پێنج دینار بەخۆشیی خواردمان، حەفتەیەك سەرانسەر شەوان لەخۆشیدا دەستماندنکرد بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی من زۆر حەزم لە گۆرانی (هۆرە و قەتار ئەڵڵاوەیسی) کرد لەوێوە.



وەزارەتی دارایی و ئابوری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین

ناوی سیانی: محمد عبد علی محمد علی

ژمارەی خانەنشینی: ٧٤١٥

ناونیشان: دربندیخان

پیشەی پێش خانەنشین: ج٠د

بەڕیوەبەری گشتی خانەنشین



مام جەلال تاڵەبانی



مام و هاوڕێکانی



مام و هاوڕێکانی



مەلا مستەفای بارزان



مەسعود بارزانی



مامۆستا ( ئیبراهیم ئەحمەد )



عەبدولڕەحمان عارف



عەبدولکەریم قاسم



عەبدولسەلام عارف



ئەحمەد حەسەن بەکر



صەدام حسین و محەممەد رەزا شا



محەمەد رەزا شای ئێران و سەددام حسێن سەرۆکی عیراق و
هواری بۆمیدیەن سەرۆکی جەزائیر



بەیانی ( ١١ )ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠



شەهید (شاسوار جەلال سەعید) ناسراو بە ( شەهید ئارام )



شەهید ( عەلی عەسکەری )



شەهید.. ملازم (جوامێر سایەمیر فەتحوڵڵا مەندەلاوی )



مەلا بەختیار



شەهید ( مەلا ئەحمەد ) و شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە



شەهید ( حاجی سیروان )



عەلی حەمدی



ملازم عەبدوڵڵا



شەهید سیروان تاڵەبانی



عەزیز قازی بارزانی



شەهید ( حەمە ڕەش )



شەهید سەید محەمەد



عەبدولڕەحمان زەلکەیی



وەسفیە بەنی وەیس



نوری ئەحمەد بەسی



عەزیز حەمەی خەنان   لالە حەمە سەنگەری   عەبدولڕەحمان زەلکەیی



حەمەی حیزب



فەرەیدون عەبدولقادر



حیلمی عەلی شەریف



حاجی حسەین حاجی محیٚدین



عەدنانی حەمەی مینا



عەبدولڕەحمان زەبیحی



شێخ ئەحمەد شاکەلی



سامان گەرمیانی



عوسمانی حاجی مەحمود



شێرزاد باوەنووری




ئیبراهیم سەمین



داود بەگی جاف



داود بەگی جاف لەگەڵ کوڕەکانی ( سالار و سەردار و سەربەست )



داود بەگی جاف لە پەرلەماندا



ئەحمەد بەگی بابان



عەلی حەسەن بەگ



سەردار بەگی جاف



عەلی سەلیم بەگ



وەسمان بەگ



مستەفا بەگ




حەمە بەگی جاف



حاجی ( محەمەد ڕۆستەم حەسەن )



رۆستەم ئاغای زەنگەنە



لاله فایەق حاجی محەمەد



محەمەد حاجی مەحمودی هارونی



حەمەی ئەحمەدی خاڵۆ



کوێخا فەریق مەدحەت



خوالێخۆشبوو (ئەحمەد رۆستەم ) سەرۆکی عەشیرەتی رۆغزائی



ئەحمەدی براحەمە



رەفیق پشدەری



حاجی عوسمان حەسەن خدر



سابیر سەڵتە زەرد



سابیر عەزیز فارس



زۆراب ئەحمەد سۆفی محەممەد



کەمال موفتی



محەمەد مەحمود خەلیفە



فەقێ محەممەد سەعاتچی



حاجی حه‌مه‌جان حاجی ته‌ها



( ئەحمەد هۆرێنی ) ناسراو بە ( ئەحەی حەبێ )



فەقێ عەلی عەبدولکەریم محەممەد جاف



حەمەی مەحمودی زەرد



مام ( حسەینی ئایش )



عوسمان حەمەی حاجی



مەلا عەولحامی



(خەلیل محەمەد مەلا مەحمود) ناسراو بە (خەلیل چیمەنتۆ)



حەسەن وەلی



حاجی وەلی حەمەعەلی کەرەم میرەویس محەمەد



حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی



دکتۆر حیلمی برین پێچ



کۆڕەوی خەڵکی کوردستان ساڵی ١٩٩١




پێشمەرگەکانی ئەیلول لەساڵانی ١٩٦١



ماموٚستا عەلی عەبدوڵڵا



ئازادی سەگرمە



شازاد سائب



عەزیز کاکە حەمە



حەمە رەشید باریکە




حەمەرەشید مەحمودخان وەسمان بەگ   ئەنوەر مائی   حەمەی وەلی




عەلی حەمەی رەسوڵ   عەلی حاجی موشیر   حەمەی وەلی   نەجمەدین فەقێ



محەمەد قادر ئەمین (حەمەی مینا ) ١٩٣٧- ١٩٨٤



محەمەد قادر ئەمین (حەمەی مینا ) ١٩٣٧- ١٩٨٤



حاجی برایمی شاتری



حاجی قادری شاتری



مستەفای حاجی قادری شاتری



محەممەد عەلی حەمۆمین



ئەسعەدی زەنگەکە



حەمەی وەلی 1964



حەمەی وەلی



حەمەی وەلی



حەمەی وەلی



حەمەی وەلی